زنجیرەی هەزارو دوو (2)

# زەردەخەنەی هیوا

ئەندازیار عوسمان

1434ك –2013ز

بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

★ ناوی پەڕاو : زەردەخەنەی هیوا
★ نووسەر : عوسمان محمد ڕەشید
★تایپ : هیوا
★ تیراژ : 2000 دانە
★ ژمارەی سپاردن : ( ) ساڵی
★ چاپی: یەکەم 2013

**پێشەکی**

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهان و درودو سەلامیش لەسەر گیانی پێشەوا و ڕابەرمان و یار و یاوەر و شوێنکەوتووان .

نامیلکەی ڕووسپییەکان و بالآنس تەواوبوون و کەوتنە بەر دیدەی خوێنەران , زۆر دڵخۆش بووم و زۆر سوپاسی خوا دەکەم کە سوودێکی زۆری لێ بینراوە , ئەوەی کە پێم گەیشتوەتەوە :

1- بەڕێزێك لەفەیسبووك پێی ڕاگەیاندم کەسەرتاپا ژیانی گۆڕدراوە بەو کتێبانە . سوپاس بۆخوا کە بەفەزڵ و کەرەمی خۆی ئەوانە بەرهەم هاتوون .

2- بەڕێزێك لەکەلار کە نوێژی نەکردووە نامیلکەی ڕووسپییەکانی دەست دەکەوێت , پاش خوێندنەوەی بەگریانەوە دەچێتە کتێبخانەیەکی کەلار و داوای کتێبی تری بەندە دەکات و لەسایەی خواوە زۆر سوودی لێ بینیبوون .

3- زۆر بەڕێزی تریش کەخوێندویانەتەوە فرمێسکی زۆریان ڕشتووە بەهۆی کاریگەری بابەتەکانەوە , دیارە فرمێسکیش لەترسی خوا , لەبەر خۆشەویستی خوا , لەپەشیمانی و گەڕانەوە بۆلای خوا , مایەی سەرفرازی یە و ئەو کەسە بەئاگری دۆزەخ ناسوتێت.

خۆشەویستێك وتی : دوای ئەمانە چیت بەدەستەوەیە ؟ وتم: جارێ نازانم خواکەریمە , بزانم خوا چی بەنسیب دەکات ...

لەڕاستیدا من حەزدەکەم بخوێنمەوە , خەریکە لەخۆشیا شاگەشکە دەبم کەشتێکی تازە فێر دەبم , لەبەر زەرورەت نەبێت حەزناکەم نووسین کاتم لێ بگرێت , هەرچەندە نووسینیش پێویستە تا ئەو هەموو زانیاریە بگاتە دەست ئەوانەی کەبەدوایا وێڵن و قەدری دەزانن .

ئەمجارەش بەحوکمی گەڕان و خوێندنەوەوە ڕێم لەم بابەتانە کەوت , کە ئەم بەشەیان ناوم نا (زەردەخەنەی هیوا) بەوهیوایەی کە هەردەم دڵتان پڕبێت لەهیوا و هەرگیز ناهومێدی ڕووتان تێنەکات چونکە {يَا بَنِيَّ اذْهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلاَ تَيْأَسُواْ مِن رَّوْحِ اللّهِ إِنَّهُ لاَ يَيْأَسُ مِن رَّوْحِ اللّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ }یوسف87

ئەی دوای ئەمە ؟ ئەگەر تەمەن بوار بدات و خوا یار بێت ئەمە دووەم نامیلکەیە لەزنجیرەی (هەزارودوو),کەیەکەمیان دیمەنەکانی قورئان بوو ، جانازانم ئەگەمە کوێ , ئاخۆ قەدەرمان چۆن دەبێ ... گرنگ ئەوەیە کاتێ نوێبوونەوەم نووسی وتم : پشت بەخوا تا هەزار و یەك بابەتی ئیمانی نەنووسم ناوەستم , خوای گەورە ئاسانی کردو بە سێ ساڵێك تەواو بوو , زنجیرەکەش دە بەشەو لەدوو بەرگدا کۆکراونەتەوە و ناوم نا هەزار و یەك ...

بۆ ئەم زنجیرەیەش تاهەزارو دوو بابەتی ئیمانی و دەعەوی ناوەستم , بەهیوای دوعای خێرتان , وا یەکەم بەشی تەواو بووە بەناوی (دیمەنەکانی قورئان ) وئەمەش دووەمەو ,سێیەمیش ناوم ناوە (فیداکارانی ئیسلام ) سابەڵکو ئەوانی تریش , بەدوایانا بێن.. ئەمەش هەمووی بۆئەوەیە بەڵکو بگەینە ئەوەی کەژیان و مردنمان بۆخوا بێت , هەروەك چۆن لەدەست پێکردنی نوێژەکانماندا دەڵێین (إن صلاتي ونسكي و محياي ومماتي لله رب العالمين)..

وا پاش چل ساڵ لەخوێندنەوە و نوسین و بانگەوازکردن لەهەموو کات زیاتر دڵنیام کە ئەم ئیسلامە دەوڵەمەندە , هەزار و چوارسەد ساڵە لەسەری ئەوترێت و لەسەری ئەنوسرێت و قوربانی بۆ ئەدرێت , ئەمڕۆ دنیا وەك گوندێکی بچوکی لێهاتووە , زۆر حەیفە کە وتاربێژێك یان بانگخوازێك پەکی بکەوێت و حەقی کارەکەی نەدات ..

جائێمەش وەك ئەو مامۆستا بەڕێزەی کە بۆ سوعبەت بە هاوسەرەکەی دەوت: هەستە جێی چوارت لێگرتووم و پەرداخێ ئاویش ناهێنی ؟! بەو بەڕێزانە دەڵێین : ئاخر ئێوە مینبەرەکەی رسول الله تان لێگرتووین و حەقی کارەکەشتان نادەن , بەیانیانی هەینی بەپەلەپەل  یان نا هەر وتارە چەند جار وتراوەکانی ساڵانی ڕابردوومان بۆ دووبارە دەکەنەوە ؟! لەخوابترسن، وتاربێژێکی بەڕێز دەناسم کە گەنج بووم لەهەشتاکاندا چ وتارێکی داوە و گوێم لێی بووە ئەمڕۆش هەرهەمان وەرەقەیە دەیخوێنێتەوە ، بەداخەوە ! نازانم چۆن هەفتەکە جێ بەخۆیان دەگرن , چۆن خۆیان لەو بەرپرسیارێتییە گەورەیە دەبوێرن , مەگەر ئەوانیش وەك شوانەکانی تر بەرپرسیار نین (کلکم راع و کلکم مسؤول عن رعیتە) .. بەتایبەت لەم ڕۆژگارەدا کە بەهەموو شێوازێك دژایەتی ئیسلام دەکرێت , لەڕێی سەدان کەناڵی ئاسمانی و سەدان و هەزاران کۆمەڵەی بەناو خێرخوازی و هتد..بەناوی دژایەتی تیرۆرەوە دژایەتی ئیسلام دەکرێت , جەنەڕاڵی ئەمریکی ویسلی کلارك دەڵێت : (هەرکەس وادەزانێت ئێمە چووینە سەر ئەفغانستان بۆتۆڵەی 11ی سێبتەمبەر , هەڵە حاڵی بووە و با هەڵەکەی ڕاست بکاتەوە , ئێمە هاتینە سەر ئەفغانستان بۆ مەسەلەیەك کەناوی ئیسلامە، ئێمە نامانەوێ ئیسلام پرۆژەیەکی ئازاد بێت و موسوڵمانان بڕیاربدەن کە کامەیە ئیسلام، ئەوە ئێمەین کەبڕیاریان بۆ ئەدەین ئیسلام کامەیە نەك خۆیان) بەواتایەکی تر ئەبێ دوای ئیسلامێکی ئەمریکی بکەوین , کەلەلایەن ئەوانەوە دیاری ئەکرێت...

**( 1 ) ژیان تاقیکردنەوەیە :**

هەرچەند لەژیان وردبینەوە دەبینین پڕە لە خۆشی و ناخۆشی وبەرزی و نزمی و ساغی و ناساغی ، ئەمانەش هەمووی تاقیکردنەوەن لەخواوە ،تا ئەم ئینسانە خاوەن نسیانە راستیەکانی بیرنەچێتەوەو هەمیشە لە ئامادەباشیدا بێت بۆ سەفەری قیامەت،( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ) آل عمران102 ئەی بڕواداران بەچاکی پارێزکاربن و بەموسڵمانەتی نەبێت نەمرن.

وتمان هەرچیمان تووش بێت تاقیکردنەوەیە ، تەنانەت سەرلەبەری ژیانیش بۆ خۆی تاقیکردنەوەیە (الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ )الملك2 ئەوەی کەگرنگە لە ژیاندا بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە ئەوەیە کە ئارامبگرین ، ئەگەر پاداشتی هەندێ کردەوە یەك بەدە یان یەك بەحەوت سەد بێت ئەوە پاداشتی ئارامگرتن بێسنوورە(قُلْ يَا عِبَادِ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا رَبَّكُمْ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ وَأَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةٌ إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ) الزمر10، واتە ئەی بەندە بڕوادارەکانم خۆتان لەسزای خوا بپارێزن، ئەوانەی چاکە بکەن لەم دنیایەدا پاداشتیان چاکەیە ، زەوی خواش

فراوانە و سەری دنیاتان لێنەیەتەوە یەك ، بەڕاستی ئەوانەی ئارامدەگرن پاداشتیان بێسنوورە.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە کە تێڕوانیمان بۆ ژیان و مردن و خۆشی و ناخۆشی بەجۆرێك بێت کە بزانین هەمووی تاقیکردنەوەیەو لە خواوەیە ، جا لەسەر خۆشی و دەستکەوتەکان سوپاسگوزاربین و لە خۆمان بایی نەبین ، وەلەسەر ناخۆشی وئەوانەش کەلە دەستمان دەچێت ئارامبگرین بەمەش لەهەردوو بارەکەدا پاداشتی گەورە وەردەگرین (عجبًا لأمرِ المؤمنِ . إن أمرَه كلَّه خيرٌ . وليس ذاك لأحدٍ إلا للمؤمنِ . إن أصابته سراءُ شكرَ . فكان خيرًا له . وإن أصابته ضراءُ صبر . فكان خيرًا له)مسلم

بۆئەوەی زیاتر لەمەتێبگەین نموونەیەك باس دەکەین :

دکتۆر ئیبراهیم الفقی کەسایەتیەکی ناسراوە لەدنیادا بەهۆی ئەوەی کە ڕاهێنەرێکی مەزن و پسپۆڕێکی گەورە بوو لەبواری گەشەی مرۆییدا ، چەندەها دەوراتی کردۆتەوەو بەهەزاران کەسی مەشق پێکردووەو چەند پەڕاوی نایابی نووسیوە کە بۆ چەند زمان وەرگێردراون وەك ( ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی و...هتد).

(ئەمەل)ی هاوسەری دەڵێت:کەویستمان بچین بۆ کەنەدا هەزار دۆلارمان پێبوو ، هەر لە فڕۆکەخانە دووکاتژمێری بۆ خۆم و خۆی کری ، وتم : باشە بۆچیمانە ئێمە پێویستی زۆرمان بە پارەیە ؟وتی : ژیانی جدیەت و هەوڵمان لێرەوە دەست پێدەکات ، سەرەتا لە کارگوزاری ئوتێلەوە دەستی پێکردو بووە بەڕێوەبەری ئوتێل و دواتریش بەهەوڵ وکۆششی زۆرو تەوفیقی خوا بووە کەسایەتیەکی ناسراوی جیهانی لەبواری گەشەی مرۆییدا.ڕەحمەتی زۆر حەزی لە شەهیدبوون دەکرد ، خوای گەورەش ئاواتەکەی هێنایە دی و بەسووتاندن لە شوقەکەیدا لە جومعەداگیانی سپارد.

ڕەحمەتی لە وتارێکدا باسی ئەزموونێکی خۆی دەکات و دەڵێت: تووشی سەریەشەیك بووم خەریك بوو لەتاو ئازار سەری خۆم بدەم بەداروبەردا ، سی و سێ ساڵ لە کەنەدا بووم ، چوومە لای پزیشك ، ئەویش بەبێ پشکنین لەکۆڵ خۆی کردمەوەو حەبی ئازاری بۆ نووسیم ، بەمەرجێ لەو ولأتە هەر پزیشکێ بێ پشکنینی تەواو دەنکێ حەب بۆکەسێ بنووسێت بڕوانامەکەی لێدەسێنرێتەوە ؟؟!).

چوومە لای پزیشکێکی ترو پشکنینی تەواوی بۆکردم و ئەشیعەی سیتی سکانی بۆگرتم ودەرکەوت کە جەڵتەی دەماخم تووش بووەو حاڵەتەکەم زۆر مەترسیدارە و بیست وچوار سەعاتیان بۆدانام، شەش ڕۆژ لە ژووری چاودێریدا مامەوەوزۆر بێاقەت بووم کە نە ئەبوایە لەشوێنی خۆم بجولێم.چونکە دەیانووت هەرچی بێتە ئێرەو وەك تۆ بێت یان بەمردوویی یان بە ئیفلیجی دەچێتە دەرەوە.

لە خەستەخانە کاتژمێر یانزەونیوی شەو منالێکی حەوت ساڵان هات بۆلام کە وەرەم لەسەریدا هەبوو ،کە بەوحاڵەوە بینیمی وتی : بێتاقەتی ؟

وتم : بڕۆ مەگەر ئەی من بۆ لێرەم ؟

وتی :پێویستە تۆ دیاری وەربگریت؟؟

وتم : دیاری چی ؟؟

وتی :دیاری خوایی ،ئەوەتا من تووشی شێرپەنجەی دەماخ بووم و سبەینێش نەشتەرگەریم بۆ دەکرێت و ڕێژەی سەرکەوتنی نەشتەرگەریەکەش لەسەدا یەکەو ، زۆر دڵخۆشیشم بەدیارییەکەی خوا.

ئەم قسانەی ئەو منالە نامەیەك بووخوا بۆی ناردم ، تەزوویەکی هێنا بەگیانما لە تەوقەسەرمەوە تابنی پێم ،هەرچەندە بۆ سبەینێ ئەو مرد ، بەڵام وانەیەکی گەورەی دا بەمن و بە هەزارانی وەك من ، بەخۆمدا چوومەوەو زۆر لە خوا پاڕامەوەو وتم : خوایە هەرچی موعجیزاتە لە تۆوەیەو چیت بوێت ئەتوانی بە (کن فیکون) بیکەیت ، داوای لوتف و بەزەیی تۆ دەکەم ،بەڕاستی پشتم بەخوا بەست و بەهیواوهیممەتێکی نوێوە سەیری نەخۆشیەکەمم کرد ،دوای تەنها دە خولەك وتم : ئەو ڕۆبەم بدەنێ ئەچم دەستنوێژ دەشۆم ، دکتۆر وتی : دەستنوێژی چی ؟ تۆ حاڵت خەتەرەو نابێ بجولێیی ئەگینا دەمریت ، وتم : ئەی بۆ تۆ نامریت ؟؟

دەستنوێژم شت و بەڕاستی ڕوومکردە خوا ،خوای گەورەش شیفای دام وئەو پەڵە خوێنەی لەسەرما بوو لە دوو سانتیمەترەوە بوو بە نیو سانتیمەتر . دواتر ئەم بەسەرهاتەم کرد بە کتێبێك و ناوم نا خۆشترین شەش ڕۆژ لە ژیانمدا .

ڕاستە ئێمە ئەچینە لای دکتۆرو دەرمان بۆ چارەسەر بەڵام نابێت بیرمان بچێت کە شیف لای خوایە(وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ) الشعراء80

برادەرێکم شێرپەنجەی مێشکی بوو پێیان وت : شەش مانگی تر دەمریت ، کەچی بیست و چوار ساڵ ژیاو بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەستدا .

بڕوادار دڵنیایە کەژیان و مردنی، ڕزق و ڕۆزی بەدەست خوایە بۆیە هەمیشە چاوی لە قاپی ڕەحمەتی خوایە وبەدڵنیایەوە ژیان ئەباتە سەرو سەربۆکەس شۆڕناکات (الَّذِينَ آمَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللّهِ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ )الرعد28، شافیعیش کە قوتابی قوتابخانەکەی ئیسلامە دەڵێت:

همتي همة الملوك — ونفسي ترى المذلة كفرا
أنا ان عشت فلن أعدم قوتا — أنا ان مت فلن أعدم قبرا

### ( 2 )قەزاو قەدەر

بڕوادار بڕوای هەیە بە قەزاوقەدەر (خيره وشره)، نەخۆشی ئەگەر قەدەرێکی شەڕیش بێت ، ئەبێ دەستەوسان نەبێ لە بەرامبەری و هەوڵبدا بیگۆڕێت بەهۆی قەدەرێکی خێرەوە کەداوودەرمان وچارەسەرکردنە.

شێخ عبدالقادری گەیلانی دەڵێت :زۆر لەخەڵکی کە دەگەنە قەزاو قەدەر دەوەستن ، بەڵام من پەنجەرەیەکی بچووکم بۆ کرایەوە ولێیەوە سەیری مەسەلەکەم کرد (فنازعت أقدار الحق بالحق للحق ) واتە ڕووبەڕووی ئەقداری هەق بوومەوە بەهەق و لەبەر هەق .واتە هەرچیمان تووش دەبێت هەقەو لە خواوەیەو تاقیکردنەوەیە ، بەقەدەرێکی هەقی تر ڕووبەڕووی دەبینەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەین ئەمەش لەبەرئەو خوایە دەیکەین کە هەقە .

عومەری کوڕی خەتاب کەچوو بۆ شام و زانی تاعون بڵاوبۆتەوە ویستی بگەڕێتەوە پێیان وت: لەقەدەری خوا ڕادەکەیت ؟؟وتی : بەڵێ لەقەدەری

خوا رادەکەین و دەکەوینە ناو قەدەری خواوە ،ئەگەر کەسێك مەرو مالآتی پێبێت شوێنەکەی لـەوەری نەبێت ، ناچێت بۆ شوێنێکی تر لـەوەرِی لێبێت ؟؟هیچ دەلّیّ قەدەری خوایەو لە شوێنە بیّ لـەوەرەکەدا بمێنێتەوە؟؟ برادەرێکم بۆی گێرامەوە کەپووری ناوی سارەیە شووی کردبوو بەپیاوێك منالّی نەدەبوو ، کابرا هەژار بوو وردە وردە دەولـەمەند بوو ، کابرا ژنێکی تری هێناو منالّی نەبوو، دووەمی تەلآقداو ، وتی : ژنی تردێنم، پێیان وت: باشە فەحسێکی خۆت بکە کیّ دەلّیّ خەتاکە لە خۆتەوە نیە ؟ فەحسی نەکردو وتی :مەکینەیەکی بەرگدروونت بۆ دەکرِم خۆت بژێنە و ئەمیشی تەلآقدا ، سارە خان زۆر بێتاقەت بوو زۆر دەگریا ، دیارە خوا ستەم لـەکەس قبولّ ناکات ، پیاوەکە دووژنی تری هێناوهەر منالّی نەبوو ، لـەم لاشەوە سارە خان خەوی دی لـەجۆگەیەك دەپەرِیەوە حەزرەت (د.خ) دەستی گرت و گولّێکی جوانیشی دایە ، لـە خەوەکەدا بەخەلّکی دەوت : ئەها گولّـەکەی من چونکە حەزرەت(د.خ) داویمێتیّ لە گولّـەکانی ئێوە جوانتر وگەشترە ، بەقەدەری خوا شووی کردەوە بە پیاوێکی باش و ئێستا دوومنالّیشی هەیە ، بۆیە بەرِاستی ئەبیّ برِوادار بێهیوا نەبێت و هەمیشە لـەیادی بێت کە ئەم دنیایە بیّ خاوەن نیە .

### 3- لەگەلّ قەدەری خۆتا برِۆ :

هەولّی خۆت بدە و ئارامبگرە , شێخ عبدالقادری گەیلانی چاك لـەمە تێگەیشتبوو کەدەیوت : (ئەی غولآم لـەژێر پلوسکەی قەدەری خوادا بنوو سەرینی ئارامگرتن بخە ژێرسەرت ) .

ئەوەی بەشی تۆ بێت و خوا بتداتیّ کەس ناتوانیّ رِیّی لیّ بگریّ ،رِزق و ئەجەلی تۆ دیاری کراوە , بەرِێگەی حەلآلّ و بەجوانی داوای بەشی خۆت بکە ، حەزرەت (د.خ) (إن روح القدس نفث في روعي أنه لن تموت نفس حتى تستكمل رزقها و أجلها) .واتە : جوبرەئیل خستیە دلّمەوە کە هیچ کەسێك نامرێت تارزق و ئەجەلی تەواو نەکات.

ئەمەش چیرۆکێکی رِاستەقینەیە لـەم بوارەدا , دکتۆر عبدالحمید عویس کاتیّ زانکۆ تەواو دەکات , داوای ئافرەتێکی خزمیان دەکات کەهەر لـەمنالّیەوە دەیناسی و دلّی دەیخواست کە بیهێنیّ و زۆر گونجاو بوو , کەچی باوکی کچەکە رِێگر دەبێت و دەلّێت : ناوبراو هەژارە ! عبدالحلیم ناچار ژن دێنیّ و منالّی دەبیّ و پاش بیست سالّ ژنەکەی دەمرێت , ئافرەتەکەش لـەسەر داوای مالّـەوەی شوو دەکات بە دەولـەمەندێك و منالّی دەبێت و پاش هەمان ماوە مێردەکەی ئەمیش دەمرێت و دیارە ئەمەش قەدەرێکی سەیرە , ئنجا دکتۆر عبدالحلیم دەیخوازێت و پاش ئەو ماوە دووورودرێژە دەبنە هاوسەری یەکتری و دە سالّێك پێکەوە دەژین و لـەم سالآنەدا دکتۆر عبدالحلیم مامۆستای بەشی مێژووی زانکۆی ئەزهەر کۆچی دوایی ئەکات .

### 4-خوا دلّی ناشکێنێت :

خوشکی ئەنەسی کورِی نضر عەزیەتی خزمەتکارێکی دەدات ودانی دەشکێنیّ ، کەس وکارەکەی لای حەزرەت (د.خ) شکاتی لێدەکەن و حەزرەتیش (د.خ) دەفەرمویێت یادەبیّ رێکەون یان قصاصی لیّ دەسێنین، هەرچی خەریك دەبن رێناکەون ، ئەنەسیش زۆری پێناخۆش دەبێت

ودەڵێ : بەخوا هەرگیز شتی وانابێت ،دواتر دێن و عەفوی دەکەن ، حەزرەتیش(د.خ) دەفەرموێت : هی واهەیە سوێند بخوا لەسەر خوا بۆ شتێك خوا دڵی ناشکێنێ و بۆی دەکات ، ئەمەش دیارە دەرەجاتێکە هەموو کەس نایگاتێ .( لەئوحودا شەهید کرا).( بوخاری )

لە ئێران خاتوو مەلەك سیما کچی شێخ ڕەسولی خانەشور کە چوارکوڕی هەبوو لە کاتی شەڕی عێراق – ئێران دا سەربازبوون ، سەیردەکا مێردەکەی حاجی یوسفی تاوەگۆزی زۆر نارەحەت و خەمبارە بۆ کوڕەکانی و دەترسێت بکوژرێن ، ئەویش پێی دەڵێت : خەم مەخۆ هەتا من مابم مەرگیان نابینی ، هەرواش دەرچوو ، سبحان الله ساڵێك دوای مردنی ئنجا کوڕە گەورەکەی مرد و لەو جەنگەدا کەنزیکەی ملیۆنێك لەهەردوولا کوژرا کوڕەکانی سەلامەت بوون !!.

**5-ڕازی بوون بەقەدەری خوا :**

ئارسەر ئاش لەشەستەکاندا شەش جار یەکەم بوو لە پاڵەوانێتی تێنسی (ویمبلدۆن) , تووشی شێرپەنجە بوو , بەهەزاران کەس هاوسۆزیان بۆ دەنواند و پەیوەندییان پێوە دەکرد . یەکێك ڕۆژێك نامەیەکی بۆ دەنێرێ و تیایا دەڵێت : بۆچی تۆ لەناو ملیۆنەها کەسدا خوا تووشی ئەو نەخۆشیەی کردیت؟

ئەمیش وەڵامی ئەداتەوە و بۆی دەنوسێت : لەجیهاندا پەنجا ملیۆن کەس یاری تێنس دەکەن , یەك ملیۆنیان باش یاری دەکەن , ئەوانەش کە تەواو شارەزان دووسەد هەزارێك دەبن , تەنها پەنجا کەسیشیان لە پاڵەوانێتی (ویمبلدۆن) بەشدار دەبن و تەنها چوار کەسیشیان دەچنە قۆناغی کۆتاییەوە و تەنها یەك کەسیشیان پاڵەوانێتیەکە دەباتەوە , جا من کەشەش جار لەناو ئەو هەموو یاریزانەدا یەکەم بووم نەمپرسی لە خوا کە بۆ یەکەم بووم , ئێستا چۆن ڕووم دێت بە خوا بڵێم : بۆ تەنها من لەناو ملیۆنەها کەسدا تووشی ئەو نەخۆشیە بووم .

**6-ئاتاجی بەردەوامی مرۆڤ بەخوا :**

{ وَبَلَوْنَاهُمْ بِالْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ }الأعراف168

واتە ئادەمیزاد بەنیعمەت و بەبەڵاو موسیبەت تاقیدەکەینەوە بەڵکو پەند وەرگرن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا .

دکتۆر عبدالمحسن الاحمدکەپزیشکێکی سعودی بانگخوازە دەڵێت :

لەساڵانی پەنجاکاندا خێزانێکی عێراقی ناچار دەبن رووبکەنە ئەمریکا ،ئەم خێزانە کوڕێکی شەش ساڵیان دەبێت لەناو ئەمریکیەکاندا گەورە دەبێت و بڕوای بەهیچ نامێنێت و دەبێتە مولحید ، لە زۆر گۆڤارو ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بەرگری لە بێباوەڕی دەکات وزانکۆ تەواو دەکات و دەبێتە پزیشکێکی ناوداری ڕاوێژکاری دەروونی .

زۆر جار دەچووە کەنیسەکان و دەیویست پێیان بسەلمێنێ کە خوا وجودی نییە .باشە ئەگەر خوا هەیە چۆن ئەم هەموو ناخۆشی ونەخۆشی و نارەحەتیە لەدنیادا هەیەو بۆ دەهێڵێ کەسانێك لە برسا بمرن ؟؟

لە وڵاتی ئەبو زەبی وتارێك ئەدات و پاشان لەگەڵ زانکۆیەکدا خۆی و هاوسەرەکەی گرێبەست دەکەن و دەبنە مامۆستا . تووشی ئازارێکی ناوشانی دەبێت هەرچی دکتۆرو داوودەرمان هەیە تاقیدەکاتەوە چاك نابێت ، ڕۆژێك لە مەجلیسێکدا پیاوێکی بیابان نشین پێی دەڵێت تۆ

هەموو شتێکت تاقیکردۆتەوە سوودی نەبووە بۆ دوعاش تاقیناکەیتەوەو ئایەتەل کورسی بەسەر خۆتا بخوێنی ؟؟

ئەمیش دەڵێت : من بێبڕوام !

دەڵێ : باشە کەسێك بانگ دەکەین ئایەتەل کورسیت بەسەردا بخوێنێ .کابرایەکیان هێنا بۆ ئەو مەبەستە، هەر سەیری ناوچەوانی کرد وتی : من هەرچیت بەسەرا بخوێنم سوودی نییە ، ئەبێ خۆت بۆ خۆتی بخوێنی ، ناچار خۆی شت و شایەتمانی هێناو رۆژی واهەبوو سەدوهەشتا جار ئەو ئایەتەی بەسەر خۆیدا دەخوێند ، وردە وردە ئازاری نەما .

پاش 54 ساڵ تەمن ئنجا تێگەیشت کە ئازارو نەخۆشی و بەڵاو موسیبەت بۆتاقیکردنەوەو هۆشیارکردنەوەی مرۆڤە تا بگەڕێتەوە بۆ لای خوا.

7- **بڵێ (یارب)** :

عادەتەن ئەوی باوکی هەبێت هەست دەکات پشتی هەیە و خەمی زۆر شتی نی یە , باوکێکی دەوڵەمەند ئاڵتون و موجەوهەراتێکی زۆر دەکاتە سندوقێکەوە و سێ کوڕەکەی بانگ دەکات و دەڵێت : دەست بکەن بەسندوقەکەدا و هەریەکە و چەندی دەوێت دەری بهێنێت بەیەکجار , گەورەکە دەستی پیا دەکات , لەبەر ئەوەی دەستی گەورەیە بەشێکی باش بەدەستیەوە دێت , ئنجا ناوەنجی یەکە دەستی پیا دەکات , هەر باشە و شتێکی باش بەدەستیەوە دێت , بەڵام بچوکەکە ژێر دەبێت , هەست دەکات دەستەکانی ئەم بچوکن , ئەگەر دەستی پیا بکات هیچی وا بەدەستیەوە نایەت , بۆیە ئەچێتە باوەشی باوکیەوە و دەڵێت : تۆ منت خۆش دەوێت ؟ ئەویش دەڵێت : بەڵێ , دەڵێت : دەمن حەز دەکەم تۆ چیت پێ باشە ئەوەم بدەیتێ و تۆ خۆت وەکیلم بە ..

باوکەکەش : دەڵێ کوڕینە ئێوە هەریەکە و بەشی خۆتان برد , من دەمەوێ ئەوەی ماوە بۆ برا بچوکەکەتان بێت ...

(ولله المثل الأعلى) بەڕاستی مرۆڤ ئەگەر خوا بکات بەوەکیلی خۆی تەنها خوای بەسە (الیس الله بکاف عبده)الزمر – تەنها خوا وەکیلی بێت هیچی تری ناوێت (وکفی بالله وکیلا) , مەگەر ئەو کەسە متمانەی نەبێت بەخوا و بڕوای دامەزراو نەبێت ..

دکتۆر عبد المحسن الاحمد دەڵێت : ئەگەر چل کەس پاسەوانم بن بەچەکی قورسەوە , ئیتر چۆن دەبێت بترسم لەیەکێك کەلەدوورەوە بەچەقۆیەکەوە هەڕەشەم لێبکات , ئەگەر ترسام مانای وایە یان هەست بەبونی ئەو پاسەوانانە ناکەم , یان متمانەم پێیان نی یە ! .

ئەوەی لەخوا بترسێت خوا دەرگاکانی بۆ دەکاتەوە و لەناڕەحەتیەکان ڕزگاری دەکات {وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجاً ،وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْراً }الطلاق3 خۆشت نازانی چۆن و لەکوێوە بۆت دەنێرێت و فریات دەکەوێت ..

دەڵێن : پاشایەك خۆی دەگۆڕێ و بازاڕ بەسەردەکاتەوە , لەبەر دوکانی تابلۆ فرۆشێکدا دەوەستێ و سەوای تابلۆیەك دەکات لەسەری نوسراوە (اتق الله) , کابرای خاوەن دوکان داوای نرخێکی زۆر دەکات , چی

هەوڵ دەدات لەگەڵیا کەمی ناکاتەوە , ئەڵێ : باشە خۆ تابلۆی زۆر گەورەتر و جوانترت لایە و هەرزانترە !؟

ئەڵێ : ئاخر قوربان دوایی بۆت دەردەکەوێ کە ئەو تابلۆیە سوودی هەیە بۆ دنیا و قیامەتیش ..

تابلۆکەی لێ دەکڕێ و لەکۆشکەکەی هەڵی دەواسێت , ڕۆژێك سەرتاشەکەی کە سەری بۆ چاك دەکات دەیەوێت زەفەری پێ بەرێت و بیکوژێت بەهۆی ئەوەی کە لەگەڵ دوژمنێکی پاشادا ڕێك کەوتبوو ئەو کارە بکەن , بەڵام هەرچی سەیری تابلۆکە ئەکات دەستی ئەلەرزێ و جورئەت ناکات , سەرەنجام مقەستەکەی فڕێ ئەدات و دان ئەنێ بەڕاستیدا و داوای لێبوردن ئەکات لەپاشا , ئنجا پاشا قسەی خاوەن دوکانەکەی بیردەکەوێتەوە کە ئەو تابلۆیە چەند بەنرخە .

**8- ئەحمەد قەندیل :**

عەمرخالید دەڵێت : هاوەڵێکی خۆشەویستم هەبوو بەناوی ئەحمەد قەندیل , یەك پارچە دڵسۆزی و چاکە و خواناسی بوو , تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو , چوار مانگ پێش ئەوەی بمرێت پەیوەندی پێوە کردم وتی: دەمەوێت حەج بکەم , وتم : حەج ئاسان نیە و ئێمەومانان ماندوو دەبین جاوەرە تۆ , حاڵی باش نەبوو نەمدەزانی چی پێ بڵێم .

دووهەفتە پێش حەج وتی : بەتەنها دێم بۆ حەج و فیزەیان داوە لەپەساپۆرتەکەم .

منیش وتم : باشە بەیەکەوە حەج دەکەین , زۆر خەمم بوو کەچی خوا ئاسانی کردو ئاسانترین حەجمان ئەنجامدا . تەوافی ئیفاضە مان مابوو زۆر قەرەباڵغ بوو وتم: بابگەڕێینەوە کاتێکی تر چۆڵ بێت فرسەت دێنین , کەچی ئەو بەجیا فرسەتی هێنابوو بەو حاڵەیەوە تەوافی ئیفازەکەی کرد , زۆرم پێخۆش بوو کە حەجەکەی تەواو کرد , هەفتەیەکی نەخایاند چووە حاڵەتی بێئاگایی و غەیبوبەوە , بەوحاڵەوە سێ مانگ مایەوە و وەفاتی کرد , دوای حەجەکەی کە پاك بوەوە خوا ویستی وابوو تێکەڵ بەدنیا نەبێتەوە و بەو پاکیە بیباتەوە . ئێمە هەموومان یەکی مردنێك قەرزارین و نازانین کەیە و لەبیر خۆمانی دەبەینەوە , کەچی ئەو چونکە دەیزانی نەخۆشە و ڕۆژ بەڕۆژیش خراپتر دەبێت , خۆی باشتر ئامادەکرد بۆ گەڕانەوە بەرەوە بارەگای خوا .

برادەرێکمان پێی وتبو : هەموو دەمرین بەڵام تۆزیاتر هەستی پێدەکەیت و دەزانیت کەژیان فرسەتە , ئەمەش بوو وای لێکرد کە هەوڵی حەج بدات وەك دوا فرسەتی ژیان بۆ پاکبوونەوە ، خواش بەڕەحمی خۆی کردی بەنسیبی . خوای گەورە سەبووری ماڵ و منداڵ و کەسوکاری بدات و لەژێر سایەی ڕەحمەتی خۆیدا حەشرمان بکات .

9- یارب لك الحمد کما ینبغي لجلال وجهك وعظیم سلطانك:

دەم بەزەردەخەنەبە :

–کاتێ لەگەڵ خێزانەکەتدا دەبیت ،چونکە خەڵکانێکی زۆر هەن ئاوات بەبوونی خێزان دەخوازن .

–کاتێ دەچی بۆ سەرکارەکەت ، چونکە کەسانێکی زۆرهەن بێکارن .

–کە تەندروستیت ، چونکە کەسانێکی زۆرهەن نەخۆشن و ئاواتی لەش ساغی دەخوازن .

-كە تۆ زیندوویت ،مردووەکان ئاوات بەژیان دەخوازن وئاتاجیان بەکارێکی چاکە .
-کەخوایەکت هەیەودەیپەرستی ،هی واهەیە مانگا و داروبەرد دەپەرستیّ.
-کەتۆ تۆیت ،زۆری واهەیە حەزدەکا وەك تۆ بێت .
-دڵنیابە کە خوا بەرگری لە بڕوادارەکات {إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ }الحج38

ناحەزانی ئیسلام دەیانویست کەسایەتی شێخ متولی شەعراوی لەکەدار بکەن ،بۆ ئەمە ژنی سەفیرێکیان راسپارد کەسەردانی ناوبراو بکات لە ماڵەوە بەناوی پرسیاری شەرعیەوەو بەدواشیا ئافرەتێکی هونەرمەند خۆی بکا بەژووورداو بیکەن بە قریشك و هوڕو هاوار گوایە شێخ پەلاماری داون .

ئەو رۆژەی ژنی سەفیر دێت بۆ جێبەجێ کردنی پیلانەکە بەقەدەری خوا لەسەر قادرمەی ماڵەکەیان دەکەوێتە خوارەوەوشانزە رۆژ لەخەستەخانە بۆی دەکەوێت و جواب بۆ شێخ دەنێرێت گەردنی ئازاد بکات ، ئافرەتە هونەرمەندەکەش تەوبە دەکات و واز لەهونەریش دێنێ .بەم جۆرە پیلانەکەیان سەری نەگرت و خوا بەفەزڵی خۆی شێخ متولی شەعراوی پاراست .

(ئەمە لەبەرنامەیەکی کەناڵی ئۆ تووی میسریدا باسکرا لەم دواییەدا) .

10-**قیبلە لە کوێوەیە**:

بانگخوازی سعودی فەیسەڵ (المعطائي) دەڵێت:پیاوێکی تەمەن سی ساڵ لە ڕییازەوە دێت بۆ مەککە عومرەدەکات و پاشان کە دەچێت بەرەو مەدینە بۆ زیارەتی سەردارو سەروەرمان پاسەکەیان وەردەگەڕێ و دەسوتێ بەهەرحاڵێ بێت پۆلیسی فریاکەوتن دەچن بە هانایانەوە ،کە ئەم پیاوە دەردێنن بەشپرزەییەوە دەڵێت قیبلە لە کوێوەیە ،ئەوانیش دەیانەوێت هێمنی بکەنەوە ،ئەو هەردەڵێ :قیبلە لەکوێوەیە؟

وتیان:قیبلە لەپێشتەوەیە ئەویش یەکسەر ڕووەو قیبلە چووە سوجدەو هەڵنەسایەوە وەفاتی کرد ،سبحان اللە لەو مردنە لە سوجدەدا!

11-**پیاچوونەوەی حساباتی ساڵ** :

هەروەك چۆن کۆمپانیایەك بەحساباتی ساڵانەیدا ئەچێتەوە ئاوەهاش مرۆڤ کەئاوڕ لەڕابردووی بداتەوە بە خۆشی و ناخۆشیەکانیەوە و بەحساباتیا بچێتەوە زۆر دەرسی لێوەردەگرێت , بەڵام لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگۆڕدرێت و دەوەستێتە سەر جۆری سەیرکردنی ئەو کەسە بۆ ژیان .
کابرایەك دائەنیشێ بیر لەساڵی 2012 دەکاتەوە و بۆخۆی دەنوسێت :
یەکەم /نەشتەرگەری زراوم کرد و هەفتەیە بۆی کەوتم .
دووەم /باوکم کۆچی دوایی کرد لەم ساڵەدا .
سێ یەم/تەمەنم بووەتە شەست ساڵ و خانەنشین بووم .
چوارەم/کوڕەکەم لەزانکۆ کەوتووە بەهۆی ڕووداوی ئۆتومبێلەوە.
لەم گۆشە نیگایەوە ساڵەکە بەلایەوە شوم و نەگبەتی بوو .
ژنەکەی پێی وت : دەکرێ بەجۆرێکی تر سەیری ڕووەکەی تری مەسەلەکان بکەیت .
یەکەم / چاکبویتەوە لەئازاری زراو کەچەند ساڵە ئازارت ئەدات .

دووەم / گەیشتویتە تەمەنی شەست ساڵی و ئیتر دەست بەتاڵ دەبی بۆ خوێندنەوە و نوسین و لەبەزم و بازاڕی دەوام کردن ڕزگارت بووە .
سێ یەم / سوپاس بۆخوا باوکت هەشتا و پێنج ساڵ ژیا و مردنێکی پاك و پوخت مرد و نەبووە ئەزیەت بۆکەس .
چوارەم / سوپاس بۆ خوا کوڕەکەمان لەڕووداوی ئوتومبێلدا ڕزگاری بووە لەمردن و خوێندنەکەشی هەر تەواو دەکات ..
دەی کەواتە بەم جۆرە سەیرکردنە ڕەش بینیەکە ئەبێتە گەشبینی و هەردەم مرۆڤ لە سوپاسگوزاریدا دەبێ (الحمد لله علی کل حال سوی الکفر والضلال ).
پەرداخێك کە نیوەی ئاوە گەشبین دەڵێت : نیوەی پەرداخەکە ئاوی تیایە و ڕەش بینیش دەڵێت : نیوەی پەرداخەکە بەتاڵە و هەرکەس لەچاوی خۆی و بۆچونی خۆیەوە سەیر دەکات .
ئێمە گلەیی لەوە ئەکەین کەلە ژێر گوڵدا دڕك هەیە ئەی بۆ شوکری خوا نەکەین کە لەسەر دڕکەوە گوڵی دروستکردووە .
ئەو گەڵایەی لەدرەختێك ناکەوێتە خوارەوە لە پایزدا
بەلای گەڵاکانی ترەوە خائینە !
بەلای درەختەکەوە بەوەفایە !
بەلای وەرزەوە هەڵگەڕاوە و متمردە !
هەریەکە و لە گۆشە نیگای خۆیەوە سەیردەکات .
.
.

## 12-گەوهەرێکی بەنرخ :

ئیمان سەرچاوەی خێر و خۆشیە , ژیان فرسەتە کەلە خێردا سەرف بکرێت و مرۆڤ هەوڵ بدات نەبێتە بەندەی هەوا و ئارەزووی و ئامانجیشی لەژیاندا خواردن و خەو نەبێت .
دەڵێن ڕاوچیەکی ماسی گەوهەرێکی بەنرخی دەست دەکەوێت , پیشانی ئاغای دێیەکەیانی ئەدات , دەڵێ : ئەوە گەوهەرێکی بەنرخە و بەهەموو کەس ناکڕدرێ , وا چاکە بیبەیت بۆ پاشا . ئەمیش ئەچێ بۆلای پاشا و پیشانی ئەدات , ئەویش پێی ئەڵێت : گەوهەرەکەت زۆر بەنرخە و هەرچیت بوێت ئێمە بۆتی ئەکەین لەبەرامبەریدا , فەرموو ئەوە دەرگای خەزنە کراوەیە بۆت و شەش سەعات مۆڵەتیشت هەیە چیت دەوێت بەئارەزووی خۆت دەری بهێنە .
ڕاوچیەکە شەش سەعات بەزۆر دەزانێت و ئەڵێ : تەنها پێنج خولەکم بەسە و ئەوەی ئەیهێنمە دەرەوە بەشی خۆم و حەوت پشتم دەکات , کاتێ دەیبەنە خەزنەکەوە , سەیر دەکات پارە و ئاڵتون و شتی بەقیمەتی شاهانەی لێ یە و خواردن و خواردنەوەی هەمەجۆریش دانراوە و لەولاشەوە جێگایەکی نوستنی دەرەجەیەك هەیە , لەدڵی خۆیدا دەڵێ : کاتەکە زۆرە و پەلەم چی یە , باخۆم تێرکەم جارێکی تر خواردنی وام دەست ناکەوێت , دەست ئەکات بەخواردن و خواردنەوە , ئنجا ئەڵێ : باسەرخەوێکیش لەم جێگا نایابەدا بشکێنم کەهەستام چیم بوێت لەگەڵ خۆم دەیبەمە دەرەوە .

کاتێ خەبەری دەبێتەوە پاسەوانەکان پێی دەڵێن :کاتت تەواو بوو , فەرموو وەرە دەرەوە , چی پەلەقاژێ دەکات کە تەنها یەك دوو خولەك مۆڵەتی بدەنێ تا دەست بداتە شتێکی نایاب و بیهێنێتە دەرێ بەهیچ جۆرێك مۆڵەتی نادەن , بەو جۆرە لەسایەی خواردن و خەوەوە گەوهەرە بەنرخەکەشی لەکیس چوو , وەبەدەستی بەتاڵیش هاتەدەرەوە .

بەڕاستی مرۆڤ گەوهەرێکی بەنرخی پێیە کەڕۆحیەتی و قەدری ئەوەش لای خوایە ولێی وەردەگرێتەوە بەرامبەر بەبەهەشتی نەبڕاوە , بەڵام هی وا هەیە خەو خۆراك و ڕابواردنی دنیا سەرقاڵی دەکات و کاتێ ئەجەلی دێت یەك هەناسە مۆڵەتی نادەن .

13- **کاتەکانت بگوشە و بەفیڕۆی مەدە** :

سورەتی (العصر) گەورەترین پەندی لێوەردەگیرێت , بۆچی خوا سوێند بە عەسر دەخوات , بۆئەوەی لەگرنگی یەکەی تێبگەین , ئەگەر کات و زەمان بێت یان عەسر بێت , ناوەکەی لە گوشینەوە هاتووە , تەنانەت هەور بە (معصرات)دائەنێ کە بارانی لێ دەچۆڕێ , (وأنزلنا من المعصرات ماء ثجاجا)النبأ , کەواتە تەمەن وەك کاتی عەسر و دەمەو ئێوارەیە فریاکەوە , بیگوشە و بەفیڕۆی مەدە , چونکە هاکا خۆر ئاوابوو , جارێکی تر ئەو ڕۆژەت کە سوودی تەواوت لێ وەرنەگرت ناگەڕێتەوە .

عەمر خالید دەڵێت : لەتەمەنی بیستساڵیدا چووم بۆ بەریتانیا بۆ خوێندن و ساڵێك مامەوەورۆژی یەك سەعات ئەمسەرو یەك سەعات ئەوسەر لە میترۆی ژێرزەویدا ئەبووم بۆ هاتوچۆکەم ، سەرەتا بێزاربووم دوایی بڕیارم دا لەو دووسەعاتەی ئەمسەرو ئەوسەردا قورئان بخوێنم ، کاتەکەم لێدەڕۆیشت و خێریشم دەستکەوت و سوورەتی نیسائیشم لەبەرکرد ، کە هاتیشمەوە میسر بەهەمان شێوە بەگوێگرتنی ناوسەیارەی ڕۆژانە توانیم قورئانێکی باش لەبەر بکەم کە لەسایەی خواوە تەنها لەو هاتوچوونانەدا بیست جزم قورئانم لەبەرکرد .

ژیان فرسەتە ودەتوانرێت زۆرترین سوودی لێببینرێت .دەڵێن ژیان وەك کتێبێکە کەیەك جار چاپ دەکرێت و چاپی دووەمی نییە !

14-**باچاکتر بین :**

لەئەڵمانیا کوڕێك کەتەمەنی 12 ساڵە و لەهاویندا باخچەیماڵان چاك دەکات تاشتێکی دەست بکەوێت و زیاتر لەژیاندا قاڵ بێت , هەروەها دەرەجەشی لەسەرە بۆ قوتابخانەکەی , چونکە لەوێ قوتابیان هان ئەدەن لەسەر کارکردن بەتایبەت کەلەپۆلی 12 دەرئەچن ئەبێ ساڵێك لەکارێکی سوودی گشتیدا کاربکەن ئنجا ئەچنە زانکۆ .

ڕۆژێك ئەم لاوە لەتەلەفونی دووکانێکەوە لەگەڵ ژنێك تەلەفونی کرد , وتی : ڕێم ئەدەی بێم باخەکەت بۆ چاك بکەم ؟ وتی : زۆر سوپاس باخەوانی خۆم هەیە ئەو کارەم بۆ ئەکات.

وتی : باشە چەند ئەدەی بەو من بە نیوە قیمەت بۆت ئەکەم , وتی : سوپاس هەر بەوی دەکەم و لێی ڕازیم .

وتی : باشە باخەکەی ناوەوە بدە بەو ئەوەی دەرەوەش بدە بەمن بایەکی نیوەی پارەکەمان دەست بکەوێت .

وتی : باخەوانەکەم هەردووکیم بۆدەکات و زۆر لێی ڕازیم .

کوڕە زۆر دڵخۆش بوو ! خاوەن دوکانەکە وتی : کوڕم لەوەدەچێ ئیشت نەبێ بۆ نایەی لای من ئیش بکەیت ؟

وتی : سوپاست دەکەم ئیشم هەیە .

وتی : ئەی کە ئیشت هەیە ئەو تەلەفونەت بۆ کرد ؟

وتی : ئاخر من لەو ماڵە ئیش دەکەم وتم : بزانم تا چەند لێم ڕازیە و کارەکە نادات بەکەسی تر جا ئەگەر بزانم کارەکەم باش نیە و لێم ناڕازی یە تا خۆم چاکتر بکەم .

15-**چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوكدا** :

نموونەی یەکەم:دکتۆر مەجد خەڵکی عێراقە و لەوڵاتی ئیمارات دەژی, لەدوای تەواوکردنی کولێژی پزیشکی عیادەیەکی پزیشکی ددان دەکاتەوە , کەچی سبحان الله چەند مانگ کەس سەردانی عیادەکەی ناکا و هەرچی پێدەبێت دەیدات بەکرێ و حەقی ئەوانەی لەگەڵێدا کاردەکەن , ئینجا چەند مانگێك پارەی کرێی لەسەر کۆدەبێتەوە کەبرەکەی هەژدە هەزار درهەم بوو , خاوەن بیناکە شکاتی لێدەکات .

پێش ئەوەی بچێت بۆ دادگا قسە لەگەڵ ماڵی باوکی دەکات لەعێراق و ئەحواڵیان ئەپرسێت , باوکیشی باسی وەزعی ناخۆشی خۆیانی بۆدەکات کە کاتی ئابلۆقەکەی سەر عێراق بوو , ئەمیش تەنها دوو هەزار درهەمی بەدەستەوە دەبێت و لەبەر خوا دەینێرێت بۆ ماڵی باوکی .

سبحان الله بەیانی کەدەیەوێت بچێت بۆ دادگا بەدەم شکاتەکەوە , بەڕێوەبەری عیادەکە تەلەفۆنی بۆدەکات و دەڵێت : دکتۆر خێرا وەرە خەڵکێکی زۆر هاتوون , کەدەگەڕێتەوە تومەز شێخێکی ئیمارات خۆی و ماڵ و منالی هاتوون بۆ دان چاکردن , بەچەند سەعاتێك دانیان بۆ چاك دەکەن و کاتێ حسابیان بۆدەکات بیست و دوو هەزار درهەم حەق دەست وەردەگرێت , هەژدە هەزاری ئەدات بەکرێی بیناکە و چوار هەزاریشی بۆ دەمێنێتەوە , لەمەوە دەرگای رزق و ڕۆزی لەسەر دەکرێتەوە , ئێستا باشترین دکتۆری دان ڕاستکردنەوەیە لەئیمارات و لەکەناڵە خەلیجییەکانەوە بەردەوام دەردەکەوێت و لەکەناڵێکیشیان بەردەوام بەرنامەیەکی پزیشکی هەیە .

ئەمەش بەرەکەتی چاکەکردنە لەگەڵ دایك و باوکدا ،دیارە هیچ چاکەیەك ئەگەر بەهێندەی دەنکە خەرتەلەیەکیش بێت لای خوا بەزایە ناچێـت.

نموونەی دووەم :د. محمد العريفي دەڵێت : حەزرەت (ص) دەفەرموێت : (من أحب أن يبسط له في رزقه و ينسأ له في أثره فليصل رحمه) یەکێ لە قوتابیەکانم دوای ئەوەی کۆلێژی تەواوکرد دامەزرا و شتێ پارەی کەمی هەبوو , پرسیاری لێکردم چۆن ئیشێکی پێوە بکات سابەڵکو شتێ پارە پێکەوە بنێ بۆ خۆی و دایکی و خوشکەکەی , منیش دەمووت : من هیچی وا لەبازرگانی نازانم .

جارێك هەواڵی دامێ کە لەشوێنێکدا لای باڵەخانەیەکەوە لەگەڵ ساحێبەکەیدا ڕێکەوتووە کە کوشکێك دروست بکات لەسەر حیسابی خۆی و دوای بیست ساڵ بیداتەوە بەخاوەنەکەی , نزیکەی 12000 ریاڵێکی خەرج کرد , خوا وەکالەتی کۆمپانیایەکی عەتری گەورەی بۆ نارد لەبەرئەوەی شوێنەکە باش بوو لێیان کڕی بە 850000 ریاڵ ,

خانوی پێ کڕی , سەیارەی پێ کڕی , ژنی پێهێنا , خوا دەرگای ڕزق و ڕۆزی لێکردەوە , ئەزانن بۆ ؟ چونکە لەگەڵ دایك و خوشکەکەیدا باش بوو کە ئەوەش تەسدیقی فەرمودەکەی حەزرەتە (د.خ) .

16- **دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی :**

عەمر خالید دەڵێت :من بەم تەمەنەشمەوە پێویستم بەسۆزو خۆشەویستییە، زۆرجار کەسێك تەنها سۆز و خۆشەویستی بۆدەربڕیت سەدو هەشتا پلە حاڵی دەگۆڕڕێت .

ئافرەتێك لە بەریتانیا گیری خواردبوو بەدەست کوڕە گەورەکەیەوە کەسەری کردبووە تلیاك کێشان ، بەتەمابوو لەماڵەوە دەری بکات نەك سەر لەدوو براکەی تریشی بشێوێنێت .

پیاوباشێك ئامۆژگاری کرد کەکاری وانەکات و لەجیاتی ئەوە خۆشەویستی بۆ دەربڕێت , بەهەر حاڵ کەدەڕواتەوە زۆر لەخۆی دەکات و پێی دەڵێت : کوڕم هەرچی بیت من تۆم خۆش ئەوێت چونکە تۆ جەرگی منیت , ئەم وشانە زۆر کاردەکاتە سەر کوڕەکەی و باوەش دەکات بەدایکیا و زۆر دەگرین بەسەر یەکدا , لەمەوە بڕیار دەدات واز لەوکارە بەدە بهێنێت و ڕێگای چارەسەر کردن بگرێتە بەر.

17- **شمشێری ڕەوشت :**

برادەرێك کارگوزارێکی هندۆسیان لادەبێت , ڕۆژێ پێی دەڵێت : تۆ نوێژ ناکەیت ؟ ئەویش دەڵێت : نەخێر من هندۆسیم و شتی وا لای ئێمە نیە , برادەرەکەش موجامەلەی دەکات ڕۆژانە کەدەیبینێ شوشەیە بۆنی بچوکی پێ دەبێت تۆزێ بۆنی لێ دەدات .

ئەویش دوای چەند ڕۆژێك دەڵێت : خەڵکی هەموو بەسووك سەیری من دەکەن , بۆچی تۆ وا گرنگی بەمن دەدەیت ؟ ئەویش دەڵێت : من ئاینەکەم داوام لێدەکات کە چاك بم لەگەڵتا ....

هیندۆسەکە بەم ڕەفتارە جوانە موسڵمان دەبێت . هەرئەمەش وای کردووە کە کاتی خۆی لە ئیندۆنیسیا و فلیپین بەهۆی ڕەفتاری جوانی بازرگانە موسڵمانەکانەوە بڵاو ببێتەوە , قەشە (جەمال زەکەریا) کە بیست ساڵە موسڵمان بووە لەمیسر پەڕاوێکی نووسیوە بەناوی (بڵاوبونەوەی ئیسلام بەشمشێری ڕەوشت).

18- **ڕەوشتی یاریزانێك:**

محمد ڕەشوان کەیاریزانێکی جۆدۆی میسری یە لە ئۆلۆمپیاتی 1984دا بەشداری کردو گەیشتە دوا یاری کە لەگەڵ یابانیەکدا دابەزی ، یاریزانە یابانیەکە کە سێ جاری تر پاڵەوانی جیهان بوو لەم یاریانەدا قاچی چەپی ئازاری پێگەیشتبوو ، وەخاڵی لاوازی بوو ، محمد ڕەشوان لەهەموو یاریەکەدا هێرشی بۆ قاچی چەپی نەبرد ، هەموو حەکەمەکان و یابانیەکان لایان سەیر بوو ،هەرچەند بە چەند خاڵێك یابانیەکە بردیەوەو ئەم ئەیتوانی بە ئاسانیش لێی بباتەوە ، ئەو مەدالیای ئاڵتوونی وەرگرت و ئەمیش دووەم بوو مەدالیای زیوی ، پاشتر کەسەردانی یابان دەکات کۆمەڵێکی زۆر لاوی یابانی لە فڕۆکەخانە پێشوازی دەکەن بە هوتافی (محمد ، محمد ) .هەموو ئەوشتانە وارۆیشتن و بیرچوونەوە بەڵام ئەو ڕەوشتە بەرزەی (محمد) هەرماوەتەوەو باس دەکرێت .

**19- پەیمان بردنە سەر :**

دکتۆر حەسەن قەلـلا دەڵێ: لـەسەرەتای شەستەکاندا لـەخەستەخانە کارم دەکرد لـەزەمانی عبدالناصردا ,سەد موافەقە و ئەمسەر و ئەوسەری دەویست تابتوانی بچیت بۆکۆنفرانسێك لـەدەرەوەی وڵات.

لـەکۆنفرانسێکی بەریتانیاوە داوەتنامەم بۆهات, هەموو کارەکانم تەواو کرد ئیمزای وەزیری تەندروستیم مابوو , چوومە لای سەیری داواکەی کردم وتی: نابێ سەفەربکەی , هەرچی پزیشکمان هەیە دێن و بەناوی کۆنفرانسەوە دەڕۆنە دەرەوەی وڵات و ئیشێکیان دەست دەکەوێ و ناگەڕێنەوە . وتم : من دێمەوە ! وتی: پەیمانم ئەدەیتێ ؟ وتم : پەیمان بێت دێمەوە ... ڕەزامەندی دەربڕی و سەفەرم کرد , لـەکۆنفرانسەکەدا کە ناسیانم کارێکم بۆهاتە پێشەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ و بەمووچەی زۆر باش , کەخەریك بوو ئیمزای بکەم پەیمانەکەم بیرکەوتەوە و ئیمزام نەکرد و گەڕامەوە میسر , دیارە پارێزگاری لـەپەیمان پیشەی باوەڕدارە و خواش ئەمەی بۆکردم بەخێر و لـەمیسرا ناوبانگی باشم پەیداکردو , کۆمەڵێ قوتابخانەم دامەزراندووە کەنزیکەی پانزە هەزار قوتابی تیایانا دەخوێنن , ئەمە جگە لـەبواری پزیشکیەکە کە رۆڵی باشم بینیوە .

**20- وێنەیەك لەجێی هەزار وشەیە :**

ئەمە پەندێکی چینیەکانە و بەراستی هەروایە , دنیا زۆر گۆڕاوە , تەنها قسە بەس نیە و بەڵکو وێنە و بەڵگەنامەکان زۆر کاریگەرییان هەیە لـەسەر بینەر , بۆیە لـەم ساڵدا (2012) لـەهەندێ لـەمزگەوتەکاندا بەداتا شۆ بابەتم پێشکەش کرد ولـەسایەی خواوە زۆر کاریگەری هەبوو لـەسەر ئامادەبووان ,کەئەمەش مژدە بەخشە کە سوپاس بۆخوا خەڵکی گوێ لـە خێر دەگرن ئەگەر ئێمە بەباشی پێشکەشیان بکەین.

ئێستا زۆربەی وتارەکانم داتا شۆی تیابەکاردێنم و ئاواتە خوازم کەنوێژخوێنانی هەموو مزگەوتێك هەوڵبدەن داتاشۆیەك بۆمزگەوت دابین بکەن تا مامۆستا یان هەر کەسێکی تربەتایبەت لـە رەمەزاندا بەدەنگ و ڕەنگ وتاریان پێشکەش بکەن و زیاتر هەموو لایەك سوودمەند بن .

**21- ئایسکرێمی منداڵێك :**

پیاوێك کەلـەدوکانی ساردەمەنی ئیشی دەکرد دەڵێ : کوڕێك باوکی بڕی پێنج جونەیهی دابوویە کەپاش ئەوەی لـەیانەکەی یاری دەکات , بتوانێت ساردەمەنیەك بخوات , کوڕەکە هات و لـەسەر مێزێك دانیشت و وتی : دۆندرمە بەقاوە و نەستەلـەوە بەچەندە ؟ وتم : بەپێنج جونەیهە , پارەکەی گیرفانی ژمارد , دیارە پێنج جونەیهی پێبوو , وتی : ئەی سادە بەچەندە ؟ وتم : بە چوار جونەیهە , تۆزێ وەستا و منیش پەلـەم بوو بچم بەدەم موشتەریەکانی ترەوە , ئنجا وتی : باشە سادەیەکم بۆ بێنە , کەبۆم هێنا و پاش ئەوەی خواردی سەیرم کرد پێنج جونەیهی لـەسەر مێزەکەی بەجێهێشتبوو , تومەز بایی چواری خواردووە و ویستوویەتی ئەو جونەیهە زیادەیەی بەخشیش بێت بۆمن وەك یارمەتیەك , کەئەمەش ئەوپەڕی هەست کردنە بەبەرامبەر و هاوکاری کردنە کەزۆر کاری تێکردم .

هەروەها عەمر خالید دەڵێت : لـەبەریتانیا لـەڕێستۆرانتێك سەرنجمدا کەسێك دێت و چایەك یان نیسکافەیەك دەخواتەوە و پارەی چوار (چا یان نیسکافە) ئەدات و کابرای خاوەن ڕێستۆرانتەکەش پارەکە وەردەگرێت

کەیەکێکی حەقی خۆیەتی و سیانە زیادەکەش لەسەر بۆردێك دەنوسێت ,
ئەمەش هاوکارییەکی یەدەگە بۆکەسێك کەپارەی پێ نەبێت .
جا کەسی هەژار دێت و دەڵێت : لەسەر حیساب نیسکافەیەك یان چایەکم بدەرێ , چا یان نیسکافەیەکی بۆ دێنن و پارەی لێ وەرناگرن , کەئەمەش نمونەیەکی جوانی هاوکاری کۆمەڵایەتیە لەو وڵاتەدا .

### 22-بەختەوەری لە ئیماندایە:

شێخ محمد حەسسان دەڵێت : لە لۆس ئەنجلوس وتارم ئەدا دووبرای خەڵکی وڵاتی سوریا هاتنە ژوورەوە و ئەمریکیەکیان لەگەڵ بوو , یەکێکیان وتی : یاشێخ بەیارمەتی خۆت ئەم ئەمریکیە دەیەوێت شایەتمان بێنێت , وتم : زۆر باشە بابفەرموێت , هاتە لامەوە دانیشت , وتم : پێش ئەوەی شایەتمان بێنی , چی وای لێکردی موسڵمان ببیت ؟
وتی : من ملیاردێرم و ماڵ و کۆمپانیا و کارگە و فڕۆکە و کەشتی گەورەم هەیە , هەرچی خواردنێکم ویستبێ خواردوومەو هەرشوێنێکم ویستبێ چووم و هەرچیم حەز لێبوبێت لەچاك و خراپ کردوومە , کەچی بێزاربووم لەژیان .
بەڕاستی من بۆخۆم چوومە کۆشکەکەی کەلەسەر ئۆقیانووس بوو بەحەیاتم شتی وام نەدیوە , ئەو لەژیان بێزار بوو لەبەرئەوەی تەنها لایەنی ماددی خۆی تێر دەکرد و لایەنی ڕۆحی فەرامۆش کردبوو , هەروەك باڵندەیەك چۆن بەیەك باڵ ناتوانێ بفڕێت , ئەمیش بەتێرکردنی تەنها ماددیات ناتوانێت ژیان بەسەر بەرێت بەئاسوودەیی .

پیاوە سوریەکە وتی: ڕۆژێك لەکارگەکەی ئەم پیاوە لەسەردەست شۆرەکە دەست نوێژم دەشت , کەهات بینیمی وتی: تۆچۆن قاچت دەخەیتە سەر ئەو دەست شۆرە کە ئێمە دەموچاومانی لەسەر دەشۆین ,
وتم : من ڕۆژی پێنج جار قاچم دەشۆم , وتی : بۆچی ؟
وتم : بۆ دەست نوێژگرتن تا نوێژ بکەم بۆ خوا .
وتی: جارێك تۆم نەبینیوە سەرخۆش بیت یان خەمبار بیت .
وتم : ئەوەی دەیبینی بەهۆی ئاینەکەمەوەیە , کەلەسەرناخۆشیەکان ئارام دەگرین و لەسەر خۆشیەکانیش سوپاسی خوا دەکەین .
وتی : ئەگەر بێمە سەر ئاینەکەت وەك تۆم لێدێت ؟
وتم : بەڵێ .. چوو خۆی شت و ئێستا هاتووین شایەتمان بێنێ . وتم : دەی کەواتە لەدوامەوە بڵێ : أشهد أن لاإلـه إلا الله و أشهد أن محمدا رسول الله , کاتێ بەدواما وتیەوە گریا , هەروەك ئەوەی لەگەڵ هەموو وشەیەك تاشەبەردێك لەخەم و خەفەت لەسەردڵی لاچێت .
وتم : بۆگریایت ؟ وتی: تۆ بەمن بڵێ چ سرێکی تیایە ئەوەی وتت , کەمن وتمەوە ئاوادڵم گەشایەوە .

### 23-نیعمەتی لەش ساغی :

محمد حەسسان دەڵێت : پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندی میسری کوڕو کچێکی هەبوو , کوڕەکەی چوو بۆ کوەیت بۆ کاروکاسپی و کچەکەشی شووی کرد . ڕۆژێك ئەم پیاوە خۆی و هاوسەرەکەی و شۆفێرەکەیان لە ئەسکەندەریەوە دەگەڕانەوە بۆ قاهیرە تووشی ڕوداوێکی هاتوچۆ بوون ,

هاوسەرەکەی گیانی سپارد و خۆشی تووشی ئیفلیجی بوو , شۆفێرەکەشی سەلامەت دەرچوو .

جارێك چووم بۆلای وتی : سبحان الله خوا بەم شێوەیە تاقیکردمەوە و کچەکەم هات خزمەتم بکات نەمهێشت و وتم: ماڵ و منالەکەت لەپێشترە , خوا ئەم شۆفێرەی بۆهێشتمەوە تاخزمەتم بکات , شەوێکیان شوێنێکم دەخورا , دڵم نەهات شۆفێرەکەم خەبەر بکەمەوە چونکە بەڕۆژ زۆر ماندوو بوو بەدەستمەوە , بەدڵ ئاواتە خواز بووم کەئەو شەش سەد ملیۆن دۆلارەی کەهەمە لەبانقدا بمدایە و بمتوانیایە خۆم بخورێنم ! ئنجا گریا و وتی: تەصەورکە شەش سەد ملیۆن دۆلار بۆیەك خوران , ئەم مرۆڤە چەند پێنەزانە و چەند غافڵە لەو نازونیعمەتی لەش ساغیەی خوا پێی داوە.

## 24- ئیشێکی شەریفانە :

ئەدوارد هیث لەساڵی 1916 لەخێزانێکی هەژار لەبەریتانیا چاوی بەدنیا هەڵهێناوە , باوکی دارتاش بوو , لەساڵی 2005 دا کۆچی دوایی کرد پاش تەمەنێکی درێژ , لەساڵی 1970 تا 1974 بووە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا , لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا پێش مردنی لەوەڵامی پرسیاری پێشکەشکاری بەرنامەیەکدا کە پرسیاری خۆی و خێزانی و چۆنیەتی گەیشتنی بەو پلەبەرزە لێکرد ، وتی : من لەخێزانێکی هەژار بووم و لەپاش جەنگی جیهانی دووەم کارەبامان نەبوو , لەبەر چرا و مۆم سەعیم دەکرد , باوکم بەزەیی پیاما دەهاتەوە و دەیووت : بۆ واز لەم کتێبانە ناهێنی و ئیشێکی شەریفانە بۆخۆت بدۆزیتەوە .

پێشکەشکاری بەرنامەکە بەپێکەنینەوە وتی : ئەی دوای ئەوەی بویتە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا وتی چی ؟ ئەویش لەوەڵامدا وتی : پێی دەوتم ئامۆژگاریم نەکردی بەدوای کارو پیشەیەکی شەریفانەدا بگەڕێی !

## 25- چۆن دڵی خەڵك بەلای خۆتدا ڕادەکێشی بەکەمترین ماوە :

ئەگەر سەیری ژیاننامەی حەزرەت بکەین (د.خ) ئەمە دەبینین , بەتایبەت لەڕۆژی فەتحی مەککەدا , کە بەلای (فضالە)دا ڕۆیی کەلەدڵەوە خەیاڵی لای ئەوە بوو کەچۆن زەفەر بەپێغەمبەری خوا (د.خ) ببات , حەزرەت (د.خ) بەزەردەخەنەوە فەرمووی : فضالە بیر لەچی دەکەیتەوە ؟ وتی : هیچ أستغفرالله دەکەم , حەزرەتیش (د.خ) خوا ئاگاداری کردبوو کەوانیە , بۆیە دەستی موبارەکی خستە سەر دڵی و لەچەند چرکەیەکدا (فضالە) کەدوژمنی قەستە سەری بوو , بووە کەسێکی تر و حەزرەت (د.خ) بووە خۆشەویسترین کەس بەلایەوە .

بەڕاستی تەوقە کردن یان دەست خستنە سەر شان لەگەڵ زەردەخەنە و ڕووی خۆشدا کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر دڵی بەرامبەر .

## 26- پارە و ماڵی حەرام خێری لێ نابینرێت :

لەسانفرانسیسکۆ کۆشکێکی گەورە هەیە حەوت سەد ژوورە , ساڵانە بیست ملیۆن کەس سەردانی دەکات , ئەم کۆشکە هی کابرایەکە کەبەفرۆشتنی چەك بەهەردوو لایەنی شەڕکەری ناوخۆی ئەمریکا ئەو سەروەت و سامانەی پێکەوەنا , ژنەکەی تووشی حاڵەتێکی دەروونی بوو بوو , وای دەزانی شەو ڕۆحی کوژراوەکان دێن بۆی , بۆیە مێردەکەی ئەو کۆشکە حەوت سەد ژووری یەی بۆ دروست کرد , کەهەر شەوەی

بەترسەوە لەیەکێکیاندا خۆی دەشاردەوە و سەرەنجامیش بەترسەوە گیانی سپارد.

**27-دوعاکەی عەمر خالید :**

عەمرخالید دەڵێت : چەند ساڵ لەمەوبەر لەمزگەوتی پێغەمبەر(د.خ) دوعایەك هات بەدڵمدا کە هەرچەند بیری لێ ئەکەمەوە لام سەیرە , دوعاکەش بەمجۆرە بوو (خوایە سوننەتی پێغەمبەرەکەتم (د.خ)پێ زیندوو بکەرەوە و دەنگم بگەیەنە بەجیهان ) . سوپاس بۆخوا دوعاکەم گیرابوو , واگەیشتومەتە ئەمرۆ کە دەنگم دەگاتە سەرتاسەری دنیا .

ئەوەی سەیرە جارێك لەجەددە سەردانی کتێبخانەیەکم کرد کتێبێك بەناوی (کیمیاء الصلاة) ی (ئەحمەد خەلیل عومەری) سەرنجی ڕاکێشام کریم , کە خوێندمەوە سودی زۆرم لێ بینی ولەوتارو بەرنامەو ئەنتەرنێتدا باسم کرد .

پاش ماوەیەك (ئەحمەد خەلیل) پەیوەندی پێوەکردم و وتی : پێش دە ساڵ دوعایەکم کرد و وتم : خوایە ئەم نووسینەی من بگەیەنە دەمی ئەو پیاوە تا سوودی لێوەرگرێ , سبحان الله وا ئێستا دوعاکەم گیرابوو وە تۆ باسی کتێبەکەمت کرد .

بەڕاستی مەسەلەکە هەمووی دڵسۆزی و ئیخلاسە , باسی موخلیص هاتووە لەقورئاندا و چەند جارێکیش (مُخلَص), وەتێگەیشتم کە تۆ هەوڵ ئەدەیت بۆ ئیخلاص و دواتر خوای گەورە ئیخلاصت پێ ئەدا و ئەبیتە (مُخلَص){وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مُوسَى إِنَّهُ كَانَ مُخْلَصاً وَكَانَ رَسُولاً نَّبِيّاً } مریم51 {وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِ وَهَمَّ بِهَا لَوْلا أَن رَّأَى بُرْهَانَ رَبِّهِ كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاء إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ }یوسف24 .

**28-قبوڵ بوونی دوعا :**

عەمرخالید دەڵێت : لەکاتی حەجدا بۆئاسانی هاتوچۆم لەنێوان خێمەکاندا سواری ئەو ماتۆڕانە دەبم کەبەکرێ کاردەکەن , ڕۆژێك لەگەڵ کوڕێکدا سەرکەوتم کەناوی هەیسەم بوو , ئەم کوڕە تەمەنی بیست و دووساڵ بوو باسی خۆی کردو وتی : باپیرە گەورەم لەنەیجیریاوە کۆچی کردووە بۆ مەککە , من لەمەککە گەورەبووم سوپاس بۆخوا , هیچ دوعایەکم نەکردووە گیرانەبوبێت , کەچی ساڵی پار هەستم کرد وەك جاران نەماوم ،گەڕام بەقورئان و فەرمودەدا بەتایبەت مەسەلەی دوعا قبوڵ بوون , لەسەر ئەم فەرمودەیە زۆر وەستام (باخواردنت حەلاڵ بێت دوعات قبوڵ دەبێت – أطب مطعمك تكن مستجاب الدعوة).

بەخۆما چوومەوە هەستم کرد ئەم ئیشەی کەدەیکەم ڕاستە مووچەی خۆم وەردەگرم بەڵام تەواو حەقی خۆی نادەمێ , بڕیارم دا کەمن هەر هەشت کاتژمێر کاردەکەم بەڵام بەڕۆحیەتێکی ترەوە و بەوپەڕی دڵسۆزیەوە کارەکەم بکەم , واسوپاس بۆخوا دوومانگە حاڵم باش بووە و دوعاکانم گیرادەبن .

**29-قسەی خۆش :**

عەمرخالید دەڵێت : میسریەکان نوکتەو قسەی خۆشیان زۆرە , هەر هیچیان دەست نەکەوێت نوکتە لەسەر خۆیان ئەکەن . دیارە نوکتە و قسەی خۆش زۆر کاریگەری هەیە لەسەر دڵ و دەروون , لەڕۆژی

خەندەقدا , هاوەڵان سەرگەرمی چاڵ هەڵکەندن بوون بە پاچ , بەسکی برسی , بەترس و بیمی زۆرەوە کە دوژمن بە دە هەزار سەربازەوە دە ڕۆژی تر ئەدا بەسەریانا , کارەکە زۆر قورس بوو , ڕەنگە بەشۆفڵ و حەفارەش بەو ماوە پێوانەییە نەکرایە جاوەرە بەدەست و بازوو !

صوهەیب لەماندویەتی و تینوێتیدا چاوی سووربوو بۆوە , حەزرەت (د.خ) بینی کەبەو حاڵەوە خورما دەخوات , ویستی سوعبەتی لەگەڵ بکات فەرمووی : چاوت سووربۆتەوە و خورماش دەخۆیت , کەی ئەوە مەعقولە ! ئەویش وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) ئاخر بەلای چەپم دەیخۆم و هەردووکیان پێکەنین .

حەزرەت (د.خ) ئەبو ئومامەی بینی بێتاقەت بوو فەرمووی : (أهلا يا أبا ورد) , وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ناوەکەمت بیرچووە؟ , فەرمووی : نەخێر بیرم نەچووە ئەگەرسەیری ڕەنگ و ڕووت بکەیت ئەبینیت کەتۆ وەکو گوڵیت !.

هەر لەڕۆژی خەندەقدا حەزرەت (د.خ) کەخورمای دەخوارد دەنکەکانی دەخستە بەردەمی ئیمامی عەلی , ئنجا فەرمووی : عەلی ئەو هەموو خورمایەت چۆن خوارد ؟ ئەویش وتی : ئاخر دیارە تۆ بە دەنکەوە خواردووتە ؟!!

ڕۆژێك دکتۆر عصام البشير و عائض القرني لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا نوکتەیەکی پیاوێکی خوارووی میسریان گێڕایەوە , گوایە کابرایەکی جووتیاری هەژار مانگایەکی دەبێت و نەخۆش دەکەوێت , نەزر دەکات کە حەوت ڕۆژ بەڕۆژوو بێت بەس مانگاکەی چاك بێتەوە ! کابرا بەڕۆژوو دەبێت و مانگاکەش دەمرێت و کابرا سەربەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان و دەڵێ : شەرت بێ ئەو حەوت ڕۆژە لەڕەمەزان بەڕۆژووبم و حەقی خۆم بکەمەوە !

بەهەر حاڵ نوکتەش کەسانی شارەزای دەوێت و لەکات و شوێنی خۆیدا ڕۆڵ دەبینێت .

**30-کۆمپانیای فیدیکس :**

ئەم کۆمپانیایە بەسەرتاسەری دنیادا بەرید و شتومەك دابەش دەکات و زۆر دەوڵەمەندە , ئەوەی کە دایمەزراند لاوێك بوو بەناوی (فیدیکس) لەدوا قۆناغی زانکۆی بالی بوو , داوایان لێکرا کەهەر قوتابیە و پرۆژەیەك پێشکەش بکات و نمرەی لەسەر بوو , ئەمیش بیری لەپرۆژەی گواستنەوەی بەرید و شتومەك کردەوە لەماوەی دوو ڕۆژدا لەسەرتاسەری دنیادا .

مامۆستاکەی پرۆژەکەی خوێندەوە هیچ نمرەیەکی پێ نەدا , مامۆستاکەی وتی: پرۆژەکەت بگۆڕە نمرەی تەواوت ئەدەمێ ،کەی دەگونجێ بە دوو ڕۆژ بەرید و شتومەك لە بەسەرتاسەری دنیادا بهێنرێ و ببرێت , ئەمیش بەمامۆستاکەی وت : نمرەی خۆت بۆخۆت و پرۆژەکەی خۆم بۆخۆم .

ناوبراو پاش تەواوکردنی زانکۆ لەگەڵ چەند برادەرێکیدا کەوتنە هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئەو خەون و خەیاڵەی , سەرەتا هیچی وا نەبوون بەڵام پاش چەند ساڵێك سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و ئێستا یەکێکن لەکۆمپانیا هەرە گەورەکان لەو بوارەدا .

.

**31-لەخۆتەوە بڕیار مەدە :**

عەمر خالید دەڵێت : برادەرێکم بەناوی (حسین) سواری شەمەندەفەر بوو لەقاهیرەوە بۆ ئەسکەندەریە, پیاوێك و کوڕەکەی کە تەمەنی 25 ساڵێك دەبوو لەلایەوە بوون , کوڕەکە لای پەنجەرەکەی گرتبوو , زوو زوو دەیوت بابە سەیرکە ئەوە درەختە , بابە سەیرکە ئەوە هەورە , بابە سەیرکە ئەوە ئاژەڵە .. باوکیشی هەموو جارێ بۆی پێدەکەنی و باوەشێکی پیادەکرد , (حسێن) لەو هەڵسوکەوتە منالآنەیەی ئەو کوڕە زۆرناڕەحەت بوو , کوڕەکەی پاش ماوەیەك خەوی لێ کەوت , ئەویش بەباوکەکەی وت: پزیشکێکی دەروونی باش دەناسم کوڕەکەت بۆنابەیت بۆلای ؟ پیاوەکە وتی : چەند ساڵە کوڕەکەم چاوی نابینێ , وا تازە لە خەستەخانە دێینەوە و چاوی بۆ عەمەلیات کراوە و واسوپاس بۆ خوا چاوەکانی دەبینن . بەڕاستی ئەمە بوو بەپەند بۆی کە پەلەنەکالەحوکم دان بەسەر هیچ شتێکدا تابەتەواوی لێی تێدەگا .

**32- هەرچیت کرد بەباشی بیکە :**

خوای گەورە کە ئێمەی بەدیهێناوە , داوامان لێدەکات کە نەك کاری باش , بەڵکو باشترین کاربکەین (ليبلوكم أيكم أحسن عملا) الملك . هەروەها دەبێت باشترین قسە بکەین تا شەیتان قسەکان نەقۆزێتەوە و نێوانی ئێمە و خەڵکی پێ تێك بدات {وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُواْ الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلإِنْسَانِ عَدُوّاً مُّبِيناً }الإسراء53 هەروەها حەزرەت (د.خ) دەفەرموێت (إن الله يحب إذا عمل أحدكم عملا أن يُتقنه). خوا حەز دەکات ئەگەر کارێکتان کرد بەباشترین شێوە بیکەن.

دارتاشێك لەکۆمپانیایەکی گەورە کاری دەکرد , دوای سی ساڵ چووە لای خاوەنی کۆمپانیاکەو وتی : دەمەوێت خۆم خانەشین بکەم , ئەویش چی تکای لێکرد کە بمێنێتەوە وتی : ناتوانم .

وتی: باشە داوایەکم لێت هەیە ؟ وتی : فەرموو ! وتی : پارچە زەویەکم هەیە خانویەکم بەدار بە کەلوپەلی تەواوەوە بۆ دروست بکە و چەندی تێ دەچێت باتێی بچێت . وتی : باشە بەسەرچاو !

دارتاشەکە چوو لەسەر ئەو پارچە زەویە وەك بێگارێك و بۆ لەکۆڵ خۆکردنەوە , خانوویەکی هەروا سادەی دروست کرد و ئەساسی سادەشی تیادروست کرد وزۆر گوێی پێنەدا و هەر ویستی ڕزگاری بێت . کاتێ بەخاوەن کۆمپانیاکەی وت : کارەکەم تەواو کردووە , خۆی و ژمارەیەکی زۆر لەکارمەندەکان چوون بۆلای خانووەکە تا بزانن چۆنی دروستکردووە , کەچوونە ناو خانووەکەوە بەئامادەبووانی وت : ئەم برادەرە سی ساڵە خزمەتی کۆمپانیاکەمان دەکات , حەزمان کرد بەبۆنەی وازهێنانی لەکۆمپانیاکەمان دیارییەکی پێشکەش بکەین و ئەم خانووەمان بەباش زانی کەبیکەین بەخەڵات بۆی .

کابرای دارتاش زۆر خەفەتی خوارد کەمادام پارەی زۆری لەبەردەستا بوو بۆکارێکی باشتری نەکرد , کەلەکۆتاییدا سودەکەی بۆخۆی بوو !

**33- ئاو کە وەستا بۆگەن دەکات :**

لەسورەتی کەهف دا سێ چیرۆك دەخوێنینەوە کەهەرسێکیان هاندانە لەسەرجولآن , یەکەمیان هاوەڵانی ئەشکەوت جولآن لەپێناوی سەرخستنی عەقیدەی یەکتاپەرستیدا , دووەمیان حەزرەتی موسا جولآ بۆ

فێربوونی زانست , سێیەمیان ذوالقرنین ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای تەی کرد لەپێناوی چاکسازی و گەیاندنی پەیامی خوادا .

مرۆڤ خۆی ئەبێتە ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتنی خۆیدا , کاتێ بەرمەجەی خۆی دەگۆڕێت هەموو شتەکانی ژیانی بەوە دەگۆڕدرێن .

خاوەن کارگەیەکی گەورە لافیتەیەکی لەکارگەکەیدا هەڵواسی کەلەسەری نوسرابوو , دوێنێ ئەوەی کەڕێگر بوو لەبەردەم پێشکەوتن و سەرکەوتنتاندا مرد , سبەینێش دەتوانن بێن بۆسەرە خۆشی کردن بەیانی هەمو هاتن بۆسەرە خۆشی کردن و بەریز وەستابوون , بەجلی ڕەش و بۆینباخی ڕەشەوە ،ئەبێ ئەوە کێ بێت مردبێ و لەکۆڵیان بووبێتەوە ..

خاوەن کۆمپانیاکە یەك یەك دەیکردنە ژوورێکەوە کە ئاوێنەیەکی گەورەی تیابوو لەسەری نوسرابوو , تۆ خۆتی کەڕێگری لەڕێی پێشکەوتندا , هەڵەکانت و نەبوونی ئیرادەیە کەلەجێی خۆتدای .

هەرکەس ئەمەی دەدی و دەهاتە دەرەوە بەسەرسامیەوە بێدەنگ دەڕۆیشت و هیچی نەدەوت .

بەڕاستی هەروایە (إن الله لايغير مابقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم) . زۆر کەس وەك کابراکەی دێی کونە کۆتری لێ دێ کەهەمووی دوو سێ ماڵە لای دەڤەری ڕانیە , دەڵێ: من قایمقامی کونە کۆترم ،هەندێ بۆ سوعبەت پێی دەڵێن : وەرە دەتکەین بەقایمقامی ڕانیە , یا بەپارێزگاری سلێمانی , دەڵێ نامەوێ من قایقامی کونە کۆترم . ئەوەندە لەدنیا حاڵی بووەوە و هەرئەوەندەی لەباردایە... جاقەفەس هەر قەفەسە ئەگەر لەئاڵتونیش بێت ,بۆیە دەبێت لەو قەفەسە بێینە دەرەوە چونکە دنیایەکی فراوان چاوەڕێمانە .

### 34- خێر و چاکە و نان دان :

پیاوێکی خەڵکی مەدینە حەزی لە نان دان بوو , لەڕەمەزاندا سفرەی درێژی لەمزگەوتی مەدینە ڕادەخست و خواردنی دەدا بەڕۆژووەوانان , لەدووشەمان و پێنج شەممانیشدا بەهەمان شێوە و تەنانەت لای ماڵەکەی خۆشی خواردنی ئەدا بەهەژاران ، پێش دوو ساڵ وەفاتی کرد , ئامۆزاکەی دەڵێت : لەکاتێکدا بردمان بۆ سەر قەبران گوێم لەکابرایەك بوو لەتەنیشتمەوە ئەیوت : خوایە ڕێزی بگرە هەروەك چۆن ڕێزی لەئێمە دەگرت .

منیش هات بەخەیاڵمدا ئەم دوعایەی بۆبکەم , خوایە تۆ کەریمی و ئەمەش خاوەن کەرەمە و خزمەتی خەڵکی کردووە و نانی داوە , بێتە ماڵەکەی من ڕێزی دەگرم , تۆش (أكرم الاكرمين) ی ڕێزی بگرە و پاداشتی خێری بدەرەوە , پاش دوو سێ ڕۆژ لەخەوا بینیم ، وتم : حاڵت چۆنە ؟ وتی : زۆر باشم وتم : بەچی ؟

وتی : بەو دوعایەی تۆو بەو خێرانەی کردوومن.

### 35-گاڵتە بەکەس مەکە :

دیارە لەئیسلامدا جلەو گیری کراوە لەوەی کەسێك گاڵتە بەکەسێکی تر بکات , {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَومٌ مِّن قَوْمٍ عَسَى أَن يَكُونُوا خَيْراً مِّنْهُمْ وَلَا نِسَاء مِّن نِّسَاء عَسَى أَن يَكُنَّ خَيْراً مِّنْهُنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ

وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الاِسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ }الحجرات11..

جوتيارێك كرێی ئەو باخەی كاری تیا دەكرد , دەیبات بۆ خاوەن باخەكە كەكەسێكی دەوڵەمەند بوو , كەدەچێتە دیوەخان , كابرای دەوڵەمەند لەگەڵ چەند میوانێكیدا ماسی مەسگوف دەخۆن .. ئەمیش ئەچێتە لایان پارەكەیان بداتێ , كابرا دەیەوێت گاڵتەی پێ بكات , دەڵێت : دەنگ و باسی باخ و مەزرەعەكەمان چۆنە ؟

وتی : زۆر باشە مانگاكەمان پێنج بێچووی بووە , وتی : جا گوانەكەی چوار گۆی هەیە , ئەی پێنجەمیان چی دەكات ؟

وتی : وەك من دائەنیشێ و سەیریان دەكات .

كابرا تەریق بووەوە و وتی : فەرموو دانیشە و ماسیەكی بچوكی خستە بەردەمی , ئەمیش ماسیەكەی بەرز كردەوە بەقاپەكەوە , وەك ئەوەی بچرپێنێ بەگوێی دا .

وتیان : ئەوە چی پێ دەڵێیت ؟

وتی : پێموت : مامم نوقمی دەریا بووە ئاخۆ ئەو دەنگوباسی نازانێ ؟

كابرا وتی : ئەی باشە چی وت ؟

وتی : پێی وتم : من بچوكم ڕەنگە زەمانی من نەبوبێت لەماسیەكی گەورە پرسیاربكە ! ئەویش بۆ پێ ڕابواردن ماسیەكی گەورەی خستە بەردەمی و جوتیارەكە خواردی و كە تەواو بوو وتی : زۆر سوپاستان دەكەم تێرم خوارد ئەوەش كرێی باخەكەتە !.

.

**36-چ بەهرەیەكت هەیە ؟**

گەنجێكی سعودی ناوی عبدالعزیز النعمان بوو , لەجەددە دەژیا و خەڵكی مەدینە بوو , حەزی لەگوڵ و ڕێكخستنی باخ بوو , ماڵەوەیان ڕێگرییان لێ دەكرد و ئەیانووت : كەی ئەمە كاری كردنە .

عەمر خالید دەڵێت : من دەمناسی زۆر هانم ئەدا لەسەر پەرەپێدانی بەهرەكەی , چوو بۆ بەلجیكا و هۆڵەندا و چوو بۆلای گەورەترین گوڵ فرۆشی (ریاز) تازیاتر شارەزابێت , تەنانەت من جاری واهەبوو گومانم لەسەركەوتنی بۆدروست دەبوو , كەچی خۆی هەمیشە دڵنیابوو . ئامۆژگاریم كرد زانكۆ تەواو بكات , تەواو ی كرد , ئنجا دوكانێكی كردەوە لەسەر شەقامێكی گەورەی جەددە , ئێستا بۆتە كەسێكی ناسراوی ناودار و لەگەڵ كۆمپانیای گەورەی گوڵی جیهانی دا شەراكەتی هەیە .

**37-ڕێ مەدە كەس فنجانەكەت بۆ پڕبكات:**

جڵەوی نەفسی خۆت بگرە , حەزرەت (د.خ) دەفەرموێت (ئازا ئەوەنیە لەزۆرانبازیدا ئازابێت , بەڵكو ئازا ئەوەیە كەجڵەوی نەفسی خۆی دەگرێت لەكاتی توڕەبووندا).

ئەڵێن حەكیمێك هەمیشە پەند و حیكمەت ئەدا بەوانەی كەسەردانی ئەكەن و لەشوێنێكی بەرزدا نیشتەجێ دەبێت , لاوێكی عەجولی هەمیشە تووڕەش ئەچێ بۆلای حەكیمەكە تا هەندێ پەند و ئامۆژگاری لێ وەرگرێت .

بەماندووبونێکی زۆر دەگاتە لای حەکیمەکە و لەدەرگا ئەدات , ژنی حەکیمەکە دەرگاکەی بۆدەکاتەوە و لەژووری پێشوازیدا سێ سەعات بەجێی دەهێڵێ لاوەکە ئەوەندەی تر سەرشێت ئەبێت , کەخەریکە بڕوات حەکیمەکە دێت و فنجانێکی ئەداتە دەست و قاوەی بۆ تێدەکات , حەکیمەکە بەئەنقەست فنجانەکەی بۆ پڕدەکات لێی دەڕژێت , لاوەکە ئەوەندەی تر تورەدەبێت و پیشم و غەزەب دەخواتەوە , ئنجا حەکیمەکە پێی دەڵێت : کوڕی خۆم ڕێ مەدە کەس فنجانەکەت بۆپڕبکات خۆت بۆخۆتی پڕبکە . بەڕاستی وانەیەکی گەورە بوو بۆئەو لاوە تابەبچوکترین شت دەماری نەگیرێ و کۆنترۆڵی خۆی لەدەست نەدات .

38-**ماسی فرۆشێکی نموونەیی:**

برادەرێك لەبەریتانیا خانوویەکی کڕی کە حەوزێکی ماسی لەحەوشەی دەرەوەی ماڵەکەیدا بوو , ماسی زینەی تیابوو , سەری حەوزەکە بە موشەبەکێك گیرابوو , موشەبەکەکەی فڕێ دا , باڵندەی ماسی خۆر پەلاماری ماسیەکانی دا و خواردنی , چوو لەبازاڕ ماسی زینە بکڕێتەوە , کابرای ماسی فرۆش وتی : ماسی زینەت بۆ حەوزی ناو ماڵ دەوێت یان بۆ حەوشە ؟ وتی : بۆ حەوشە .

وتی : دە نایفرۆشم .

وتی : بۆچی ؟ ئەویش وتی : لەبەرئەوەی ئێستا بیبەیت لەگەڵ کەش و هەواکەدا ناتوانێ خۆی ڕابهێنێت و لەسەرمادا دەمرێ , هاوین وەرەوە پێت دەفرۆشم بەچەند مانگێك لەگەڵ کەشو هەوای دەرەوەدا ڕایەت و ئەوسا بەسەرماکە نامرێ .

39- **هاوکاری لاواز و بێنەوا :**

نادیەی مەغریبی دەرچووی زانکۆ بوو , شووی بەپیاوێك کردو پێکەوە چوونە بەریتانیا , کاتێك مێردەکەی زانی دووگیانە بەجێی هێشتن , کچێکی بوو , لەبەرئەوەی ئیقامەی نەبوو بە کولە مەرگی و کارەکەری ماڵان , بژێوی خۆی دابین دەکرد , لەدەمی خۆی دەگرتەوە بۆ کچەکەی تا گەورەی کرد و خستیە قوتابخانە , پاش دوانزە ساڵێك ئیقامەی وەرگرت , حاڵی باشتر بوو زانکۆی خوێندەوە , عەمرخالید دەڵێت : ئێمە و موسڵمانان زۆر هاوکاریمان کرد , بەڕاستی تێکۆشەربوو , خوای گەورەش زۆری پێخۆشە هاوکاری ئەو لاواز و بێنەوایانە بکرێت , حەزرەت (د.خ) دەفەرموێت(الساعي على الأرملة كالمجاهد في سبيل الله) ئینجا مێردەکەی کەزانی حاڵیان باش بووە هاتەوە لایان , بەڵام ئەمجارە ئەمان پێی ڕازی نەبوون .

40-**وێنەیەك :**

عەمر خالید دەڵێت : لەفڕۆکەخانەی بەریتانیا تابلۆیەکم بینی کە بەدەست کێشرابوو , سێ زەرافەی مل درێژ دەیانەوێ گەڵای دارێك بخۆن دەمیان نایگاتێ , زەرافەیەکی تر لەسەر هەر سێکیانەوە دەمی گەیشتووەتە گەڵاکە . لەژێر تابلۆکەشدا نوسراوە , ئەگەر تۆ مەزنیش بیت دەتوانی مەزنتر بیت , بۆیە هەوڵبدە و دوودڵ مەبە .

ژیان کورتە بەفیڕۆی مەدە , سێ یەکی تەمەنت خەوتوویت , سێ یەکی تری خەریکی خواردن و خۆشتن و جل لەبەرکردن و شتی تریت , ئەو

سێ یەکەی دەمێنێتەوە کارێك بکە لەدنیا و ئاخیرەتدا بمێنێتەوە (والباقیات الصالحات خیر عند ربك ثوابا و خیرا أملا).

### 41- **شتێ بلێ کە جێبەجێ بکرێت :**

پاشایەکی فەڕەنسی وتی : ئافرەتان نابێت ئاڵتون و موجەوهەرات بکەن بەخۆیانەوە , بەحساب یەکسانی دروست بکات لەگەڵ هەژاراندا , ئەم بڕیارە کەس جێ بەجێی نەکرد .

پاشا ڕاوێژی بە وەزیرێکی خۆی کرد کە چی بکات باشە ، فەرمانەکە هەڵوەشێنێتەوە یان نا ؟ وەزیرەکە وتی : نا قوربان هەڵی مەوەشێنەرەوە بەڵکو بیگۆڕە و بڵێ : هەرچی ئافرەتی جوانە خشڵ و زێڕ و زیو نەکەن بەخۆیاندا و ئەوانەی جوان نین قەیناکا .بەمەش کلیلی کێشەکەی دۆزیەوە , هیچ ئافرەتێك ئاڵتون و خشڵی نەئەکرد بەخۆیەوە , چونکە هەموویان خۆیان بە جوان دەزانی و تاوەکو کەس بەو خشڵ و زێڕو زیو بەخۆوە کردنە نەڵێت ناشرینە.

### 42-**گۆڕینی موسیبەت بۆخۆشی :**

ریك ئەندرسۆن بەریتانی , بێ کار بوو لەماڵەوە وخووی دابووە جگەرە و مادەسڕکەرەکان . ژنەکەشی لەخەستەخانە کاری دەکرد , کچێکیان بوو شەلەلی دەماغی هەبوو , کابرا ئەوەندەی تر باری دەروونی خراپ بوو , چوار پێنج ساڵیان بەدەردەسەری بردە سەر, کچەکەی بەردەوام دەگریا , کاتێ دەیکردە کۆڵ و دەیگێڕا بێدەنگ دەبوو , زەردەخەنەش دەکەوتە سەر لێوی , وازی لەجگەرە هێنا و زۆر جار دەیگێڕا بەکۆڵ , برادەرێك پێی وت : جا کەتۆ ئاوا چەند سەعات ئەم منداڵەت بەکۆڵ دەگێڕی مەشقێکی زۆر چاکە بۆ بەشداری لەماراسۆندا ناکەیت .

لەماراسۆنێکی ڕۆیشتنی خێرادا هەرچەند یەکەم نەبوو بەڵام سەرنجی سەیرکەرانی ڕاکێشا و خەڵکی و هەواڵنێران ڕووی کامێراکانیان دەکردە ئەوو خەڵکی سۆزو عاتیفەیان بۆیان جولا .

لەماراسۆنێکی لەندەن دا بەشداری کرد سێیەم بوو , ئەم پیاوە ناونرا باوکی سەدەی بیستەم , زەردەخەنەی کچەکەشی دانرا بە جوانترین زەردەخەنە و حاڵ و گوزەرانیان باش بوو .

### 43-**متمانە بەخوا :**

زوبەیری کوڕی عەوام خەریکی زەوی کڕین و فرۆشتن و بازرگانی بوو , لە جەنگی (جمل)دا بەعەبدوڵای کوڕی وت : من دەزانم لێرە شەهید دەبم , دوو هەزار هەزار درهەم قەرزارم .

عەبدوڵا وتی : جا خوا لەقەرزار خۆش نابێت باشەهیدیش بێت .

زوبەیر وتی : کوڕم زەوی یەکم هەیە هەوڵبدە بیفرۆشی و قەرزەکەی لێ بدەرەوە ،ئەگەر بۆت نەفرۆشرا لەشەودا شەو نوێژبکە و دوعا بکە و بڵێ : ئەی پەروەردگاری زوبەیر سوێندت دەدەم قەرزەکەی زوبەیر بدەرەوە , ئەمە سوودی دەبێت , چونکە من هەرجارێ قەرزار بووبم ئەم دوعایەم کردووە و هەفتەیەکی نەبردووە خوای گەورە هاوکاری کردووم و قەرزەکەم داوەتەوە .

عبداللە پاش ئەوەی باوکی شەهید بوو , ویستی زەوی یەکە بفرۆشێ کەس لێی نەکڕی , ناچار لەشەونوێژدا دوعاکەی باوکی کرد , بۆ سبەینێ

یەکێ لەقورەیشییەکان هاتە لای عبداللە و وتی : باوکت زەوی یەکی هەیە دەمەوێ بیکڕم , وتی : چەندی پێدەدەیت؟؟ وتی : 2,5 هەزار هەزار درهەم . زەوی یەکەی پێ فرۆشت و دوو هەزار هەزار درهەمی دایەوە بەقەرزدا و سەد هەزاری تریش قەرزار بوو ئەویشی دایەوە و باقیەکەشی بەسەر میراتگرەکانیدا دابەشکرد .(ئەو زەمانە ملیۆنیان نەزانیوە).

**44- خوا رۆزیدەرە:**

عەمر خالید دەڵێت : جارێك سواری تەکسی بووم , شۆفێرەکەی پیاوێکی بەتەمەن بوو , لێم پرسی لەکەیەوە سایەقیت ؟ وتی : لەساڵی 1948 ەوە , وتم : حەزئەکەم بەسەرهاتێکی خۆتم بۆ بگێڕیتەوە کە کاری تێکردبیت .

وتی : ڕۆژێکیان زۆر نەخۆش و ناساغ و ماندووبوم , لەماڵەوە کەوتبووم هیچ نەبوو لەماڵماندا , دوو سێ ڕۆژ بەو حاڵە ماینەوە , ژنەکەم ماڵە دراوسێکان گەڕا سابەڵکو 20 جونەیهێك قەرزبکات , کەس نەبوو قەرزی بداتێ . دەست لەدەست و قووەت لەخوا وتم : ئەڕۆم ئیشێکم هەیە , ژنەکەم سوێندی دام و تکای لێکردم کەلەبەر ناساغییەکەم کاری وانەکەم , بەڵام هەرچۆنێ بوو ڕۆشتم , چی گەڕام کەس دەستی لێ ڕانەگرتم .. تا خەریك بوو بێ هیوابم , تاکسی یەکی بیجۆ دەستی لێ ڕاگرتم و وتی : برام ئەم نەفەرە میوانە و بیگەیەنە فرۆکەخانە من ئۆتومبیلەکەم لەکارکەوتووە , کە سەرکەوت و کەوتینە قسە , دەرکەوت کارێکی هەیە لەبنکەی گواستنەوەی کەلوپەل وتم : من خزم و ناسیاوم هەیە لەوێ حەز دەکەیت دەتبەم باکارەکەت بۆ ئاسان بکەن , زۆری پێ خۆش بوو , کەبردم لەجیاتی (1500) جونەیە تەنها (500) جونەیهیان لەبەر من لێ سەند , کەگەڕاینەوە و گەیاندمە فڕۆکەخانە وتی : ئەوە 200 جونەیە هەقی ئەوکارەی بۆت کردم ، باشە!؟ منیش وتم : من لەکەیەوە وێڵم بەدوای 20 جونەیهدا و وا خوا دە قاتی ئەوەی نارد زۆر باشە ماڵت ئاوا بێ , وتی : دەکەواتە مادام حاڵت وا خراپە ئەوە (1000) جونەیهی تر , کە وەرم گرت وتم : یارەبی چ ڕۆزی دەرێکی ؟ هەرتۆ پەنای بێ پەنایانی , هەرتۆی بەڕاستی ڕۆزی دەر و فریادڕەسی .

{وَفِي السَّمَاءِ رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ ، فَوَرَبِّ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِنَّهُ لَحَقٌّ مِّثْلَ مَا أَنَّكُمْ تَنطِقُونَ }الذاريات23

**45- گومانی باش بەخوا بردن :**

خوای گەورە دەفەرموێت (من ئاگام لەگومانی بەندەکەمە , گومانی خێر بەرێت بۆ خۆیەتی و گومانی خراپیش بەرێت هەر بۆ خۆیەتی ).

(قال اللهُ جلَّ وعلا : أنا عند ظنِّ عبدي بي إن ظنَّ خيرًا فله ، وإن ظنَّ شرًّا فله )

المحدث:المنذري - المصدر :الترغيب والترهيب - الصفحة أو الرقم : 4/215إسناده صحيح

دەبێت هەمیشە ئەو ڕاستیە بزانین کەخوا هەر دەرگایەك دابخات دەرگای تر لەجیاتی دەکاتەوە ،( محمد ریاز , ئەحمەد سەعدە , عومەر ئەل سنیط ), ئەم سیانە لەساڵی 2009 ەوە کاردەکەن لە صوناعی حەیاتدا بۆ خزمەتی هەژار و داماوەکان لەصەعید و سوهاج و شوێنەکانی تری میسر ، لەکاتی ڕاپەڕیندا کارەکانیان وەستا بۆیە چوون بۆیەمەن تا 1000گەنجی

ئەویَ فێرکەن ، شەش سەد پڕۆژەی بچوکیان بۆ خێزانە هەژارەکان کردەوە , ئنجا لـە جەزائیر و سۆدانیش توانیان سودێکی زۆر بگەیەنن و ئنجا هاتنەوە میسر .

**46- بەتەنها بیخوێنەوە :**

برادەرێك کەلـەکاتی هەرزەکاریدا هاوەڵی خراپی هەبوو, دایك و باوکیشی هەوڵیان داوە لـەگەڵیا کە چاك بیَ و رێی ڕاست بگرێت , بۆئەمەش جاروبار نامەیەکی کورتیان بۆ نووسیوە کە ئامۆژگاری بووە و لەژوورەکەیدا دایاناوە تا بەتەنها بیخوێنێتەوە, ئەمیش ئەیخوێنێتەوە و واپیشان ئەدات کە ئاگای لیَ نیە و نەیخوێندۆتەوە , بەهەرحاڵ پاش چەند ساڵێك ئەم نامانە کە دەربڕینی سۆز و خۆشەویستین بۆی و کە ئامۆژگاری جوانن کاری خۆیان دەکەن و برادەرەکە ڕاست دەبێتەوە , ئێستا مەمنونی دەردەبڕیَ بۆ ئەو کارەی دایك و باوکی کە چۆن بەو هۆکارە ویستویانە ڕزگاری بکەن لـەڕەوشت و خووی خراپ و هاوەڵی خراپ .

**47- مام سابیر:**

لـەسەرەتای چلـەکاندا لـەمیسر کابرایەکی سویسری دوکانی چاویلکە سازی هەبوو لـە قاهیرە ومام سابیر یەکیَ بوو لـەوانەی شاگرد بوون و کاریان بۆ دەکرد , پیاوێکی دەست ڕەنگینی دەست پاکی ڕەوشت بەرزبوو .

کابرای خاوەن دوکان تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبێت و دەزانێت ئەبێت میسر بەجێبهێڵێت , بەمام سابیر دەڵێت : تۆ دەست پاك و دەست ڕەنگینی دوکانەکەم دەفرۆشم بەتۆ هەرچەندت هەیە قەیناکە , بەچوار ساڵ پارەکەم بدەریَ و ئەگەر منیش مردم بیدە بەکوڕەکەم لـە سویسرا.

مام سابیر بەچوار ساڵ پارەکەی دا بەکوڕەکەی و چەند دوکانی تری کردەوە لـەشوێنی ترو حاڵی باش بوو , چوو بۆ حەج و بووبە حاجی سابیر , وەك وەفایەك بۆ کابرای سویسری دوکانی یەکەمی هەر بەناوی سویسری یەکەوە هێشتەوە و چی لقی تریشی کردەوە هەر هەمان ناوی لێنان و وەسیەتیشی کرد کە با هەر بەوناوەوە بن .

**48-دکتۆر مەحمودی جەزار :**

عەمرخالید دەڵێت : دکتۆر محمود لـەساڵانی 1988ەوە دەیناسم , کە کۆلێژی پزیشکی تەواوکرد کاری دەست نەکەوت , چوو بۆ ئەفریقیا و لـە ئۆغەندە گیرسایەوە پاش چەند ساڵ کە سەردانی ئەو وڵاتەم کرد ناوبراوم بینیەوە کە بەڕێوەبەری گەورەترین نەخۆشخانە بوو , بەرپرسی چارەسەری وەزیرەکان بوو , ڕەگەزنامەی ئۆغەندی وەرگرتبوو .

بەزمانی سەواحلی ئەوان قسەی دەکرد لـەگەڵ ئەوەشدا خۆی و ژنەکەی کە هەر میسری یە ناوبەناو سەردانی میسر دەکەنەوە , کەئەمەش بەڵگەی کۆڵنەدان و هەوڵ و کۆششەو بەڵگەیە لـەسەر ئەوەی کە ئەرزی خوا فراوانە و مرۆڤ ئەبێت دوای رزقی خۆی بکەوێت {يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ أَرْضِي وَاسِعَةٌ فَإِيَّايَ فَاعْبُدُونِ }العنكبوت56 ,{هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولاً فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوامِن رِّزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ } الملك15 .

ناوبراو گەورەترین پەیمانگای پەرستاری کردەوە لە ئۆغەندا و پەرستاری زۆری پێگەیاند لە موسڵمان و مەسیحی بۆ خزمەتی کۆمەڵگەکەیان .

**49- خێرو سەدەقات :**

شێخ (عطیة سالم) کە زانایەکی میسریە دەڵێت : ڕووداوێکم لەدەمی شێخ بن بازی ڕەحمەتی بیستووە , کە پەند و ئامۆژگاری تیایە بۆئەوانەی کە خێر و چاکە دەکەن .

شێخ (بن باز) وتی : لەدۆڵی ئەفلاج لەسعودیە لەهاویندا کانیاو و بیرەکانیان تەواو بێ ئاو دەبن , بۆیە خەڵکەکەی جاروبار دەچن بۆ هەندێ ئەشکەوت کە زۆر گەورە و تاریکە و ئاویشیان تیایە , پیاوێکی بەتەمەن ئەچێتە ئەو ئەشکەوتەوە و هەندێك دەڕوات لە تاریکیدا ناتوانێت بێتەوە دەرێ و لە دڵی خۆیدا دەڵێت : دائەنیشم بەڵکو کەسوکارم کە بەدواما گەڕان بمدۆزنەوە و ڕزگارم بکەن ..

چەند کاتژمێرێك تێپەڕدەبێت و بەتەقدیری قورئان خوێندن نوێژەکانی دەکات , زۆر زۆری برسی دەبێت , کاتێك دەست دەکوتێت لەبەردەمیا دەبەیەك شیردەکەوێتە بەردەستی و دەیخواتەوە , هەست دەکات تامی وەك تامی شیری ئەو مانگایەیە کە شیرەکەی ڕۆژانە دەدەن بە ماڵێکی هەتیو .

بەم چەشنە دە ڕۆژ دەمێنێتەوە و هەموو ڕۆژێك شیرەکە لەبەردەمیایە و دەیخواتەوە , کەسوکاریشی دنیای بەدوادا دەگەڕێن و هەرگیز بەخەیاڵیانا نایەت کە هاتبێتە ئەم جێگایەوە چونکە بەبێ ڕوناکی شوێنێکی مەترسی دارە و مرۆڤ ون دەبێت .

سەرەنجام دێن بۆ ئێرەش و یەکێك بە لایتێکەوە دێتە ژوورەوە کابرا ئەدۆزێتەوە و دەیبەنەوە پاش ئەوەی پشوو دەدات و هەواڵی چوونەکەی لێ ئەپرسن ئەڵێت : جارێ ئێوە پێم بڵێن چیتان کرد لەشیری ماڵە بێوەژنەکە ؟

وتیان واللە هەموو ڕۆژێ شیرەکەمان داونەتێ دوێنێ نەبێت , ئەمیش وتی : ئەزانم , وتیان : چۆن ؟

وتی : هەموو ڕۆژێ ئەو شیرەی ئەتاندا بەوان خواش بۆمنی ئەنارد و منی پێ ڕزگار بووم , تەنها دوێنێ بۆم نەهات زانیم لێتان بڕیون .

**50-خۆت بەکەم مەزانە :**

لەساڵانی سیەکاندا دکتۆر (ریچارد چارلس) بابەتێکی نووسی لەسەر بانقی خوێن , کەشوێنێکی لەبارو گونجاو دروست بکرێت بۆهەڵگرتنی خوێن , بەڵام چونکە بیرۆکەکە تازە بوو ترسا بڵاوی بکاتەوە خەڵکی گاڵتەی پێ بکەن , پاش سێ ساڵ واتە لەساڵی 1940 دا برادەرێکی سەردانی دەکات و چەکمەجەیەکی دۆلابەکەی دەکاتەوە و ئەو بابەتە دەبینێت و هانی ئەدات کە بڵاوی بکاتەوە , ئەمیش بەقسەی دەکات , کە وتارەکە بڵاوبۆوە بووە هۆی ئەوەی کە کاری لەسەر بکرێت و بانقی خوێن دروست بکرێت ..

لەساڵی 1941 دا ناوبراو بەکارەساتی ئۆتومبیل گیانی لەدەست دا , جا ئەگەر بڵاوی نەکردایەتەوە ئەوا ڕەنگە وتارەکە بفەوتایە و چەند ساڵ دروستکردنی بانقی خوێن دوابکەوتایە کە خزمەتێکی گەورەیە بەمرۆڤایەتی .

## 51- ڕێز لەبەهرەی بەرامبەرەکەت بگرە :

ئەمەش چیرۆکی دوو ئافرەتی بەهیممەتە یەکێکیان لەڕۆژهەڵات و ئەویتریان لەڕۆژئاوا , (منە) ئافرەتێکی میسر یە و مێردەکەی لوبنانیە , (دیبی) ئافرەتێکی بیانی یە , هەردووکیان حەزیان بەنووسینی چیرۆکی منداڵان دەکرد . بەڵام مێردەکانیان پشتیان نەدەگرتن و ساردیان دەکردنەوە .

(منە) حەزی دەکرد کتێب بنوسیَ بۆ منداڵان بەشێوەی چیرۆك و زۆر ئاسان و سەرنجڕاکێش بێت بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و بەوێنەوە .

(دیبی) ش ئامێرێکی چاپی دەستی هەبوو , کاتیَ منداڵەکانی لەقوتابخانەو مێردەکەی لەئیش بوایە دادەنیشت بەو ئامێرە چیرۆکی چاپ دەکرد .

ڕۆژێك (منە) بە (ناصر) ی مێردی دەڵێت : من هاوکاریم کردی تا کۆمپانیاکەت لەسەر پێی خۆی وەستا , بەڵام تۆ هیچت بۆمن نەکرد و بگرە ساردیشت کردمەوە , ئەویش بڕیار ئەدات هاوکاری بکات , ئەمەش وای کرد کە (منە) بەگوڕوتینێکی زیاترەوە کاربکات و پێنج کتێب دەربکات بۆ منداڵان , کە یەکێکیان هەڵبژێردرا بە چاکترین پەڕاوی منداڵان لەوڵاتی لوبنان بۆ ساڵی 2007 .

(دیبی) ش بەهەمان شێوە مێردەکەی بڕیار ئەدات هاوکاری بکات , ئەمەش گوڕوتین ئەدات بەناوبراو و ساڵی بیست چیرۆك بڵاودەکاتەوە و بەسەدان هەزار نوسخەی لیَ دەفرۆشرێت و هەندێکی دەکرێت بە فیلم لەئەمریکا و بووە یەکێك لەنووسەرە بەناوبانگەکانی بواری منالاَن .
.

## 52- دەربڕینی خۆشەویستی :

حەزرەت (د.خ) دەفەرموێت : ئەگەر کەسێکتان خۆشویست , پێی بڵێن ,دیارە ئەمە حیکمەتێکی زۆر گەورەی تیایە و حەزرەت (د.خ) لەخۆیەوە قسەناکات .

ئەمەش چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە کە ئەمە دەسەلمێنێت , ژنێك دەگێڕێتەوە کە کوڕەکەی تووشی نەخۆشییەکی سەخت دەبێت لە تەمەنی پێنج ساڵاندا , کاتێك دایکەکە بەدیاریەوە دەبێت پێی دەڵێت : کوڕم چی ئازارت بۆهات دەستم بگوشە تا منیش پێت بڵێم : خۆشم دەوێیت . بەوجۆرە چەند دایکەکە بەدیاریەوە دەبێت و منداڵەکە ئازاری بۆدێت لەتاو ئازار دەستی دایکی دەگوشێت , ئەویش هەموو جاریَ بەقوربان و بەساقەی دەبێت و دەڵێت خۆشم دەوێی .

کوڕەکەی حاڵی خراپتر دەبێت و دەیبەنە ژووری چاودێری یەوە , کوڕە حەزدەکات دایکی ئەو خۆشەویستیەی بۆ دەربڕێت , دایکەش ناتوانیَ بچێتە ژوورەوە بۆیە دایکەکە لایتێکی بچوکی پیَ یە و لای پەنجەرەیەکەوە وەستاوەو کوڕەکەش لایتێکی بچوکی لایە چی ئازاری بۆدێت کوڕەکە لایتەکە ئەدات لەدایکی و ئەویش بۆ دەربڕینی خۆشەویستی یەکەی لایتێکی لیَ ئەداتەوە ، کوڕە خوا شیفای ئەدات و ئەبێتە جێی سەرسوڕمانی پزیشکەکان .

پاش چەند ساڵێك دایکەکە تووشی نەخۆشییەکی گران دەبێت گومانی شێرپەنجەی لیَ دەکەن , کوڕەکەشی گەورەبووبوو لەزانکۆ بوو , کە بەدیاریەوە دەبێت دەست دەخاتە دەستی دایکیەوە و لەگەڵ هەموو

ئازارێكیدا دایكی دەستی دەگوشێ و كوڕەكەشی پێی دەڵێت : دایە گیان خۆشم دەوێی .

جا بەڕاستی مرۆڤ گەورە و بچوك بەو سۆز و عاتیفە و خۆشەویستی یە دەژی كە یەكێك بۆی دەردەبڕێت .

**53- پیاوی ئەمین و بەوەفا :**

ئوم سەلەمە دەڵێت : خۆم و كوڕەكەم پاش یەك ساڵ دووری , كەویستمان كۆچ بكەین بەبیاباندا و بڕۆم بۆلای مێردەكەم لەمەدینە , عوسمانی كوڕی تەڵحە كە بازرگانێكی دەوڵەمەند بوو منی بینی , وتی : ئەوە چی دەكەیت ؟

وتم : دەچم بۆلای مێردەكەم .

وتی : وەرە سواری حوشترەكەم ببە من دەتگەیەنم , غیرەتی قبوڵی نەكرد ئافرەتێك ئاوا بەتەنهایی ئەو ڕێگایە بگرێتە بەر لەنێوان مەككە و مەدینەدا كە (450كم) ە.

ئوم سەلەمە باسی ئەمینی و وەفا و جوامێری عوسمانی كوڕی تەڵحە دەكات و دەڵێت : دەمزانی كەخوا پاداشتی ئەداتەوە ، لەفەتحی مەككەدا حەزرەت (د.خ) كلیلی كەعبە ئەداتەوە بە عوسمان وەك وەفایەك كەبنەماڵەی (بەنو شەیبەن)و دەفەرموێ : تا قیامەت دەبێت ئەو شەرەفە بۆ ئەو بنەماڵەیە بێت و كەس نابێت لێیان بسێنێ . دیارە كەسێك لەنەفامی دا ئەوەندە پیاو بووبێت , حەزرەت (د.خ) وەك وەفایەك و پاداشتێك كلیلەكەی ئەداتەوە دەست نەك هەر لەو سەردەمەدا بەڵكو تا قیامەت .

**54-كۆڵ نەدان :**

محمد أفضل خان پاكستانییەكی هەژاربوو دایك و باوكی بە ڕووداوی هاتوچۆ مردن ، لەبەر ئەوەی كەسی نەبوو , چوو بۆ شاری مانچستەر ولەگەڵ مامیدا ئەژیا , هەستی ئەكرد وەك بەندكرابێ , زمانی نەئەزانی و لەئامۆژاكانی تێنەدەگەیشت ولە قوتابخانە گاڵتەیان پێ دەكرد ،لەتەمەنی 17 ساڵیدا بوو بەسایەقی پاص و تەنها سەرەتایی و شتێكی تری كەمی خوێندبوو .

ئەو قوتابیانەی دەیگواستنەوە دەیبینن سەرگەرمی خوێندنن ، ئەمەبوو بەهاندەرێك كە دەست بكاتەوە بە خوێندن ، سانەوی ودواتر كۆلێژی یاسای بە یەكەمی بڕی و لەساڵی 2004 دا بوو بە عومدەی مانچستەرو لەحیزبی كرێكاراندایەو تەمەنی 53 ساڵەو هەوڵ ئەدات بشبێت بە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا.

**55-با خەڵەتاندن بڵاو نەبێتەوە:**

دەڵێن : خەلیفە مأمون ئەسپێكی زۆر عەجایەبی دەبێت لەناو هەموو ئەسپەكانیدا گرنگی پێ ئەدات , كابرایەكی سەرۆك هۆز دێت داوای لێ دەكات بەهەر نرخێك بێت پێی بفرۆشێت ، خەلیفەش ڕازی نابێت , دووەم جار دێتەوە هەر ڕازی نابێت , سێیەم جار دێتەوە هەر ڕازی نابێت , كابرا فێڵێك دەدۆزێتەوە تا ئەسپەكەی لێ بسێنێت , ڕۆژێك جلێكی پەڕپوت لەبەر دەكات و لەسەر ئەو ڕێگایە خۆی ئەدات بەزەویدا كە مأمون بەسواری ئەسپەكەیەوە بەویادا دێت بۆ پیاسەكردن بەناو باخ و باخاتەكانیدا و كابرا وا خۆی پیشان ئەدات كە ئازاری هەیە و نەخۆشە و

ئەکەوێتە هات و هاوار , مأمونیش بەزەیی پیادێتەوە و دادەبەزێ و دەیخاتە سەر ئەسپەکەی تایبیات بۆلای دکتۆری خەستەخانەی قەسرەکەی.
کابرا کە دەچێتە سەر ئەسپەکە پێی لێدائەگرێ و ئەسپەکە دەڕفێنێ ، مأمونیش هاوار دەکات و پێی دەڵێ : ئەمەی کردت لای خەڵك باسی مەککە بۆئەوەی خەڵکی واز لە چاکەکردن نەهێنن .

56-**خاوەنی ئوتێلی هولیدای ئین** :

والاس جۆنسۆن دارتاش بوو , لەتەمەنی بیستساڵیەوە لەکارگەیەکدا ئیشی دەکرد پاش بیست ساڵ کارکردن , کەتەمەنی چل ساڵ بوو بەبێ هۆ خاوەن کارگەکە ئیزنی دا , بێ ئیش و بێکار مایەوە , جۆنسۆن تەسلیم نەبوو , خانووەکەی خستە ڕەهنەوە و شتێ پارەی وەرگرت , چەند خانویەکی بچوکی وەك بەڵێندەرایەتی جێبەجێ کرد بۆ خەڵکی , لەبەر ئەوەی نەخشەکانی جوان بوون خەڵکی کارەکانیان پەسەند کرد و بەمەش وردە وردە دەوڵەمەند بوو , لە 55 ساڵیدا ئوتێلی (هۆڵیدای ئین)ی دروست کرد , پاشان گەیشتە ئەوەی کەلە زۆر وڵات ئەو ئوتێلە بەوناوەوە بکاتەوە ،جائەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ نابێت بێ هیوا بێت و دەست لە ئەژنۆ دانیشێت .

57- **دوعای دایك :**

ئوسامە لاوێکی سعودییە و دەڵێت : ویستم بچم بۆ باشترین کۆلێژی ئابوری بەریتانیا تا بەو شەهادەیەوە و بەشارەزایی تەواوەوە ئیدارەی کارەکانی خێزانەکەم بکەم کە خێزانەکەم دەوڵەمەند بوون .

بەڵام کێشەکەم زمانی ئینگلیزی بوو , ئەمەم بۆ دایکم باسکرد , ئەویش وتی : کوڕم ئەترسم دەرنەچیت لە تاقیکردنەوەی زماندا و ڕەنج بەخەسار بیت .بەهەرحاڵێ بوو چووم , بەڵام هەر لەسەرەتاوە هەستم کرد کە زۆر گرانە و ڕەنگە دەرنەچم ! پەیوەندیم کرد بەدایکمەوە . ئەمجارە دایکم زۆر هانی دام و وتی : هەوڵی تەواو بدە خوا کەریمە و منیش دوعات بۆ ئەکەم .
هەوڵی زۆرم داو چوومە تاقیکردنەوەوە , دوایی هاوەڵێکم پێی وتم : ئەزانی کەس دەرنەچووە , منیش لا ئیرادی وتی : نابێت من دایکم وتوویەتی : دەرئەچی , دوایی کە ئەنجامەکان وەرگیرایەوە لە سایەی خواوە بە دوعای دایکم دەرچووبووم .

58-**کیسەڵ و گەرمایی :**

دەگێڕنەوە منداڵێك کیسەڵێکی هەبوو , خواردنی دەدایێ و یاری لەگەڵ دەکرد , لەشەوێکی زستانی ساردا منداڵەکە ڕۆیشت بۆلای کیسەڵە خۆشەویستەکەی تا کەمێ لەگەڵیا یاری بکات , بەڵام ئەو خۆی خستبوە ناو قاپڵۆخە ڕەقەکەیەوە بۆئەوەی لەسەرمای ژوورەکە بیپارێزێت , هەرچەند هەوڵی دا کە سەر بێنێتە دەرەوە بە گوێی نەکرد , چەند پیاکێشا ئەو باشتر خۆی قایم دەکرد و نەدەهاتە دەرەوە , هاواری دەکرد و دەیقیژان بەسەریا سوودی نەبوو..
باوکی کە گوێی لەو قیژەو هاوارەی کوڕەکەی بوو هات بەدەمیەوەو لێی پرسی : کوڕم ئەوەچی یە بۆ وا تووڕەبویت ؟ ئەویش حاڵی خۆی لەگەڵ کیسەڵەکەیدا بۆ گێڕایەوە ..

باوكی بزەیەك گرتی و وتی : وازی لیّ بیّنە , وەرە بۆلای من , باوكی زۆپای ژوورەكەی داگیرساند و, هەردووكیان لەپەنای زۆپاكە دانیشتن و, پیّكەوە دەستیان بەقسە كرد , سەیریان كرد كەم كەم كیسەڵەكە سەری هیّنایە دەرەوە و بەرەو لایان هات , تاهەندیّ بەگەرمای زۆپاكە گەرم ببیّتەوە .. ئنجا باوكەكە بە كوڕەكەی وت : كوڕی خۆم ! دەبیّ لەم كیسەڵەوە دەرس وەربگری بۆ مامەڵەكردنت لەگەڵ خەڵكیدا ..

ئەگەر ویستت خەڵكی وابیر بكەنەوە كە تۆ بیر دەكەیتەوە , یان ڕای تۆیان پیّ پەسەند بیّت , بەزۆر و كوتەك كاری ناتوانی وایان لیّ بكەیت ,بەڵام ئەگەر بە سۆز و خۆشەویستیت گەرمتكردنەوە هاوڕات دەبن .. ئەمە یەكیّكە لەنهیّنی ئەو كەسایەتییانەی لەژیاندا كاریگەری جادوو ئاسایان لەسەر كەسانی بەرامبەریان هەیە بەبەخششی ماددی و مەعنەوی.

پەندە ئینگلیزیەكەش دەڵیّت : تۆ دەتوانی ئەسپ بەزۆر بەرەو ڕووبار ببەیت , بەڵام ناتوانی بەزۆر ئاوی دەرخوارد بدەیت .. هەروەها مرۆڤیش وایە دەتوانیت بەزۆر كۆڵیان پیّ بكیّشیت , بەڵام ناتوانی خۆشەویستی خۆت بەزۆر لەدڵیانا جیّگیر بكەیت .. ئەوەی خۆشەویستیت لەدڵی خەڵكیدا بۆ دروست دەكات ئەوەیە بەسووك سەیریان نەكەیت و , ڕیّزیان لیّبگریت و, بەدەمیانەوە بیت و, چاكەیان لەگەڵ بكەیت , ڕووخۆش و ڕەوشت بەرزبیت بەرامبەریان .. پیّغەمبەریش (د.خ) دەفەرمویّت : تەنیا بەماڵ بەخشین ناتوانن كەسبی دڵەكان بكەن , بەڵام بەڕووی خۆش و ڕەوشتی جوان دەتوانن ..

خوێنەری بەڕێز : دڵەكەت ئەو موگناتیزەیە دڵان بەرەو خۆی ڕادەكێشێت , لەبەرئەوە بەربەست لەنێوان دڵی خۆت و خۆشەویستەكانتدا لابە . كیسەڵەكەت لەبیر نەچێتەوە خەڵكی لە زستانی ژیانا بەشوێن شتێكدا دەگەڕێن گەرمیان بكاتەوە .

59- **وێنەگری گۆڤاری التایم :**

عەمرخالید دەڵێت : پێش چەند ساڵێك گۆڤاری تایم بابەتێكی لەسەر من بڵاوكردەوە وەك یەكێك لەسەد كەسایەتیی كاریگەری ساڵ و وتیان وێنەكەتمان دەوێت بۆ بەرگی گۆڤارەكە و وێنەگرەكەمانت بۆ دەنێرین لەئەڵمانیاوە بۆ قاهیرە , وێنەگرەكەیان هات بۆ قاهیرە و لە ئوتێل دابەزی , كەچووم بۆلای بەقات و بۆینباغەوە و بەخێرهاتنم كرد , وتی : من دوو ژوورم لەئوتێلەكە گرتووە یەكێكیان بەسەر نیل دا دەڕوانێت و یەكێكیان بەسەر قاهیرەی كۆن دا , جامن سەیری بەرنامەكانتم كردووە لە ئینتەرنێت دا دەزانم كە حەز دەكەی ڕووبەڕوو قسە بۆ خەڵك بكەی , جا حەزدەكەیت لەكام ژووردا وێنەت بگرم كە قسەدەكەیت , لەو ژوورەی كەبەسەر قاهیرەی كۆندا دەڕوانێت یان ژوورەكەی تر , كەخەریك بوو وێنەم بگرێت , وتی : حەز دەكەیت بەقاتەوە بێت , یان بەكراس و بۆینباغەوە , یان تەنها بەكراسەوە ,وتم : باشە چی فەرق دەكات ؟ وتی : زۆری فەرقە ! ئەوەی سەیری گۆڤارەكە دەكات پەنجا چركە لەسەر بەرگەكەی دەوەستێت و ئەگەر حەز دەكەیت تەركیز نەكاتە سەر دەموچاوت ئەوە بە قات و بۆینباغەوە ڕەسمەكەت دەگرم ,

ئەگەر حەزیش دەکەیت تەرکیز بکاتە سەر دەموچاوت بەکراسەوە وێنەکەت دەگرم , منیش وتم بەکراسەوە وێنەکەم بۆ بگرە ..
ئالەمەوە تێگەیشتم کە وردەکاری و ئیتقان لەئیش دا ئەبێت چۆن بێت , بۆ تاقە وێنەیەك ئەم هەموو حیساب و کیتابەی بۆ دەکەن .

**60- ئەوەی بۆخوا وازی لیٚ بهێنی :**

بیلال گەنجێکە خەڵکی سوریایە و لەکوەیت دەژیا لەگەڵ ماڵی باوکیا , ئاواتی ئەوەبوو کۆلێژی پزیشکی بخوێنێت , زۆر هەوڵی دا نمرەیەکی باشی هێنا و چوو بۆ ئیسپانیا بۆ خوێندنی کۆلێژی پزیشکی , ساڵی یەك و دوو سیٚ ی تەواو کرد , ماڵی باوکی بڕیاریان دا بچن بۆ کەنەدا , لەبەر بەرزی نمرەی ئەو وڵاتە نەیتوانی ئەمیش خوێندنەکەی بگوێزێتەوە . باوکی لەکەنەدا مرد , دایکی پەیوەندی پێوە کرد کە واز لەخوێندنەکەی بهێنیٚ و بگەڕێتەوە بۆ کەنەدا شتێکی تر بخوێنیٚ , ئەمیش دەڵیٚ : تەنها سیٚ ساڵم ماوە بەڵکو تەواوی بکەم . دواتر فەرمودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) دەبینیٚ کە دەفەرموێت (من ترك شيئا لله عوضه الله خيرا منه) بۆیە تەلەفون بۆ دایکی دەکات و لەبەر خوا دەگەڕێتەوە بۆ کەنەدا بۆلای .

بیلال لەکەنەدا ئەچێتە کۆلێژی یاسا ، سەرەتا زۆری پێناخۆش دەبێت , کەتەواوی دەکات ئەبێتە پارێزەری کۆچبەران و پەناهەندەکان , ئێستا لەنوسینگەکەیدا چەند پارێزەری کەنەدی ئیش دەکەن , بیلال سوێند دەخوات کە ئێستا سیٚ ئەوەندەی پزیشکێکی دەست دەکەوێت و دایکیشی لیٚی ڕازی یە .

بیلال بووە بە بەڕێوەبەری (صناع الحياة) لەکەنەدا و کەسایەتییەکی ناسراوە لەو وڵاتەداو لەهەندیٚ ئیش دا حکومەت ڕاوێژی پێدەکات .

**61- یارمەتی خواو نیەت :**

کاتێك خالید لە عێراق دەبێت ، ڕۆمەکان دەیانەویٚ لەشامەوە هێرش بکەن ، فەرمانی بۆدیٚ زوو بەسوپاکەیەوە بگاتە شام ، پرسیاردەکات لەبارەی ڕێگاوە ، دەڵێن : ڕێگایەکی کورت هەیەو زوو دەگەیت بەڵام سەختەو پڕ مەترسییەو ڕێگای تریش هەیە سەلامەتەو دوورترە ، ئەویش راوێژی بە وانە کرد کەلەگەڵی بوون و وتی :براکانتان لەشام لەمەترسیدان ، بەکام ڕێدا بڕۆین ، هەموو ڕێگا نزیکەکەیان هەڵبژارد هەرچەند پڕ مەترسی بوو. ئەو ڕێگەیەیان گرتە بەرو زوو گەیشتنە شام،خالید وتی : یارمەتی خوا بۆ مرۆڤ بە پێی نیەتەکەیەتی .

**62-فوزان خان :**

فوزان خان گەنجێکی کەنەدی یەو بەڕەچەڵەت پاکستانی یەو تەمەنی 22 ساڵە , ئاواتی ئەوەبوو کە کۆبونەوەیەکی چوار ڕۆژی ساڵانە بۆ ژمارەیەکی زۆر لەموسڵمانانی جیهان و باکوری ئەمریکا سازبکات و تیایا یەکتری بناسن بەرنامەی باش دابنێن بۆ خزمەتی خۆیان و ئاینەکەیان .

فوزان لەزانکۆ بوو پارەی قەرز دەکرد و هاوکاری کۆدەکردەوە و پەیوەندی بەعەمر خالیدەوە دەکرد لەمیسر و پەیوەندی دەکرد بە د. تاریق سوەیدانەوە لەکوەیت و پەیوەندی دەکرد بە شێخ شورەیمەوە , ئنجا لەوەزارەتی دەرەوەی کەنەداوە داوەتنامەی دەنارد و بەمجۆرە لە کۆنفرانسێکی بیٚ وێنەدا توانی سیٚ هەزار مناڵ و گەورە و ژن و پیاوی

موسڵمان کۆبکاتەوە , لە کۆنفرانسی پێنج دا کە ئەو ژمارە زۆرەی بینی و خەوەکەی هاتەدی لەخۆشیا گریا و سوپاسی خوای کرد .

63- **میهرەبان بە :**

عەمر خالید دەڵێت :چووم بۆ منفلوط بۆ ئەو دێ یەی کە شەفەندەفەرێك دابووی لەپاصێکی قوتابخانە و ژمارەیەکی زۆر قوتابی کوشتبوو , ڕووداوەکە زۆر ناخۆش بوو , سەردانی ئافرەتێکم کرد کە حاڵی زۆر پەرێشان بوو بۆ دووکوڕی کەلەو پاصەدا تیاچووبوون , سەیرم کردحاڵی باشتر بووە و قسەدەکا و ناگری , لێم پرسی بەچی سەبوریت بۆهات ؟

وتی : خەڵکی دێ و پیاوماقوڵان بەعەقڵ قسەیان لەگەڵ کردم سەبوریم بۆنەهات , پیاوانی خاوەن کاری دەوڵەمەند یارمەتی زۆریان دام , پارە چی لێ بکەم دووکوڕم بەو ڕووداوە ناخۆشە تیاچوون و جەرگم سوتاوە , میدیاکاران و هەواڵنێران هاتن کە دەنگوباسی من بگەیەنن سەبوریم بۆنەهات و زانیم تەنها ئیستیغلال کردنە و هیچی تر .. بەلاَم کاتێ چەند کچێ هاتن بۆلام و باوەشیان پیاکردم و لەبەردەمما چۆکیان دایا و وتیان : ئێمە وەك کچی خۆت سەیر بکە و لەخزمەتتداین بەوە سەبوریم بۆهات , چونکە هەمووومان پێویستمان بەسۆزوعاتیفەیە زیاتر لەهەموو شتێك کەئەوانیش جەماعەتی (صناع الحیاة) بوون .

64- **باری شانت سوك بکە :**

مامۆستایەکی بەشی کۆمەڵایەتی زانکۆ , سەیری قوتابیەکانی دەکرد سەروچاویان تەواونیە و باری شانی خۆیان قورس کردووە بەخەم و خەفەت , ویستی وانەیەکی کردەییان دابات , بوتڵێ ئاوی گرت بەدەستیەوە و وتی : ئەمە چەند قورسە ؟

وتیان : دووسەد گرامێك دەبێت , دەستی بەرزکردەوە وتی : ئەمە ئاسانە هەڵگرتنی بەدەست ؟ هەموو وتیان : گومانی تیا نیە سووکە و ئاسانە !

وتی : ئەی ئەگەر کاتژمێرێك دەست ڕاگرم و ئەوەم بەدەستەوە بێت , ماندوو دەبم ؟

وتیان : بەڵێ , هەرچەند سووکە بەلاَم بەردەوام بۆماوەیەکی درێژ بەدەستەوە بەرزی بکەیتەوە ماندوو دەبیت !

ئنجا وتی : دەی کێشەکانیشتان و خەم و خەفەتتان هەرچەند کەمیش بێت , ئەگەر دای نەنێن ئەوا ماندووتان دەکەن !

65-**لەمالیزیاوە :**

ئەمە چیرۆکی ئەمانەت و دەست پاکی یە لەمالیزیاوە , دکتۆر ئوسامە البار پارێزگاری مەککەیە , مالیزی یەك ئەچێ بۆحەج و بەبێ ئەوەی پێبزانێت بەردێك لەگەڵ خۆی دەباتەوە , کەهی موزدەلیفەیە , نامەیەك بۆ پارێزگار دەنوسێ و دەڵێت : ئەو بەردەم بەهەڵە بردووە و ئەمانەتە کە بیگێڕمەوە بۆتان و سەد ڕیاڵیشی لەگەڵ دەنێرێت تابەردەکە بەرنەوە جێی خۆی ،کە پارێزگار دەیخوێنێتەوە نامەیەکی سوپاسی بۆ دەنێرێت لەسەر ئەمانەتەکەی و چەند دیارییەك و پارەکەشی بۆ دەنێرێتەوە .

ئەو پارێزگارە وتی : هەوڵ ئەدەم چەند بۆم بکرێت جارێکی تر دەعوەتی بکەمەوە بۆ حەج !

**66- لەرواندا‌وە :**

ولاتێكی ئەفریقیە 11ملیۆن كەس بوون لەدوای 1994 دا ملیۆنێ كەسیان لەیەك كوشت و مانەوە 10 ملیۆن .

رۆژێكیان هەیە ، هەموو گەل بە سەرۆك وەزیرانەوە دوا شەممەی مانگ سەعات 10 ی بەیانی تا 2 ی پاش نیوەڕۆ هەرجارە و شتێ دەكەن, پاككردنەوە , بۆیەكردن, ...هتد, 5٪ یان موسڵمانن وتاربێژەكان باسی دەكەن , هەموو هاوكارن وئەو رۆژە بازاڕنابێت , تەنها خەستەخانە و دەرمانخانە دەبێت , ئەگەر یەكێ نەچێت 2$ غەرامەی دەكەن , شەش مانگ یەكێ نەچێ دادگایی دەكرێت ورەنگە رەگەزنامەی لێ بسەننەوە.

**67- منم ئەخەوم لەكاتی زریاندا !**

لە كالیفۆرنیا كابرایەك مەزرەعەیەكی گەورەی هەبوو لەنزیك ئۆقیانوسەوە , زریانیش جارجار دنیا كاول دەكات , هەرچی دەهێنێ ئیشی بۆ بكەن نایكەن لەبەرئەوەی ئیشەكەی نارەحەتە , ئیعلانێكی كرد یەكێك هات , پرسیاری لێكرد وتی : تۆ مواصفاتت چی یە ؟

وتی : منم ئەخەوم لەكاتی زریاندا ؟ ئەم قسەیەی لا سەیر بوو , بەهەر حاڵ كەوتە ئیش كردن لەلای .

جوتیارەكە ئیشی خۆی بەچاكی كرد , پاش مانگێك زریانێك هات كابرای خاوەن مەزرەعەكە بەپەلە چوو , سەیری كرد خەوتووە چونكە حیسابی بۆهەموو شتێك كردبوو !

.

.

**68-عولای ئەسكەندەرانی :**

ناوبراو یەكێكە لەئەندامانی كۆمەڵەی (صناع الحیاه) , لەئەسكەندەریە دائەنیشێ , لەكۆلێژی دەرمانسازی وەردەگیرێت لەشاری (طنطا) , هەموو رۆژێ بەیانیان زوو دەچوو چاوەڕێی شەمەندەفەری دەكرد و , بیتاقەی دەبڕی , هەموو رۆژێك خەڵكێكی زۆر لەسەرەدا دەبوون و هەندێكیان بیتاقەیان دەست نەدەكەوت و جێیان بۆ نەدەما , جارێكیان ئافرەتێكی بەتەمەن كە بیتاقەی دەبڕی , كەزانی بیتاقەی بۆنەماوە پێی وت : وەرە بیتاقەیەكم بۆداناوی , چەند جاری تریش فریای كەوتووە , نەیئەزانی بۆچی ؟

رۆژێك لێی پرسی : تۆ بۆ ئەم چاكەیە لەگەڵ من ئەكەیت ئاخۆ ئەمناسیت ؟ وتی : نەخێر ناتناسم , بەڵام تۆ تەنها كەسیت كە دێیت بیتاقە دەبڕیت ڕووت خۆشە و زەردەخەنەت لەسەر لێوە تەنانەت ئەگەر بیتاقەش نەمێنێت بۆت , هی وا هەیە تەلەفونەكەی بەگوێ وەیە و بە بێم و بالاتی دێتە بەر پەنجەرەكە , هی وایە ئاخ و ئۆفێتی لەبەر وەزعەكە , هی واش هەیە قسەی نابەجێ دەكات ئەگەر بیتاقەی بۆ نەمێنێت .

ئەمەش بەڕاستی وانەیەكی گەورەیە لەزەردەخەنەی سەر لێودا كەسەدەقەیە (تبسمك فی وجه أخیك صدقه) ,وە لەبەر گرنگییەكەیەتی كەكراوە بەشیعارێك و شارەوانی ئەڵمانیا لەشوێنیە گشتیەكاندا هەڵی واسیوە .

.

.

**69- ئاوات و ئامانج :**

عەمر خالید دەڵێت : ژیان بەبێ بوونی ئاوات و ئامانج هیچ مانایەکی نیە , گەورەترین نیعمەت و بەهرەی مێشك ئەوەیە کەدەتوانێت بیر لەداهاتووی بکاتەوە و ئاوات ئامانجی دیاری بکات , ئەمەش تەنها لای مرۆڤ هەیە , چونکە یەکێکە لەهۆکارەکانی بەرەو پێش چوونی مرۆڤایەتی و ژیان , شێرێك کە شای گیانلەبەرانە بەرنامەی نیە بۆداهاتووی و بیر لەداهاتووی ناکاتەوە ..

دوو سێ ساڵ جارێك بۆ تیژکردنەوەی ئاوات و ئامانجم ئەچم بۆ مەککە تا لەو جێ و ڕێ پیرۆزەدا بیرێك لەخۆم و داهاتووم بکەمەوە و بەئاوات و ئامانجمدا بچمەوە .

پێغەمبەر(د.خ) ئاوات و ئامانج و (حیلم) ی بۆهاوەڵانی دیاری دەکرد , کاتێ عەدی کوڕی حاتەم هاتە لای پێی فەرموو : ئەی عەدی ڕەنگە بڵێی هەژارن و بێ دەسەڵاتن .

بەخوا ئەوەندە پارە زۆر دەبێ تا کەسێك دەست ناکەوێ خێری بەیتێ , ئەوەندەش ئاسایش بەرقەرار دەبێت ئافرەتێك بەبێ ترس لەسەنعاوە دێت بۆ حەزرەمۆت , یان لەحیرەوە (لەعێراق) دێ بۆ مەککە و فەتحی فارس دەکەن و زێڕ و زیوەکانیان لەڕێی خوادا سەرف دەکەن .

هەرواش دەرچوو کەحەزرەت (د.خ) فەرمووی و تەنانەت عەدی ئەوەی بەچاوی خۆی دی و لەجەنگی فارسیش دا بەشداری کرد .

.

.

**70- نەخشەی کۆن :**

ناتوانی بەدوای خەزنەیەکدا بگەڕێیت بەنەخشەیەکی کۆن , لەبەرئەوەی بەردەوام شتەکان لەگۆڕاندان ئەبێ نەخشەی تازەت پێ بێت .

برادەرێك کتێبێکی شەکیب ئەرسەلان دەخوێنێتەوە کە زیاتر لەسەد ساڵ لەمەوبەر لەسەر ئەستەمبوڵ نوسیویەتی , زۆر سەرسام دەبێت بەمزگەوتی شین , کاتێك دەچێت بۆ ئەستەمبوڵ باسی ئەو مزگەوتە دەکات هەندێ کەس نایزانێ , تا سایەق تەکسی یەك دەیباتە مزگەوتەکە سەرسام دەبێت بەوەی کەزۆر شتی گۆڕدراوە بەتایبەت دەوروبەری و, وەك ئەوە نیە کە لەکتێبەکەدا هاتووە .

**71-خەو وخەیاڵ :**

یاریزانی تێنس ئەگاسی لەهەژدە ساڵی دا بووە پاڵەوانی جیهان لەتێنس دا , لەچاوپێکەوتنێکدا پرسیاریان لێکرد لەبارەی ئەوەی هەست بەچی دەکات لەو بردنەوەیەدا ؟ وتی : من ئەوە دەهەم جارمە دەیبەمەوە , لایان سەیربوو , وتی : من دە ساڵە خەوی پێوە دەبینم و خۆمی بۆ ئامادە دەکەم و هەموو ساڵێ وا دەزانم من یەکەم بووم .

(مارادۆنا) دە ساڵ ئاوات و ئامانجی ئەوەبوو کاسی جیهانی تۆپی پێ بگرێت بەدەستیەوە کە ئاوات و ئامانجەکەی هاتە دی , ئیتر ئاوات و ئامانجێکی تر نەبوو هەوڵی بۆبدات کەوتە تلیاك کێشان !

ئاوات و ئامانج ئەبێ بە (3D) ببینی و لەگەڵیا بژیت، نەهەر خەوی پێوە ببینی , بەڵکو نەهێڵێ بخەویت !

(ئەلبەرت تۆمس) لاوێکی بالآبەرزی سیسەڵەی ئەمریکی بوو لەکالیفۆرنیا ,هاوەلآنی گاڵتەیان پێ دەکرد , لەوانەکانیا خراپ بوو , توشی گۆشەگیری بووبوو نەیئەتوانی چوار دێڕی ڕێك و پێك دەربڕێ ! لەگەڵ کۆمەڵەیەکی خێرخوازیدا کاری کرد بۆماوەی دوو مانگ , چالاك بوو شەهادەیەکی ڕێزلێنانیان دایە و کردیان بەنوێنەری خۆیان بۆ تەنسیق کردن لەگەڵ کۆمەڵەکانی تردا .. بەمە هەستایەوە و بۆی بوو بەئەزمونێکی سەرکەوتوو , دواتر ناوبراو سیانزە ساڵ بووە ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکی .

جۆن لاوێکی ئەمریکی بوو شەربەتی لیمۆی دەفرۆشت بەگەشتیاران لە کەنار دەریا لەکالیفۆرنیا لەسالآنی چلەکاندا , بەدەم کارەکەیەوە لەگەشتیارانی دەپرسی لەبارەی ئوتێلەکانیانەوە و سەرنجەکانیانی تۆمار دەکرد ,دواتر حاڵی باش بوو چێشتخانەیەکی بچوکی کردەوە و بەردەوام ڕاو سەرنجی خەڵکی وەردەگرت تا ئەو کەموکورتی و تێبینیانەی خەڵکی لای خۆی چارەسەر بکات .

سەرەنجام ئوتێلێکی دروست کرد و زۆر سودی بینی لە تێبینی و سەرنجەکانی گەشتیاران , ئێستا زنجیرەیەك ئوتێلی هەیە لەجیهاندا بەناوی (جۆن ماریۆت) .

**72- ئاوات و ئاما نجێك بۆخۆت دیاری بکە:**

عەمر خالید دەڵێت :من حەوت سەعات لەفڕۆکەدا کە چووم بۆ کەنەدا بیرم دەکردەوە لەو ئاوات و ئامانجەی کەهەمە , من دەمەوێ بەشداربم لەدروست کردنی نەوەیەکدا کەئیش بکات بۆ بوژاندنەوەی وڵات , دیارە ئەبێ هاندەرێکم هەبێ بۆ ئەم کارە , هاندەرەکەشم ئەوەیە کەدەمەوێ بچمە بەهەشتەوە .

ئەبێ ئاوات و ئامانجمان دیاری بکەین و هاندەرمان هەبێت و ئنجا دوعاش بکەین خوا سەرمان بخات و دەستمان لێ بەرنەدات , ڕاستە من ئەو عابیدە نیم کە شایانی باس بێ , بەلآم سوپاس بۆخوا دوعام نەکردووە گیرانەبووبێت , ئەگەر پاش ساڵێکیش بووە , دوعا کردن هەرچەند بۆخۆی عیبادەتە , بەلآم سودێکی تریشی هەیە کە ئەو دوعایە بەزۆر وتنەوەی لەلا شعوردا دەچەسپێت !.

هەرکەسە و کلیلی خۆی هەیە بۆ هاندان , برادەرێکم لەبەریتانیا هاوەڵێکی لەگەڵدا بوو بەناوی (ماریۆ) کە پورتوگالی بوو , ئیمانی بەهیچ نەبوو , پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر ئیمانی هێنا بەخوا و بە ئیسلام , بەلآم دەیوت : قورسە واز لە مەی و ئافرەت بهێنێ , وتی : مەی بەهەرحاڵ .

بەلآم ئافرەت چۆن ؟ وتی : تۆ پێت خۆشە ئەوە بەرامبەر دایکت و خوشکت بکرێت , وتی : جا ئەوان ئازادن چی ئەکەن و چی ناکەن .

هەرئەم وشانە بوو کە حەزرەت (د.خ) بەگەنجێکی فەرموو : سوودی لێ بینی , بەلآم دیارە ئەم کلیلە بۆ ئەم (ماریۆ)یە دەست نادات و ئەبێ بە شتی تر بیگری و بەکلیلی تر دڵی بکەیتەوە .

ئاواتم بوو کەکەسێکی دەنگ خۆشی سپۆرت پەیامی هونەر بگەیەنێ , تائەوە بوو خوا سامی یوسفی نارد کە بەڕاستی لێهاتووە و بەهونەرێکی پاکی جوان پەیامی خوا دەگەیەنێ بەگەلانی دنیادا.

## 73- سەفیری بەریتانیا لە قاهیرە :

(جێمس وات) سەفیری بەریتانیا لە قاهیرە لە چاوپێکەوتنێکدا وتی : خۆزگە سەد کەسی وەك عەمر خالیدمان هەبوایە . بەڕاستی ناوبراو هەرچەند لەوڵاتەکەی خۆی دەرکرا , کەچی لە بەریتانیا خزمەتێکی زۆری پێشکەش کرد لەڕێی کۆمەڵەی خێرخوازی (رایت ستارت) ەوە , وەئێستاش کەگەڕاوەتەوە میسر هەوڵی چاکسازی و خزمەتە بەخاك و خەڵك .

## 74- گرنگیدان بەبەهرەی بەرامبەر :

کاتێك فەتحی مەککە کرا و بیلال چووە سەر دیواری کەعبە بانگی دا پێغەمبەر (د.خ) گوێی لەگەنجێك بوو بەناوی سەلەمەی کوڕی موعەمەر کەلاسایی بیلالی دەکردەوە و هەندێ لەوانەی موسڵمانیش نەبووبوون پێدەکەنین . حەزرەت (د.خ) بانگی کرد , ئەویش ترسا وایزانی لەسەر ئەوە سزای دەدات, کەچی ئەو پێغەمبەرە کە خوای گەورە نازناوی (رؤوف رحیم) ی داوەتێ فەرمووی : سەلەمە تۆ دەنگت خۆشە , ئەڵێی چی با فێری بانگت بکەم .

وتی : باشە , فێری کرد و دەستی هێنا بە سنگیدا , دوایی فەرمووی : دەتەوێ ببی بە بانگبێژی مەککە ؟؟

وتی: جا ئەو کارە بەمن دەسپێری ؟

فەرمووی : بەڵێ .. جالەو ساتەوە بووە بانگبێژی مەککەو ئەگەر میهرەبانی ئەو زاتە نەبوایە دنیا و قیامەتیشی لێ دەشێوا .

.

## 75- پێغەمبەری میهرەبان :

بەریرە خزمەتی دەکرد لای عائیشە و پاش ماوەیەك ئازادی کرد , بەریرە ژنی موغیث بوو کە ئەویش کۆیلە بوو , پاش ئازادبوونی بەعورف و عادەتی ئەو زەمانە حەزی نەکرد لای بمێنێتەوە و داوای جیابونەوەی کرد. کە بەریرە جیابۆوە تەوافی دەکرد و موغیث یش بەدوایا دەڕۆشت و دەگریا و دەپاڕایەوە , کەحەزرەت (د.خ) ئەمەی بینی بە عەبباسی مامی فەرموو: نەمدیوە پیاو ئەوەندە ئافرەتی خۆش بوێ و ئافرەتیش نەبووە ئەوەندە لەمێردەکەی بێزاربێت .. بە موغیث ی وت : دەتەوێ قسەی لەگەڵ بکەم , وتی : واللە خێرت دەگات , قسەی لەگەڵ کرد و فەرمووی : ناکرێ بگەڕێیتەوە بۆلای ؟

ئەویش وتی : ئەمرە یان تکایە ؟ فەرمووی : تەنها تکا و شەفاعەتە ..

وتی : بەخوا نامەوێ و کارم پێی نیە , فەرمووی : تۆ ئازادی .

## 76- پێغەمبەری مرۆڤایەتی :

عەمر خالید دەڵێت :ڕۆژێك لەبەریتانیا کاتی نوێژ بوو , لەبەرئەوەی مزگەوت لەو ناوە نەبوو لەپەنایەکدا لەسوچێکی ئوتێلێکدا نوێژم کرد , هەستم کرد بەهەنگاوەکانی کەسێك کەبەرەو من دێت لەدواوە پاش چەند هەنگاوێك وەستا , کەتەواوبووم ژنێکی هیندی بوو , وتی : دوعام بۆبکە نەخۆشی شێرپەنجەم هەیە .

منیش دانیشتم بەئینگلیزی کەوتمە دوعا کردن بۆی و ئەویش ئامینی دەکرد و دەگریا , دوایی وتم : ئەزانی کێ ئەم دوعایانەی فێرکردوین ؟ وتی : کێ ؟ وتم : **محمد** پێغەمبەر(د.خ) , وەئەویش فێری ئینسانیەتی

کردوین ،کاتێك جەنازەیەك بەلایا تێدەپەڕی لەبەری هەڵدەستا ؟ هاوەڵان وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) ئەوەجوولەکەیە ! فەرمووی (ألیست نفسا)مەگەر ئەویش نەفسێك نییە ؟؟. ژنەکە وتی : بەڕاستی پێغەمبەرەکەتان کەسێکی مرۆڤ دۆست بووە.

### 77- **بەوەفایی حەزرەت:**

کاتیٚ فەتحی مەککە کرا ئوسامە وتی : لەکویٚ دەمێنیتەوە ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ)؟ ,ئەویش فەرمووی : جا عەقیل (کەبرای ئیمامی عەلی بوو هێشتا کافربوو وە دەستی گرتبوو بەسەر ماڵی پێغەمبەردا)ماڵی بۆهێشتینەوە ؟؟ وتی : جالێی بسێنەرەوە , فەرمووی : نا لەبەرخاتری ئەبوتالیب لیٚ ی ناسەنمەوە .

وتیان : ئەی چی بکەین ؟

فەرمووی : خێمەیەکم بۆهەڵدەن لای قەبرەکەی خەدیجەوە , کەئەو هاوکارم بوو لەناخۆشیەکاندا , بالە خۆشی و سەرکەوتنەکەشمدا بەشدار بێت , کە چواردەساڵ لەوەوبەر وەفاتی کردبوو .

وتیان : باخانویەکت بۆدروست بکەین .

فەرمووی : نا بائەنسارەکان بزانن کەنامێنمەوە و دەگەڕێمەوە لایان (کاتی خۆی وەعدی دانیٚ کەژیان و مردنی لای ئەوان بێت) ..

سبحان الله لەو وەفایەی حەزرەت(د.خ) بەرامبەر ئەبو تاڵیب و هاوسەرەکەی و ئەنصارەکان .

.

.

### 78- **حساب کردن بۆ خۆشەویستی** :

حەزرەت (د.خ) لەشەڕی ئوحوددا کەئەو هەموو نارەحەتییەیان بەسەر هات و حەفتا هاوەڵی شەهیدبوون , لەکاتی ناشتنیاندا فەرمووی : بگەڕێن جەنازەی عەمری کوڕی جەموح و عبدالله ی کوڕی حیرام بدۆزنەوەو بەیەکەوە بیانێژن , چونکە لەدنیادا یەکتریان خۆشدەویست ...

سبحان الله لەوکاتە دژوار و ناهەموارەدا کەدەترسان دوژمن بدا بەسەر مەدینەدا , کەحەزرەت (د.خ) تیایا بریندار بوو , ئنجا بیری وا لای خۆشەویستی نێوان دووهاوەڵ و حسابی بۆدەکات .

بەڕاستی پێغەمبەرێکی مەزنە و حسابی بۆ هەموو شتێك کردووە . یان لەفەتحی مەککەدا لەگەڵ پیرێژنێکی هاوەڵی خەدیجەدا دائەنیشیٚ , بەیادی جارانەوە , بەیادی خەدیجەی هاوسەر و هاوخەبات و هاوسەنگەریەوە , کەخۆی و چی هەبوو لەپێناوی خوادا بەخشی , ئەبێت حەزرەت (د.خ) چەند حەزی کردبیٚ خەدیجە بمایە و ئەم سەرکەوتنەی ئیسلامی بدیایە و چاوی ڕوون ببوایەتەوە .

خۆشەویستی و گرنگی پێدان مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لەژیاندا , عەمر خالید دەڵێت : (دانیا) ئافرەتێکە لەسعودیە ئێستا دکتۆرای هەیە , تەلەفۆنی بۆکردم و خەفەتی لەوە دەخوارد کە دایك و باوکی وەکو پێویست نین لەگەڵیدا , منالٚ و گەورە هەردووکیان پێویستیان بەخۆشەویستی هەیە , منالێك بەدایکی دەڵێت : تۆ کەی منتت بوو , ئەویش وتی: لەبیست و هەشت ساڵیدا , وتی: باشە چۆن من و تۆ 28 ساڵ لەیەکتری دووربوین و یەکترمان نەناسیوە ؟! .

ئەکتەری بەناوبانگی جیهانی عومەر شەریف دەڵێت : کەلەدەرەوە دەبم لەهەموو لایەکەوە کەسانێك دێنە لام و حەزدەکەن وێنەم لەگەڵ بگرن , بەڵام بەداخەوە کەدەچمە ماڵەوە مناڵەکانم لەگەڵ نین و لێم دوورن هەست بەتەنهایی و نامۆیی دەکەم .

**79-مرۆڤ پێویستە بەوەفا بێت :**

عەمر خالید دەڵێت : صالح کامل(خاوەنی کەناڵی اقرأ)زۆرهاوکاری کردووم ،برادەرێك تەلەفونی بۆکردم بۆ لەندەن و وتی: صالح کامل لەمیونخ عەمەلیاتی دڵ دەکات , دکتۆرەکانیش تەنها یەك دەقە دەیەڵن ببینی و دەبێ بێتە دەرەوە. وتم تەلەفۆنێکی بۆ دەکەم بۆ ئەحواڵ پرسین برادەرەکەم وتی : عەیبە نەچی بۆلای , وتم : بۆ دەقیقەیەك ؟ وتی : ئەوە وەفایە ! چووم بۆ فرۆکەخانە و چومە میونیخ و تەکسیم گرت بۆ نەخۆشخانەکە و ئەحواڵم پرسی بۆ یەك دەقە و هەندێ لەکەس و کارەکەیم بینی وهاتمە دەرەوە سواری تەکسیەك بوومەوە بۆ فرۆکەخانە , بەڵام لە فرۆکەخانە هەستم کرد تەرمۆمەتری ئیمانەکەم فڕی , هەروەك مەلائیکەتێك بەتایبەت کەمن لەبەرخوا ئەوکارەم کردبوو دڵم پڕکات لەئیمان و بەخۆمم وت : فرسەتە دوعا بکە .

لەئەدەبی ئینگلیزیدا , چیرۆکێك هەیە کەمناڵان فێری وەفا دەکات , لەجەنگی جیهانی دووەمدا سەرکردەیەکی سوپا هەستی کرد ورەی سەربازەکانی ڕۆژبەڕۆژ دادەبەزێت , بۆیە بیریان کردەوە کە ئافرەتانی بەریتانیا نامە بۆ سەربازەکان بنێرن و کارەکانیان بۆ ئاسان بکەن تا هیوایان بۆ بێتەوە و دڵ بەژیان خۆش بکەن , یەکێ لەوانە کەلە جەنگەکە ڕزگاری دەبێت و ناکوژرێ , نامە بۆ ئافرەتەکە دەنێرێت کەمن وا دەگەڕێمەوە چۆن بتبینم خۆمن تۆم نەدیوە و ناتناسم , ئەویش وەڵامی بۆ ناردەوە کەمن لەوێستگەی شەمەندەفەر دەوەستم و گوڵێکی سوور دەکەم بەسنگمەوە .

کە سەربازەکە لە وێستگەکە دادەبەزێ چاو دەگێڕێت ئافرەتێکی ناشرین دەبینێ گوڵێکی سوور بە یەخەیەوەیە ، تۆزێ بیردەکاتەوە بەجێ ی بهێڵێ و ئیهمالی کات یان نا ، ئاخر چۆن ئەو ناشرینە بهێنێت ، لە دەروونیدا زۆر دەیهێنێ و دەیبا دواتر بڕیاردەدا بچێ بۆ لای وەك وەفایەك چونکە بەهۆی نامەکانی ئەوەوە بووە کە هیوای بۆ گەڕاوەتەوە و لە ژیاندا ماوە .

کەئەچێ بۆلای ئەڵێ : تۆ ئەو ئافرەتەی کەنامەکانت بۆ من دەنارد؟ ئەڵێ : نەخێر ئەوەی نامەکانی بۆ دەناردی ئەو ئافرەتە جوانەیە کە لەویا دانیشتووەو گوڵەکەی کرد بەیەخەی منەوە تا وەفای تۆ تاقیبکاتەوە .

**80-وەفایەك بۆ هاوسەر :**

پیاوێکی جوتیاری هندی ناوی (دشراس مەنجا) یەو لەدێ یەکی هیندستان دەژی کەدووری لەشارێکەوە حەوت کیلۆمەتر دەبێت , بەڵام لەبەر ئەوەی زنجیرە چیایەکی سەختیان لەنێواندایە بەڕێگایەکدا دێن بۆشار کە حەفتا کیلۆمەتر دەبێت , ژنەکەی نەخۆش دەکەوێت و ناتوانێ بیگەیەنێتە شار بۆیە هاوسەرەکەی دەمرێت لەساڵی 1960 دا , لەبەرئەوەی هاوسەرەکەی زۆر خۆشدەوێت و ڕێگاکەش هۆکار بوو بۆ نەگەیشتنە خەستەخانە ی بڕیاردەدات کە بەو شاخە سەختەدا ڕێگایەك بەپاچ و پێمەڕە بکاتەوە , خەڵکەکە وادەزانن شێت بووە , پاش بیست ساڵ بە

تەنها ڕێگایەکی نۆ مەتری دەکاتەوە , کە دەگاتە کۆتایی یەکەی لەسەرەتای 1982 دا لەسەر دوا بەرد دەنوسێت هاوسەری بەوەفای خۆشەویستت .

**81-چاکە ون نابێت :**

کوڕە جوتیارێك لەدێکەیانەوە دەچێت بۆ دێیەکی تر , زۆر برسی و تینوو دەبێت , دەگاتە یەکەم ماڵی دێیەکە لەدەرگا دەدات و کچێك دەرگا دەکاتەوە ، ڕووی نایەت داوای خواردن بکات و تەنها داوای ئاو دەکات , کچەکەش یەك جامی گەورە شیری بۆ دێنێت, ئەمیش تێری لێ دەخواتەوە و ئەڵێ : ببورە تەنها جونەیهێکم پیێ یە , ئەڵێ : من دایکم وای فێرکردووم پارە لەسەر چاکە وەرناگرم .

پاش چەند ساڵ ئەو کوڕە دەخوێنێ و دەبێتە دکتۆرێکی ناودار , ئەم کچەش تووشی نەخۆشی یەکی قورس دەبێت, دکتۆرەکان پشکنینی بۆدەکەن و پێویستی بەنەشتەرگەری دەبێت و پارەیەکی زۆریشی تێدەچێت , پرس ورا بەو دکتۆرە ناودارە دەکەن , ئەویش دێت بۆلای و پرسیاری لێ دەکات خەڵکی کوێ ی ؟

دەڵێ : فلانە دێ ؟! دەڵێ : ماڵتان لەکوێدایە ؟

دەڵێ : لەسەرەتای دێ یەکەوە , دکتۆرەکە بیری دەکەوێتەوە کە ئەمە کچی ئەو ماڵەیە کە کاتی خۆی بێبەرامبەر شیریان دایە و فریای کەوتن , نەشتەرگەریەکەی بۆدەکەن , پسولەی پارەکە دەدەنە دەست دکتۆر خۆی بۆی دەدات و لەژێریا دەنوسێت : ئەو ڕۆژەی شیرەکەتان دامێ پارەکەی دراوە .

82- **لاوێکی میهرەبان :**

پیاوێك جەڵتە لێی دەدا لەبازاڕ و دەیبەن بۆ خەستەخانە , لە گیرفانیدا ژمارەی تەلەفونەکان دەردێنن و تەلەفون دەکەن بۆلاوێك و دەڵێن : باوکت ناساغە و لەخەستەخانەیە , کوڕەکەش بەپەلە دێت بۆ خەستەخانە و پیاوەکە هەرچەند لەحاڵەتی بێهۆشیدا بوو دەست دەخاتە دەستیەوە و ئەوشەوە بەدیاری یەوە دەبێت و زۆر دوعای بۆدەکات , بۆ بەیانی کە باش دەبێت , بەدکتۆرەکان دەڵێت: لەوە دەچێت بەهەڵە تەلەفونتان بۆمن کردبێت , تەئکید بکەنەوە لەژمارەی تەلەفونەکە سەیردەکەن لە شپرزەییدا ژمارەیەکیان بەهەڵە لێ داوە و ئەم دەرچووە , وتیان : جا کە باوکت نەبوو بۆلەلای مایتەوە و بۆقسەت نەکرد ؟

وتی : لەبەر خوا دڵم نەهات بەجێی بێڵم.

83- **گۆڕانکاری دەکرێت هیواتان هەبێ :**

عەمرخالید دەڵێت : من ساڵی 2001 چووم بۆ تورکیا پارەیان تەواو بێ نرخ بوو بوو یەك دۆلار بەرامبەر پێنج ملیۆن لیرە بوو , ساڵی 2011 یەك دۆلاریان بەرامبەر پێنج لیرەبوو , ئەو گەرووی بسفۆرە کە لەبەر بۆن و پیسی نەتدەتوانی پیابڕۆیت ئێستا خۆشترین جێ یە , ئەورووپا و ئیتاڵیا و زۆر وڵات ئێستا 1/4 ی ئەوەی لەماڵەکانیاندایە لەتورکیا دروست کراوە . ئیرادەیەك هاتە پێشەوە بۆ بەرەو پێش چوون , توانیان لە ماوەی دە ساڵدا بەرەو پێش بچن .

جا بەندەش کە ئێستا ئەم وشانە دەنووسم یادی بیست و دوو ساڵەی ڕاپەڕینە , بیست و دوو ساڵ تێپەڕی بەسەر زوڵم و ستەمی سی ساڵەی

بەعسیەکاندا , کەچی بەداخەوە شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ بوون بەبازرگان بەسەر میللەتەوە و ئەوەی توانیان بردیان بۆخۆیان و ئەوەی کە بەناچاریش بەپارەی میللەت کردیان بە پڕۆژە هەزاران جار دایانەوە بەچاوی خەڵکدا , هەواڵەکان دەڵێن : دەیانەوێت کەناڵی ڕووداو بکەنەوە , بۆ ئەو کەناڵە بەناو ئەهلی یە , تەنها 35 ملیۆن دۆلاری نەوتیان داوەتێ ... ئەم هەموو ملیۆن و ملیار دۆلارە لەپێناوی ئەم و ئەو و دەسەلاتدا تەراتێنی پێ دەکرێ و ڕۆژ بە ڕۆژیش ژێرخانی ئابوری کاول تر دەبێت و مافیاکانی ناو دەسەلات زیاد دەکەن , نازانم تۆ بڵێی ڕۆژێ بێت ولاتم ببێ بە ولات ؟!

زۆر لام سەیرە ئەم حکومەتە بەناو حوکمەتە بیرێ ناکاتەوە بەرنامەیەکی نیە ! ئاخر سالانە سەد هەزار زیاتر قوتابی بەشداردەبن لەتاقیکردنەوەکانی پۆلی دوانزەدا ، باشە هەموو ساڵێك ئەو هەموو قوتابیە زانکۆو پەیمانگاکان تەواو دەکەن ، ئایا وەك خۆیان دەڵێن بەدرۆی نیسان کارەکە مەیسەر دەبێت ، ئەو هەموو ملیاراتەی نەوت و داهات و بوودجە بۆ کوێ دەچێت ؟؟

نا نا ئەوان براگەورەن بۆمان کۆدەکەنەوە!

### 84- بەکەم سەیری کەس مەکە :

ژن وپیاوێکی بەتەمەن کە جل و بەرگێکی سادەیان لەبەردابوو وە خەڵکی دەرەوەی شار بوون , چوونە لای سکرتێری نووسینگەی سەرۆکی زانکۆی هارفاردی ئەمریکی کە یەکێکە لە زانکۆ دێرینەکانی ئەمریکا تا چاویان بەسەرۆکی زانکۆکە بکەوێت , زووتر مەوعیدیان وەرنەگرتبوو , سکرتێرەکە وتی : سەرۆك زۆر سەرقاڵە و ڕەنگە نەتوانێ بەم زوانە بتانبینێت , ژنەکە وتی : چاوەڕێی دەکەین , چەند سەعاتێك چاوەڕێیان کرد , هەرچەند سکرتێرەکەش پشتگوێی خستبوون , سا بەڵکو تاقەتیان بچێت و بڕۆن , ژنە و پیاوە مانەوە تا چاویان بەسەرۆکی زانکۆکە کەوت کە ئەویش زۆر گرنگی پێنەدان .

ژنەکە بەسەرۆکی وت : کوڕێکمان لێرە دەیخوێند , ساڵی پار لە ڕووداوێکدا وەفاتی کرد , هاتووین تا شتێك بکەین بۆی وەك یاداوەری لەم زانکۆیەدا , سەرۆکیش کە جل و بەرگ و شێوەیانی بینی وتی : ئێمە پەیکەر بۆکەس دانانێین لەزانکۆدا .

ژنەکە وتی : جەنابت بەهەڵە تێمانگەیشتیت , ئێمە دەمانەوێت بینایەکی بۆ بکەین و بەناوی ئەوەوە ناوبنرێت , سەرۆك بەسەرسوڕمانێکەوە سەیری کردنەوە و وتی : ئەزانن بیناکردن چەندی تێدەچێت ؟ ئێمە بیناکانمان حەوت ملیۆن و نیو دۆلاری تێچووە .

ماوەیەك بێدەنگ بوون و ژنەکە سەیری پیاوەکەی کردو وتی : ستانفۆرد کە زانکۆیەك ئەوەندەی تێبچێت بۆ زانکۆیەکی نوێ بەناوی کوڕەکەمانەوە دروست نەکەین . پیاوەکەش سەری لەقاند و ڕەزامەندبوو . سەرۆك لەمە سەرسام بوو , ژنەو پیاوە ڕۆیشتن لە کالیفۆرنیا زانکۆی ستانفۆردیان دامەزراند کەیەکێکە لەزانکۆ دێرینەکانی ئەمریکا وپلەی 15 یەمی هەیە لەئاستی جیهاندا و تائێستاش بەناوی ئەو بنەماڵەیەوەیە . بۆیە بەڕاستی هەقە بەڕووکەشی کەس حوکم نەدەین .

.

**85- وەفا و شەهامەت و عەفوو :**

لەزەمانی عومەری کوڕی خەتاب دا سێ کوڕ کابرایەك دێنن بۆلای عومەر و دەڵێن : ئەمە باوکمانی کوشتووە , عومەریش لێی دەپرسێت : ئەمانە ڕاست دەکەن ؟ دەڵێ : بەڵێ ! باوکیان حوشترێکی هاتبووە ناو مەزرەعەکەمەوە و بوو بەدەمەقاڵێمان و خشتێکم پیادا و مرد .

وتی : ئەوە دان پیانانە کەواتە دەبێت تۆڵەت لێ بسێنرێتەوە . پیاوەکە وتی : سێ ڕۆژ مۆڵەتم بدە , وتی : چۆن شتی وا دەبێت ؟ وتی : قەرزێکم لای کابرایەکە وەری دەگرم و دەیدەمە دەستی کوڕەکەم و دێمەوە , وتی : جا کێ دەبێت بەکەفیلت ؟ئەبو زەڕی غیفاری بوو بە کەفیلی و لاوەکان ڕازی بوون , سێ ڕۆژەکە ڕۆی و کابراکە هاتەوە، لایان سەیربوو لێیان پرسی : چۆن هاتیتەوە ؟ وتی : ترسام وەفا نەمێنێ , عومەر بە ئەبو زەڕی وت : ئەی تۆ بۆ بووی بەکەفیلی ؟ وتی : ترسام شەهامەت و پیاوەتی نەمێنێ . لاوەکانیش وتیان : ئێمەش عەفووی دەکەین , عومەر وتی : بۆ ؟ وتیان : ئەترسین عەفوو کردن لای خەڵکی نەمێنێت .

**86- بێ هیوانەبوون لە هیدایەتی کەس :**

(ئارنووڤان دۆرن) لەپەیجی تویتەری خۆی موسڵمانبوونی ڕاگەیاند , ناوبراو یەکێکە لەوکەسانەی کە زۆرترین دوژمنایەتی ئیسلام و موسڵمانانی کردووە لەهۆڵەندا , ناوبراو ئەندامی شارەوانی لاهای و پیشتریش ئەندام بوو لەحیزبی ڕاستڕەو کەناسراوە بەدژایەتی ئیسلام .

هەروەها ئەندازیاری کۆمپانیای ئیریکسۆنی سویدی بەناوی تۆبیاس سڤینسۆن لەمزگەوتی گەورەی شاری یۆتۆبۆری سوید موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند , ناوبراو تەمەنی 26 ساڵە و لەسەر دەستی ئەحمەد موفتی دا موسڵمان بوو , شایانی باسە تا ئێستا بەدەیان کەسایەتی سویدی لەسەر دەستی بانگخواز ئەحمەد موفتی دا موسڵمانبوون .

ئەحمەد موفتی دەڵێت : برادەرێکی بانگخوازی جەزائیری ئافرەتێکی سویدی دەهێنێ و کوڕێکی لێی دەبێت ،چی هەوڵی لەگەڵ ئەدات موسڵمان بێت سوودی نابێت ، برادەرەکە تووشی شێرپەنجەبوو ، لەگەڵ کوڕەکەیدا چوو بۆ عومرە و کەهاتنەوە کۆچی دوایی کرد .دوای ماوەیەك لەگەڵ کۆمەڵێکدا منیش چووم بۆ عومرە ، ئەو ئافرەتەم بینی زۆر لە ئێمە زیاتر عیبادەتی دەکردو لە حەرەمدا دەمایەوەو دەگریا.لێم پرسی چۆن ئاوا گۆڕایت ؟ ،وتی : کوڕەکەم کەهاتەوە وتی : لە عومرە تەنها یەك دوعام کردووە ئەویش بۆ ئەوەبوو خوا هیدایەتت بدات ، ئەوە زۆرکاری تێکردم ، بەلاّم بەداخەوە مێردەکەم نەما تا دڵی خۆشبێت بە موسڵمانبوونەکەم.

**87-ماهیر زێن:**

هونەرمەند ماهیر زێن , ئەستێرەیەکی تازەیە لە جیهانی هونەری ئیسلامیدا ,دەیەوێت لەڕێ ی مۆسیقا و هونەرەوە پەیامی خوا بگەیەنێتە جیهان .

لەتەمەنی هەشتساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەیدا لە لوبنانەوە چوون بۆ سوید , لەوێ خوێندی و چووە بەشی ئەندازیاری فڕۆکەوانی , بەهۆی حەزی زۆری لەبواری هونەرو مۆسیقا چوو بۆ نیویۆرك و لەوێ لەگەڵ گەورەترین هونەرمەندی جیهان وەك مایکڵ جاکسن کاری کرد , لەگەڵ ئەو هەموو سەرکەوتنەی بەدەستی هێنا لەو بوارەدا زۆر ناڕەحەت بوو بە

کەش و هەوای هونەرو موجامەلە ی درۆ و مەصلەحەتی کەسانی ئەو بوارە , بۆیە سەرتاپا ژیانی گۆڕی بەرە و بەرنامەکەی خوا .

**88-خوای گەورە حەلیمە :**

دکتۆر ئەشرەف پزیشکێکی میسری یەو دەڵێت : من بۆ چارەسەرکردن سەردانی ئافرەتێکی دەوڵەمەندم دەکرد کە نەخۆشی شەکرەی هەبوو , جارێك چووم بۆلای ئوتومبێلم نەبردبوو ،کەویستم بگەڕێمەوە زۆر ئیلحاحی کرد کە کوڕەکەی بمگەیەنێت , لەڕێگا کەوتینە گفت و گۆ بۆم دەرکەوت کە کوڕەکەی بڕوای بەخوا نیە و گاڵتەی دێت بەبەهەشت و دۆزەخ !

ئەوەندە قسەکانی ناخۆش بوو لەنیوەی ڕێگا وتم دامبەزێنە ...

پاش ماوەیەکی تر ئافرەتەکە تەندروستی تێك دەچێ و داوا لەدکتۆر ئەشرەف دەکەن سەردانی بکات , کە ئەمجارە دەچێت بۆلای و دەرمانی بۆ دەنوسێت و دەیەوێت بگەڕێتەوە , ژنەکە دەڵێت : بەخوا ناڕۆیت بوەستە باکوڕەکەم نوێژی خەوتنانی بکات دەتگەیەنێت , کە کوڕەکە هات دکتۆر بەسوڕمانەوە پێی وت : چی ڕوویداوە ؟ تۆ قسەکانی ئەوسات لەبیرە ؟

کوڕەکە وتی : خوا بەفەزڵی خۆی ڕزگاری کردم , لەبەرئەوەی ئیش کەم بوو ناچار لە کۆمپانیایەکی گەشتیاری کەوتمە کارکردن و زۆربەی گەشتەکانیش بۆ حەج و عومرە بوو , جارێك کە عومرە کارانم برد بۆ مەککە , وتم : خۆتان بڕۆن عومرەکەتان تەواو بکەن و لەدڵەوە گاڵتەم بە ئیحرامەکەیان دەهات ..

دواتر کە لەئوتێلەکە تەنها بووم لەخۆمەوە منیش ئیحرامم وەکو ئەوان بەست و چووم بۆناو حەوشی کەعبە , بەقەدەری (رب العالمين) یەکەم ڕۆژی مانگی شەعبان بوو , ناو کەعبە دەشۆرا , هەرکەچوومە ناو حەرەمەوە دڵم لەهەیبەتی کەعبەدا هاتە لەرزین , کەنزیك بوومەوە لەدەرگای کەعبە , یەکێ لەبنەماڵەی (بەنو شەیبە) کە بەرپرسن لەو کارە وتی : وەرە لەوە دەچێت حەز بکەیت بێیتە ناو کەعبەوە , کە چوومە ناو کەعبەوە هەستم کرد خوا ئەم فرسەتەی بۆ ڕەخساندووم , چۆن من ئێستا لەپیرۆزترین شوێنی سەر زەویدام , زۆر گریام و خوام خۆش ویست , ئەو خوایەی کە زۆر بە حیلم بوو بەرامبەر بەهەڵەکانی من .

**89-چیرۆکی داسیلفا :**

دایك و باوکی داسیلفا جیابوونەوە ، دایکی حەوت منداڵی بەخێو کرد لە پێنجی سەرەتایی بوو و ناردی لەکارگەیەکدا ئیش بکات , پەنجەی قرتا , چووە نەقابەیەکی کرێکاران و پاش 10ساڵ بووە سەرۆکی نەقابە و پاش 12 ساڵ بووە سەرۆکی هەموو نەقابەکان .

پاش سێ ساڵی تر ،پاش چوارجار خۆ هەڵبژاردن لە 2002 – 2010 توانی ببێتەسەرۆکی ولاتی بەرازیل و ولاتی پێشخست , قەرز دەدەن بە سندوقی نەقدی دەولی . هەموو جار پەنجەی بەرزدەکردەوە و دەیوت : ڕاستە من پەنجەم قرتاوە بەلام بێ هیوانەبووم .

.

.

90- **ئوتومبیلی ئیسعاف :**

ژن و پیاوێکی میسری کچە تەمەن شەش ساڵەکەیان لای دایەنەکەی بەجێ دەهێڵن و دەچن لەدەرەوە نان بخۆن , لەکاتی نان خواردنەکەدا دایەنەکە بەدەم گریانەوە تەلەفونیان بۆدەکات و دەڵێت: کچەکەتان بەزەحمەت هەناسە دەدات فریاکەون , جادەش قەرەباڵغە و شەویشە , بۆیە پەیوەندی دەکەن بە ئیسعافەوە , تا ئەمان دەگەنە ماڵەوە ئیسعافەکەش دێت و مناڵەکە هەڵدەگرێت , شەقامی سەرەکی زۆر قەرەباڵغ دەبێت و دایکەکە زۆر دەگری چونکە دەزانێت ئەگەر زوو کچەکەی نەگاتە خەستەخانە دەمرێت .

لەمەدا دەبن و هەرئەوەندە دەزانن کۆپتەرێك بەسەر ئیسعافەکەوە دەوەستێت و یەکێك خۆی شۆڕدەکاتەوە و کچە دەباتە ناو کۆپتەرەکەوە و دەیگەیەنێتە خەستەخانە .. بەڕاستی لەم وڵاتە کە (دوبەی) یە نرخی مرۆڤ ئەزانن بۆیە ئاوا خەمیانە کە فریای ژیانی کەسێك بکەون .

91- **یاریزانی ئەرجەنتینی ڕۆبەرت دی فینسترو / یاریزانی گۆڵف /**

کاتێ ناوبراو یارییەکی گۆڵفی بردەوەو چەکێکی بانقیان دایەوهاتەدەرەوە بڕوات، ژنێك هاتە بەر ئوتومبیلەکەی زۆر پاڕایەوە یارمەتی بدات ،گوایە مناڵەکەی تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە ، ئەویش بەزەیی پیاهاتەوەو چەکەکەی دایە،هەفتەی دوای ئەوە لەیانەیەك نانی دەخوارد , بەرپرسێك بەپێکەنینەوە وتی: ئەو ژنەی پارەکەت دایە , شووی نەکردووە و مناڵی نیە , فێڵی لێکردی . وتی : کەواتە سوپاس بۆخوا پارەکە ڕۆیی ومناڵێك نەخۆش نەبوو , هەواڵێکی خۆش بوو . ڕەنگە بڵێن کەسێکی نمونەیی یە , نا ئەوە کەسێکی مرۆڤ دۆستە , خۆئەگەر ئەو جارەش فێڵی لێکرابێ جارێکی تر ناتوانرێ فێڵی لێبکرێت.

92-**هاوکاری لە کاری خێردا :**

عەمر خالید دەڵێت :هاوەڵێکم تەلەفۆنی بۆکردم , منداڵێك توشی شێرپەنجەی جگەر بووە و باوکی بەشێکی جگەری خۆی دەداتێ , تێچووی نەشتەرگەریەکەی نیو ملیۆن جونەیهە , بەڵکو بزانی کەسێ نیە ئەو پارەیەیان بۆبدات , وتم : بۆ بەکەسێك ناڵێن واو وا , لام قورس بوو , دوای نوێژی بەیانی کەوتە دڵمەوە کە هاوکاری بکەم , عەیبە شتێك نەکەم ،کەوتمە تەلەفون کردن و بەدەوڵەمەندێکم وت : تکایە یارمەتی ئەو کەسە بدە حاڵەکەی وایە , زۆر بەجددی و بە گەرمی داوام لێکرد , کابرا وتی : ژمارەی باوکەکەم بدەرێ و بۆی تەرتیب کرد و نەشتەرگەریەکەیان بۆکرد.

باوکەکە تەلەفونی بۆکردم دەگریاو وتی: خوا سەرفرازت بکات کوڕەکەمت ڕزگارکرد .. هەموو گیانم مووچڕکی پیاهات و هەروەك حەجێکم کردبێ .. سوپاس بۆخوا خوا هێزی دامێ ئەو کارە بکەم , خوا (شکور)ەوهەرچی بۆ بکەی بەزیاد ناچێ ، چەند دەتوانن یارمەتی خەڵکی بدەن .

93-**هونەری ئامۆژگاری کردن :**

عەمرخالید دەڵێت : داوایان لێکردم لەکارگەیەك وتارێك بدەم لەبارەی ئەمانەتەوە بۆ کارمەندانی ئەو کارگەیە , بیرم کردەوە چی بکەم باشە , خوای گەورە ئاسانی کرد بۆم وتم : بۆردێك و ماجیکێکم بۆ بهێنن , ئنجا

کەوتمە پرسیارکردن , کە گرنگترین ڕەوشت چی یە کە پێویستمانە؟ , هەریەکە و ڕەوشتێکیان وت : وەك (ئەمانەت , ڕاستگۆیی , داوێن پاکی , دەمپاکی , و ....هتد) تا بوو بەنزیکەی سی ڕەوشت , وتم : باشە ئەگەر کەسێك سەد جونەیهی پێ بێت و بیەوێ یەك دانە لەمانە بکرێت ئەیدا بەکامیان , خستمانە مەزادەوە , لەهەموویا پێنج دانە دەرچوو , دەی دوایی بەبەشداری هەموویان یەك ڕەوشتیان هەڵبژارد کە زۆرترین ڕای لەسەر بوو ئەویش ئەمانەت بوو , ئنجا وتم : مادام هەمووان ئەم ڕەوشتە بەپێویست دەزانن . دەمەوێ باسێکی ئەمانەتتان بۆ بکەم , بەوە کە خۆیان هەڵیان بژاردبوو , باسەکەم لەبارەی ئەمانەتەوە زۆر کاریگەربوو لەسەریان .

**94- تواناکان لەخراپەدا بەکارمەهێنە :**

عەمرخالید دەڵێت : لەگەڵ ناسیاوێکما چووین بۆ شوێنێك لە قاهیرە زۆر قەرەباڵغ بوو مۆبایلەکەم لەگیرفانی چەپمدا دانابوو زۆر ئاگاداری بووم لەدزین , سەلامم لەخەڵك دەکرد و وەڵامی سەلامم ئەدایەوە , یەکێ هات و سەلامی لێکردم و باوەشی پیاکردم بۆئەوەی بمخلافێنێ ئیسفنجێك کە تەڕبوو گیرفانی ڕاستمی پێ تەڕکرد تا هەموو تەرکیز و هەردوو دەستم خەریکی لای ڕاست بێت , بەچەند چرکەیەك تەلەفونەکەمی لەگیرفانی چەپم دزی , ئنجا بەبرادەرەکەمی وت : ژمارەکەت چەندە ئەویش دەیداتێ , دوایی تەلەفونی بۆ برادەرەکەم کرد کە گوایە تەلەفونەکەم لای ئەوە و حەوت هەزار ژمارەی مۆبایلی تیایە و ئەگەر دەیەوێ بە دەهەزار جونەیە دەیدەمەوە بەخوا منالەکانم موحتاجن و زۆرم پێویست پێەتی و یارمەتیم بدە .. منیش وتم : پێی بڵێ نوسخەیەکی ئەو ژمارانەم لایە و نەمویست و پارەکەم نەدایە , بەڕاستی ئەوە کە هەموو مێشکی بۆ خراپە بەکارهێنا بۆچاکە بەکاری بهێنایە شتێکی هەر دەست دەکەوت بەڵام شەیتان گاڵتەی بەعەقڵی کرد و ئەو دزی یەی بەو شێوازە پێ کرد بەڵام هیچی لێ سەوز نەبوو .

**95-وانەیەك لە ژیشکەوە :**

لەکەناڵێکی حەیوانات دا کۆمەڵێ ژیشکی پیشان دا کە زۆریان سەرمابوو , بۆئەوەی گەرم بنەوە بەخێرایی لەیەك نزیك بونەوە , دڕکەکانی سەرپشتیان ئازاری دان و لەیەك دووركەوتنەوە , یەك دوو جار ئەمەیان کرد سەرماش تەنگی پێ هەڵچنیبوون , ئەمجارە لەیەك نزیك بوونەوە بەڵام ئەوەندەی کە بەر یەك نەکەون و دڕکەکانیان پیانەچێت بەمە گەرمیش بونەوە و ئازاریشیان بۆ دروست نەبوو .

ئەمەش وانەیەکە بۆ هەموو کوڕو کچێك کە لە فیترەتیاندایە هەوڵی بەیەك گەیشتن بدەن بەڵام سنورێك هەیە کە نابێ بشکێنرێت و ئەبێ بەپێی ئەو بەرنامەیە بێت کەخوا دایناوە و دیاری کردووە .

**96- فیلەکەت ئەی خاوەن شکۆ :**

پاشایەك خۆی لەخەڵکی دەگۆڕێ و دەچێتە ناویانەوە , سەیر دەکات خەڵکی ناڕازین و قسە بەپاشا دەڵێن , زۆری پێناخۆش دەبێت , بیر دەکاتەوە چی بکات خەڵکەکە سەرقاڵ بکات بە شتێکەوە و پاشایان بیربچێتەوە , فیلێکی گەورە بەرەڵا دەکات لەشاردا و کەس ناوێرێ بچێ بەلایدا و ئەویش ژن و منال دەترسێنێ و چی بوێ دەیخوات و چی بوێ

پانی دەكاتەوە . خەڵكەكە ژيانيان لیٚ تاڵ دەبیٚ و دەچنە لای حەكيمێك تەگبيرێكيان بۆ بكات .

ئەويش دەڵێت : دەچينە بەردەمی سوڵتان , من دەڵێم : فيلەكەت ئەی خاوەن شكۆ , ئێوەش بڵێن : ماڵ و مناڵمان ئەترسێنیٚ , من دەڵێم : فيلەكەت ئەی خاوەن شكۆ , ئێوەش بڵێن : كێڵگە و زەرعاتمان دەشێوێنیٚ و بەو جۆرە پاشا هيچمان لیٚ ناكات چونكە من تەنها باسی فيلەكەم كردووە و شتی خراپم نەوتووە , ئێوەش باسی فيلتان نەكردووە و تەنها باسی زەرەرتان كردووە .

كاتێك دەچنە بەردەم پاشا , حەكيمەكە دەڵیٚ : فيلەكەت ئەی خاوەن شكۆ , چاوەڕیٚ دەبێت خەڵكەكە بەشەكەی تری بڵێن لەترسا نايڵێن , ديسان دەيڵێتەوە سەير دەكات كەس هيچ ناڵێت , پاشا تووڕە دەبێت : هاچيتان دەوێت فيلەكەت فيلەكەت ...

حەكيمەكە دەرسێكيان دا ئەدا كە هەرگيز بيريان نەچێتەوە , دەڵێت : فيلەكەت ئەی خاوەن شكۆ تەنهايە بۆئەوەی بێزار نەبیٚ و ژيانی خۆش بێت چوار پێنج فيلی تری بۆ بهێنە , ئەويش دەڵێت : بەڕاستی فيكرەيەكی جوانە هەقی خۆيەتی , فەرمان ئەدا لە هيندستانەوە چوار پێنج فيلی تری بۆ بهێنن .

97-**هيدايەت :**

كاك بەختيار لەشاری سلێمانی دۆستێكی خۆشەويستمە بۆی گێڕامەوە كە برايەكی هەيە بيست ساڵە هانی ئەدات لەسەر نوێژكردن , كەچی هيچ سوودی نەبوو , براكەی ئەیخواردەوە و قوماريشی دەكرد و سايەقی تەكسی كەسێكی عارەق فرۆش بوو بە شەريكی . ڕۆژێك برادەرێك دوو عەلاگە ميوەی پێدەبێت دەستی لیٚ ڕادەگرێت و دەگەيەنێت تا گەڕەكی زەرگەتە و ڕەمەزان دەبێت , ئەو برادەرە هەندیٚ قسەی بۆ دەكات سبحان الله دەبێتە مايەی هيدايەتی و هەر بۆ سبەينیٚ دەكەوێتە نوێژكردن و بەرۆژووبوون , سەيارەكەی دايەوە بەخاوەنەكەی و ئێستا تەكسی مامۆستايەكی مزگەوتی پێيە دەيگێڕیٚ بەشەريكی , كاك بەختيار دەڵێت : ڕۆژیٚ گەياندميە بەڕێوەبەرايەتی باجەكان و تامن هاتمەوە كە بانگی نيوەڕۆی دابوو هەر لەسەر شۆستەكە نوێژەكەی كردبوو (سبحان مقلب القلوب) .. بۆيە باشە هەردەم قسەی خێربكەين و بیٚ هيوا نەبين سابەڵكو بەفەزڵی خوا سەرەنجامی باشی ببێت ({أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللّهُ مَثَلاً كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاء ، تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللّهُ الأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ } إبراهيم25.

98- **شيفا لای خوايە :**

دكتۆر خاليد جوبەير كە پزيشكەو نەشتەرگەری دڵ دەكات لە سعوديە و بانگخوازە دەڵێت :برادەرێكی خواناسم كە ئەهلی ڕۆژوو شەونوێژە بۆی گێڕامەوەو وتی : پار ڕەمەزان لە ڕووداوێكی ئۆتۆمبيلدا زۆر بەخراپی قاچم شكاو چوومە خەستەخانەی مەدينەوپزيشكەكان وتيان ئەبیٚ قاچت ببڕينەوە ، زۆر داوای لێبوردنم لە خوا كردو زۆر پاڕامەوە ( من لزِمَ الاستغفارَ جعلَ اللَّهُ لهُ من كلِّ ضيقٍ مخرجًا ومن كلِّ همٍّ فرجًا ورزقه من حيثُ لا يحتسِبُ ) الراوي :عبدالله بن عباس المحدث:عبد الحق الإشبيلي -

المصدر :الأحكام الصغرى - الصفحة أو الرقم892 :
صحيح الإسناد

، شەو لە خەودا حەزرەت (د.خ) پێی فەرمووم : قاچت مەبڕەوە ، بە ئیزنی خوا چاك دەبێت و بە پێی خۆت دەڕۆیت . وتم : تۆ كێیت ؟؟وتی : من (محمد) م پێغەمبەری خوا.

بۆبەیانی دكتۆر وتی : ها چی دەڵێیت ؟؟وتم :لەسەرخوا نایبڕمەوە .

سبحان الله دوای سێ رۆژ بە فڕۆكە بردیانم بۆ خەستەخانەی عەسكەری و دكتۆر موسەدید پێنج نەشتەرگەری بۆكردم و لەسایەی خواوە چاك بووم.

خوای گەورە دەفەرموێت : {وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجاً ،وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْراً } الطلاق3

هەركەس لەخوا بترسێ دەرووی لێدەكاتەوەولە شوێنێكەوە بژێوی بۆ دەنێرێ كە بەخەیاڵیدا نایە و،هەركێ خۆی بەخوا بسپێرێ ،ئەوی بەسە ، خوا بەمەبەستی خۆی دەگاو هەرچی بوێ دەیكا ، دیارە خوا بۆ هەرشتێ ئەندازەیەكی داناوە .

### 99- پاڕانەوە بۆ رۆزی :

زانایەكی سووری كەدەپاڕایەوە بۆ رۆزی دەیووت : خوایە رۆزیمان بدەرێ هەروەك چۆن رۆزی بێچووی قەلەڕەش ئەدەیت .

بێچووی قەلەڕەش تاپەڕدەردەكات سپییە و دایك و باوكی خواردنی نایەنێ چونكە لە خۆیان ناچێ ، خوای گەورەش بەحیكمەتی خۆی رۆزی ئەداتێ ، ئەویش بەوەی بۆنێكی هەیە كرم و حەشەرات دێن بەرەو لای و ئەویش دەیانخوات تا پەڕوباڵ دەردەكات ، ئەوسا دایك وباوكی خواردنی ئەدەنێ .

### 100-ئەبونەصری صەیاد :

ئەگێڕنەوە كەناوبراو زۆرهەژارو كەم دەست دەبێت ، خۆی و ژنەكەی كچەكەی هیچی وایان نابێت بیخۆن ، ئەچێ بۆلای زانایەك بەناوی ئەحمەدی مسكین ، ئەویش دەیبا بۆسەردەریاو دەڵێ دووركات نوێژ بكە و بپاڕێرەوەلەخوا ، ئنجا كە ئەوە دەكات تۆڕێكی ئەداتێ ئەڵێ بیخە ئاوەكەوە ، كەدەیخات دوای ماوەیەك ماسی یەكی گەورەی پێوەدەبێ ، ماسیەكە دەردینێ ، شێخ ئەحمەد پێی دەڵێ دەبڕۆ لەبازاڕ بیفرۆشەو نان و خواردنی پێبكڕە بۆمناڵەكانت ، ئەویش نان و خواردنی پێدەكڕێ و دێتەوە لای شێخ و ئەیەوێت نیوەی بداتێ ، شێخیش دەڵێت : ئەگەر وام بكردایە ئەوماسیە نەدەهات بۆت ، ناوبراو تێگەیشت كەچاكەی بێبەرامبەر بكات . كە گەڕایەوە بەرەو ماڵ ژنێك و كچێكی هەژاری بینی هەرچی پێبوو لەبەر خوا دای پێیان ، خەم دایگرتەوە ئنجا چی بكات وچۆن بگەڕێتەوە ، لەڕێگا كەسێكی پێگەیشت سلاوی لێكردو وتی : من ئەم برە پارەیە قەرزاری باوكتم و وا ئێستا بۆتۆم هێناوەتەوە ، پارەكەی وەرگرت و كەوتە بازرگانی كردن و دەرگای رزق و رۆزی بۆكرایەوە زۆر دەوڵەمەندبوو ، لەشوكرانەی ئەوەدا رۆژی واهەبوو هەزار دیناری ئەو كاتەی دەكرد بەخێر.

رووداوێك هەیە لەم بابەتە کە خوا شایەتە خۆم لەدەمی خاوەنەکەیم بیستووە ، دوانزە ساڵێك تەمەنم بوو ، مام حەمەئەمین ناوێکی بەتەمەن دەهاتە دوکانی باوکم لەشەقامی کاوە لە سلێمانی لەشەستەکاندا، مام حەمەئەمین بۆی گێڕاینەوە کەجارێك قەرزداردەبێ و لەماڵەوە پاڵی دابوو بە کۆڵەکەی هەیوانەکەیانەوە ، کەماڵەکەیان لەکۆڵانی مەتحەفەکەی سەرکارێزدابوو لە سلێمانی ،کاتێکی زانی لەدەرگا دراو کچەکەی چوو دەرگاکەی کردەوە ، کابرایەك بوو بەکچەکەی وت : ئەو بڕە پارەیەی باوکت قەرزاربووم وابۆم هێناوەتەوە و ڕۆیشت .ناوبراو دەڵێت: تەنها ڕەحم و میهرەبانی خوابوو ئەگینا من پارەم لای کەس نەبووتا بۆم بهێنێتەوە .

**101–یاسەمین ئەلشاوی :**

یاسەمین کەلەدایك بوو ، بەیەك لەسەر پانزەی سییەکانی هەناسەی دەدا ، بڕبڕەی پشتی بەرێکی گەشەی نەدەکرد، ئەم کچە وردەوردە گەورەبوو نەیدەتوانی بڕوات، باوك و دایك و خوشکەکەی هاوکاری باشیان کرد هەرچۆنێ بێت خوێندی وبووە وێنەکێشێکی بەتوانا ، ویستی بچێتە هونەرە جوانەکان وەریان نەگرت ، کۆڵی نەدا ودواناوەندی تەواوکردو چووە کۆلێژی هونەرەجوانەکان و ئنجا لەگەڵ ماڵەوەیاندا چووە ئوستورالیاو لەویش لەو بوارەدا خوێندی ئێستا هونەرمەندێکی بەتوانایەو لەوحاتی جوانی هەیەو لەگەڵ عەمر خالید و صوناعی حەیات دا کاردەکات وتوانی بەسەر کەم ئەندامیەکەیدا زاڵ ببێت .

عەمر خالید دەڵێت : ئەو خێزانە تێکەڵاوێمان هەیە هەمیشە ڕووگەش و گەشبین وزەردەخەنە لەسەر لێویانە.

**102-هەقی ئافرەت و منالی بێباوك:**

ئیسلام داکۆکی دەکات لەهەقی ئافرەت و منالی بێباوك ، چونکە لە دێرزەمانەوە تا ئێستاش هەقیان دەخورێت وناتوانن وەك پێویست بەرگری لەخۆیان بکەن ، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت

(إنِّي أُحَرِّجُ عليكم حقَّ الضعيفينِ :اليتيمُ ، والمرأةُ )

الراوي :أبو هريرة المحدث:الألباني - المصدر :صحيح الجامع - الصفحة أو الرقم2447 :خلاصة حكم المحدث :حسن

مامۆستا مەلا موسای بیارەیی وتی : لەساڵی 1982 لە دێیەکی شارەزوور ئیمام بووم ،ئافرەتێك پێی وتم : مێردەکەم هەرچەند حاجیشە زۆر خراپە لەگەڵمداو زۆر لێم ئەدات ، ئەمشەو پێغەمبەر (د.خ) هاتۆتە خەوم و فەرموویەتی :پێی بڵێ ئەمجارە لێت بدات کوێری دەکەین و ئەم دوو ناونیشانەشی بدەرێ ، یەکەم : کاتی حەج لەمزگەوتەکەی مندا پاڵی دابوو بە پایەیەکەوەو بۆماوەیەکی کورت خەوی لێکەوت و لەززەتێکی ڕۆحی وەرگرت ، دووەم : کە لە کلکەی باخ لای خورماڵ توتنی کردبوو چوار چەپك تووتنی لە زەرعاتی دراوسێیەکەی دزیبوو !

جا ئەگەر من پێی بڵێم ئەترسم زیاتر لێم بدات .

مامۆستا موساش دەچێ بۆلای کابراو پێی دەڵێت : ڕەسول الله (د.خ)دەفەرموێت :ئەمجارە لە ژنەکەت بدەیت کوێرت دەکات بەم

دووناونیشانە کەخوا نەبێ کەس نایزانێ ، کابرا لە ترسا یەکسەر چووە سوجدەوەو ئیتر دەستی بۆ ژنەکەی نەبرد .

**دواوتە**

**چەند قسەیەکی جوان:**

1–لەبەردەم هیچ سەرکردەیەکدا مەنوشتێرەوە و مەی پەرستە و ئەگەر خۆشیشت ویست دەری مەبڕە بۆی, بۆئەوەی خۆت نەکەی بەکۆیلە و ئەویش نەکەی بەدیکتاتۆر / غاندی

2–باسی تەندروستیت مەکە لای نەخۆشێك , باسی هێزو توانات مەکە لای بێ هێزێك , باسی باوکت مەکە لای بێ باوکێك و قسەکانت هەڵسەنگێنە, با بریندار نەکردنی هەستی بەرامبەر ببێتە بەشێك لەکەسایەتیت (د.ابراهیم الفقی) .

3–زۆر لەئێمە نازانێ چەند لەسەرکەوتنەوە نزیك بووە کاتێك کۆڵی داوە . تۆماس ئەدیسۆن (داهێنەری گڵۆپی کارەبایی) .

4– دوو ڕێگا هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕووناکی و گەیاندنی یان خۆت چرا بە یان ئاوێنە بەو ڕووناکی چرا پەخش بکە , کامیانت پێ دەکرێ باشە .

5– نووسەرێك دەڵێ : خستیانمە بوتڵێکەوە و ئنجا وتیان خۆت بگونجێنە ،ئاخر من ئاو نیم من لە قوڕی ئاسمانم , ئەگەر بوتڵەکم لێتەنگ بوویەوە یامن دەشکێم یا ئەو دەشکێ . ئەمەش نموونەی مرۆڤ وئازادییە.

6–بە دانایەکیان وت:بۆ مرۆڤ عەیبی خەڵکی دەبینی و هی خۆی نابینێ ؟ وتی : لەبەرئەوەی ئەو مرۆڤە عاشقی خۆیەتی و عاشقیش کەم و کوڕی مەعشوقەکەی نابینێ .

بەمەجنونیان وت :لەیلا چاوی تیلە ، وتی : ئاخر لە چاوی ئێوەدا وایە !

7–ئەحمەد دیدات دەڵێ : ئیسلام تۆی لەگەڵ بی و لەگەڵی نەبی هەرسەردەکەوێت ، بەڵام تۆ بەبێ ئیسلام زەرەرمەند دەبیت.

8–ئبن قەییم دەڵێ : شەوق بۆ لیقای خوا ئەو سروە فێنکەیە کە دڵ دەگەشێنێتەوە لە گڕو گەرمی دنیادا.بۆیە حەزرەت (د.خ) دەیفەرموو : اللهم انی أسألك لذة النظر الی وجهك الکریم والشوق الی لقائك.

تا بەیەکگەیشتنەوەیەکی تر بەخواتان دەسپێرم و سوپاس و ستایش بۆ خواودروودوسەلامیش لەسەر ڕەسول الله و لەگەڵ بێخودی شاعریشدا دەڵێم:

حەیاتی من ویساڵی تۆ مەماتی من فیراقی تۆ
بـەتیکە تیکە بێ دڵێ کەنەیـبێ ئیشتیاقی تۆ